سەرەکی ئەنجومەنی نیشتمانی :

○ لە ئاقی کردەوەی رابوردوو سودمان وەرگرت و ١٣ یاسامان وەدەستهێنا

○ بەوردی لە کاروباری وەزارەتەکان دەکۆڵینەوە و دەرفەت نادەین بە سەرپێچی کردەکان

لە ساڵی ١٩٨٠ ئەنجومەنی نیشتمانی لە دایك بوو بۆ ئەوەی رۆڵەکانی گەل بەشداری بکەن بۆ ئەوەی بە مافێك لە مافەکانی خۆیان هەڵسن و بە توانایێکی سەر بەستەوە نوێنەرەکانی خۆیان هەڵبژێرین بۆ ئەنجومەنەکە. خولی یەکەمی ئەنجومەنەکە چوار ساڵی خایاند دەسکەوتی گەورەی وەدیهێنا بۆ بریار دان وپەسەندکردنی (٥٧) یاسا گرنگترینیان یاسای گواستنەوە بوو .

چاومان کەوت بە دکتۆر سعدون حمادی سەرەکی ئەنجومەنی نیشتمانی بۆ خولی دووەم .

بۆ ئەوەی ئەو پرۆژەو یاسایانەمان بۆ باس کات کە لەم خولەدا باس دەکرێ .

پ :ـ بەرێز سەرەکی ئەنجومەن بە باوەڕی خۆتان ئەم خولەی ئەنجومەنی نیشتمانی بەچی جیاوازە لە خولی رابووردو ؟

و :ـ لەو باوەڕدام بە گوێرەی پەرەسەندن و نەك هیچ هۆیەکی تر وبەو پێیەی هەمیشە شتەکان بەرەو پێشەوە دەچن ئەنجومەنی نیشتمانی ئیستاکە ژمارەیەکی زۆرتر لە رۆشنبیرانی گرتوەتە خۆ لەوەی لە ئەنجومەنی پێشو لە سەرجەمی (٢٥٠) کەس (١١٩) ئەندام شەهادەی زانکۆی بەرەو ژوورترینان هەیە بە بڕوای من ئەم ژمارەیە بەرزترە لە ئەنجومەنی پێشو . هەروەها ژمارەی ئافرەتان بەرز بۆوە ونێستا کە لەم ئەنجومەنەدا (٣٣) ئەندامی ئافرەت هەیە . ئەنجومەنی ئیستاکە سوود وەردەگرێ لەتاقی کردنەوەی ئەنجومەنی رابووردو .

پ٢ :ـ ئەو دەسکەوتە گرنگانە چین کە ئەنجومەن لە خولی یەکەمیدا پێی هەڵساوە وەکو بڕیاردانی ژۆو باساکان وهتد .. ؟

و :ـ سەرەکی ئەنجومەن :ـ

لەخولی یەکەمی ئەوومەندا وەکو لە یادم بێ (٥٧) یاسای ئەنجامدا و بڕەوی ناوخوی داناو هەرەها دامەزراندنی رێبازی ئیشردن . ئەمەش دەسەوتێکی گەورەیە بۆ ئەنجومەنی پێشو .

پ٣:ـ ئایا بەرای بەرێزتان ئەنجومەنی نیشتمانی وەکو تاقی کردنەوەیەکی دیموکراتی سەردەمێ لە چاودێر کردنی دەزگاکانی راپەراندنی دەولەتو چۆن ئەم تاقی کردنەوەیە دەنرخێنن ؟

و :ـ سەرەکی ئەنجومەن :ـ

ئەنجومەنی نیشتمانی

ئیستا دەتوانێ کاروباری وەزارەتەکان بپشکنێ و بانگی وەزیرەکان بکات و لە بەردەمیدا رابوەستن بۆ لێکۆڵینەوە لە کارو بارەکانیان ئەمەش بە پێی یاسا دەتوانێ باوەڕ بە سەنتەوە لەو وەزیرەی کاروبارەکانی بە گوێرەی دل نەبێت و دەستکراوە بەزنجیرەیەك لێکۆڵینەوە لە کاروباری وەزارەتەکان . وتا ئیستا وەزیری گواستنەوە و رێگاوبان و وەزیری دەرەوە لەبەردەم ئەنجومەندا ئامادە کراون . بۆ نموونە کاتێك لەگەڵ بەرێز وەزیری گواستنەوە و رێگاوباندا دەکۆڵرایەوە ئەندامان نزیکەی ـ٢٥٠ـ پرسیاریان ئاراستەکرد سەبارەت کاروبارەکانی ئەو وەزارەتە کە وەزیرو یاریدەرەکانی وەڵامیان دابەوە ، بەو جۆرە بە درێژی کاروباری ئەو لێژنانە دەپشکنرێ وبەو بڕۆگرامە بەردەوام دەبێت تا وەکو هەموو کاروباری وەزارەتەکە تەواو دەکات .

پ٤ :ـ گرنگترین ئەو پرۆژەو یاسانە چین لە نەخشەی ئەنجومەن کە دەخرێتە پێش چاوو لێی دەکۆڵرێتەوە وئەنجاش لەسەر ژمارەیەك ئەو پرۆژانە بڕیار دەدرێ ؟

و :ـ سەرەکی ئەنجومەنی نیشتمانی :ـ

من ئەو پرۆژانەم لەبەرنەکردوە کە دەخرێتە بەردەم. ئیستاکە بڕە کاروبارێکی گەورە هەن. تا ئیستاکە (١٣) یاسامان ئەنجام داوەومیزانیەی گشتی دەوڵەتمان لێکۆڵیوەتەوەو هەروەها پلانی بازرگانی دەرەوەو پلانی بەرهەمهێنانی ساڵانە، ئەمەگرنگترین سێ بەڵگەنامەی رێکخستنی ژیانی ئابووری وبازرگانی و دارایی دەوڵەتن. لەو باوەڕەدام لە قۆناغی داهاتوودا زۆرتر دەسکەوت دەکەین، لەماوەی رابووردودا هەندێ وەختمان بەسەر برد بۆ کاروباری هەڵبژاردنی لێژنەکان و تەواوکردنی دارای ئەنجومەنەکە .

پ٥:ـ دەربارەی بەشداری کردنی ئافرەت چییە لە ئەنجومەنەکەدا؟

هەروەکو رچاوکراوە ئەندامە ئافرەتەکانی ئەنجومەنەکە چالاکن و لەهەموو لێکۆڵینەوەیەکدا رۆڵێکی گەورەیان هەیە لەئەنجومەنەکەی ئێمەش لە زۆر کاروبار پرسیان پێدەکەین. سەرەکی یەکێتی گشتی ئافرەتانی عێراق ئەندامی ئەنجومەنەو زۆربەی ئەندامەکانی یەکێتیەکەی لەگەڵ دایە ، ئەمەش مەسەلەیێکی گرنگە لە ئەنجومەنەکەدا .

ذکریات محمد حسن

بروسکەو

چەپکە گوڵی پیرۆزبایی بۆ رۆژنامەی »هاوکاری«

بەبۆنەی بیرەوەری ١٥ ساڵەی لەدایك بوونی رۆژنامەکەمانەوە «هاوکاری» لەبەرێزان ئەمیندارییرۆشنبیری و لاوان مامۆستامحمد امین احمدو هاوری رازگری سەرکردایەتی لقی حزبی بەعسی سۆشیالست ئەدریس قصاب باشی و سەرەکی یەکیتی ئافرەتانی عیراق لقی هەولێرخاتو امل محمد اسماعیل وەچەپکە گوڵی پیرۆز بایی پێگە یشت هەروەها بروسکەی پیرۆزبایی لەدەستەی نووسەرانی ئاژانسی دەنگوباسی عیراقەوە ، رێزو سوپاس بۆ هەمووان و جەژن و سەرکەوتنی زیاتر بۆ گەلی عیراق لەسایەی رابەری گەل صدام حسین ی پالەواندا .

بەیاننامەیەکی کۆتایی کۆنگرەی ئیستسنائی پارتی شۆڕشگێڕی کوردستان

رۆژی ١٩٨٥/١/١١ پارتی شۆڕشگێڕی کوردستان کۆنگرەی ئیستسنائی خۆی بەست لە بارەگای مەکتبی سیاسی لە بەغدا بەپێی بڕیاری لیژنەی مەرکەزی بە تێکڕا لە کۆبوونەوەی رۆژی ١٩٨٥/١/٥دا بۆ مەبەستی روونکردنەوەی ئەو چارەسەرکردنانەی کراون دەرهەقی هەردوو بەرێز عبدالستار طاهر شەریف (سکرتێری لیژنەی مەرکەزی) پێشوو ئیسماعیل محمد عبدالقادر (ئەندامی لیژنەی مەرکەزی) پێشوو هەڵبژاردنی (٣) ئەندامی ئیحتیات بۆ لیژنەی مەرکەزی بۆ تەواوکردنی ژمارەکە بەپێی پرۆگرامی ناوخۆی .

لە کۆنگرەکەدا هەڤاڵان ئەندامانی کۆنگرەی نیشتمانی یازدەهەم ئامادەبوون کە ژمارەیان (٣٠) ئەندامن لە سەرجەمی ٤٢ ئەندامو ١١ ئیحتیات ئەوانەی لیژنەی مەرکەزی وەکو ئەندامی ئەسڵی بانگیانی کردبوو لە جیاتی ئەندامە دەرکراوەکان لە رێزی پارتی .

بەوە ژمارەی ئەندامانی کۆنگرە گەیشتە ٤١ ئەندامو هەڤاڵێك ئامادە نەبوو لەبەر هۆیەکی لەبار .

پێش دەسکردن بەکاروباری کۆنگرەکە ئامادەبووان دەقیقەیەك بێدەنگ راوەستان بۆ ماتەمینی لەسەرگیانی شەهیدە دلێرەکانمان ، شەهیدانی نەبەردی و خۆبەختکردن شەهیدانی قادسیەی صدامی نەمر . ئەنجا هەڤاڵ مجید رشید الجباری سکرتێری لیژنەی مەرکەزی راپۆرتی لیژنەی مەرکەزی خوێندەوە . وە بریتی بوو لە هۆیەکانی دەرکردنی هەردوو بەرێز عبدالستار طاهر شەریف و اسماعیل محمد عبدالقادر لە ئەندامیەتی لیژنەی مەرکەزی و ئەندامیەتی پارتی وەدەرکردنیکی هەتا هەتایی .

ئامادەبووانی کۆنگرەکە بریاریاندا لەسەر ئەو چارەسەرکردنانەی دەرهەقی هەردوو لە کۆبوونەوەی فراوانی لیژنەی مەرکەزی بەرواری ١٩٨٤/١٢/٣١ .

پاش ئەوە (٣) ئەندامی ئیحتیات هەڵبژێردرا بۆ لیژنەی مەرکەزی . (١٦) هەڤاڵ لە رێگەی هەڵبژاردنی نهێنی راستەوخۆوە هەڵبژێردران بۆ ئەندامی ئیحتیاتی لیژنەی مەرکەزی لە جەوێکی دیموکراتی و گیانێکی بەرزی هاوڕێیانە هاتەکایەوە .

بۆ هەڵبژاردنی خاوەن تواناو لێهاتوو . پاش جیاکردنەوەی دەنگەکان هاوڕێیان انور عزیز طەو نوری سعید عبدالله و محمد صالح عزیز ئەندامی ئیحتیاتی لیژنەی مەرکەزیان بردەوە .

له کۆتایی کۆنگرەکەدا ئامادەبووانی کۆنگرەکە بروسکەیێکی وەفاداریان بەرزکردەوە بۆ هاوڕێی تێکۆشەر صدام حسین خوا بپارێزی رەمزی یەکێتی نیشتمانی عێراقی سەربەرزو بەتوانامان بەڵێنیاندا بەرێزی بۆ پێش کەشکردنی بەخشیشی گەورەوگران و بەخشینی خوێن پاك و تازە بۆ جەنگە پیرۆزەکەمان بۆ تێکشکاندنی دەسدرێژی رژێمی ئێرانی درندەو پاراستنی ئەو راسپاردە مێژوویەی سەرشانی هەموو عیراقیەکی بەشەرەف و بەغیرەت بۆ پاراستنی یەکێتی نیشتمانی چەسپاومان و دەسکەوتەکانی گەلی عیراقی مەزنمان کە لە ساڵەی شۆڕشی ١٧ ـ ٣٠ تەمووزی نەمردا هاتۆتە کایەوە .

هەروەها کۆنگرەکە نارەزای خۆی دەربڕی بەرامبەر ئەو تاوانە چەپەڵانە نامرۆڤایەتیانەی رژێمی خومەینی بۆگەن بە کوشتنی دیلەکانمان .

ئەی هاوڕیبانی تێکۆشەر :

لەم قۆناغە ناسکەی کە وولاتی خۆشەویستمانی پێدا دەڕوات لە کاتێکدا بیرۆزترین جەنگ دەکات کە بەسەریدا سەپێنراوە . ئەرکی نیشتمانی ئەتەوەیی وا پێویست دەکات هەموو یەکبگرین و رێزەکانمان جووت بکەین و ئیلتیزامی بیروباوەڕی یەکێتی نیشتمانی و برایەتی ئەتەوەی عەرەب و کوردو کەمایەتیەکانی ترمان هەبێت بۆ وەدەستهێنانی ئامانجەکانی گەلی عێراق بۆ سەرکەوتنی هەتاهەتایی بەسەر دەستدرێژی زۆرداری و هەموو کون و کەلەبەرێك ببەستین کە ئمپریالیزم و زایۆنیزم و بە کرێگیراوەکانی هەوڵ دەدات لێیانەوە بێتە ژوورەوە بۆ ناوچەکەو کۆسپ خستنە بەر کاروانی گەل و شۆڕشە سەرکەوتووەکەمان کە هاوڕێی تێکۆشەر مەهیب روکن صدام حسین سەرکردایەتی دەکات .

لە هەمان کاتدا داوا دەکەین لە تێکۆشەرانی پارتەکەمان و جەماوەر بۆ چڕکردنەوەی هەوڵ و تەقەلاو چەسپاندنی ووزەو تواناکان تاوەکو دەگاتە رادەی ئەو لێپرسراویەی خراوەتە ئەستۆی هەر یەکێك لە ئێمەو زیاترو زیاتر بچنە نێو رێزەکانی جەماوەری کوردەوە بۆ کۆبوونەوە لە دەوری ئالای شۆڕشی ١٧ ـ ٣٠ تەمووزی مەزن و سەرکردە دەگمەنەکەی هاوڕێ صدام حسین و کارکردن گیانێکی هاوڕیەتی بەرزەوە بۆ پاراستنی یەکێتی بیروباوەڕی پارتی شۆڕشگێڕی کوردستان و پاراستنی بیروباوەڕو ئامانجەکانی و قووڵکردنەوەو پتەوکردنی کاری بەرەی لە نێوان ئەو لایانانەی بەشدارن لە بەرەی نیشتمانی و نەتەوەی پێشکەوتنخوازدا .

بۆ پێشەوە ..

پارتی شۆڕشگێڕی کوردستان
مەکتبی سیاسی
١٩٨٥/١/١٢

کارتێت پیرۆزباییی ئەیلیسێت دەوکێ

شبستو سێ با پێك ئینانا پۆلیسا عیراقی مە ئەف چاڤ پێکەفتنە گرگەل هندەك ریڤە بەرێت پولیسا ل دەوکێ :

عەقید تیمور قادر عبدالکریم :

ریڤەبەرێ پولیسا دەوکێ گوت : ـل گەل سەرکەفتنێت گەلێ عیراقی و پشەرف ترین شەڕی پاراستنێ دکەت دژی رژیما ئیرانی و د سەر گەلێ عیراقێ را د بوریت بیرهاتنا شیستو سێ ب پێك ئینانا پولیسا عیراقی هندی بشکا پولیسی یە ل ژێر بیبەرا شورەشا ١٧ـ٣٠ تیرمەها بیروز گەلەك پێشڤ چونەکا مەزن کر ب هەمی لایەکی ڤە مندی پولیسن ئەفرو خودانن د ئامادە هەر وەختەکی بو خو کوری کرنێ بوڤی وەلاتی و هەر دەم دێ هەر چافەکێ ڤەبوی بن بو ئیمناهیا ناف خویی و ل دیماهیێ سلافەکا گەرم بو سەروکاتیا پارت و شورەشێ و سەروکێ هێژا صدام حسین .

عەقید جهان حسین :

ریڤەبەرێ جنسی یا ل دەوکێ .

ب بیرهاتنا جەژنا پولیسا ئەز سلافەکا گەرم و بیروز ب بێك ئینا بەکەمین فەصیل یا پولیسێت عیراقی ئەمسلافە کا گەرم و شورەش گێرانە د هنێرم بو سەروکی قوماندار صدام حسین قوماندارێ گشتیێ یێ هێزێت جەکدار وئەم ئەهدێ د دەینە قوماندار یا سیاسی کو هەر دەم دلسۆز بین بو بیرو باوەریێت شورەشا خویا بیروز و بو پارتا خو بارتا بەعسا عەرەبیا هەق بشکی هەتا کو بسەرکەفتنی باهێی دکەم بو قوماندار یا پارت و شورەشێ ب سەروکاتیا سەروکی هێژا صدام حسین ئەم ئەهدێ دکەن هەر بمینن سەربازێت خو کوری کرنێ بو پاراستنا عیراقی هەتا کو سەرکەفتنا دیماهیێ بجە بینین دژی رژیما ئیرانی خوێن رێژ .

موقەدەمێ پولیسا عبد السلام محمود علي .

ریڤەبەرێ پولیسا زاخو ب بیرهاتنا شیست و سێ بسەرکەفتنا دیماهیێ دژی دوژمنی ئیرانی .

موقەدەمێ پولیسا عبد السلام جبرالله :

ب بیرهاتنا ٩ کانونا دووێ جەژنا پولیسێت عیراقی ئەس سلافەکا گەرم د هنێرم بو سەروکاتیا پارت و شورەشێ و بو سەروکێ قوماندار صدام حسین و ئەم ئەهد کەین بو قومانداریا خو یا هێزا کو هەر د ئامادەینە بو خو کوری کرنێ بو ڤی وەلانی و بو بسەر کەفتنێ دژی رژیما خومەینی .

رائد قاسم احمد مصطفى:

ئەفسەرێ توجیها سیاسی ب بیرهاتنا شیست و سێ ب پێك ئینانا پولیسا عیراقی سلافەکا کەرم ئەس د هنێرم بو سەروکێ تیکوشەر صدام حسین هندی بشکا توجیە سیاسی یە کار و بارەکێ کەلەك گرنگە بو بەلاڤ کرنا بیر و باوەرێت شورەشا مەیا مەزن شورەشا ١٧ـ٣٠ی تیرمەها بیروز و پارتا مەیا قوماندار پارتا بەعسا عەرەبیا هەڤدێ د دەینی لسەر خو کو ئەم براستی ببینە نوبەدارێت ئیمناهیا ناڤ خویی و ئەم د ئامادەینە ببینە بێشیك بو پاراستنا ڤی وەلاتی دژی رژیما ئیرانی یا خوین خوار و سلافەکا شورەش گێرانە بو هەمی شەهیدێت قادسیا صدام یێت نەمر .

جسیم ابراهیم دوسکی
لقی دهوك

بانگەواز بۆ لە دایك بوونی ١٩٤٧و

بەرەوژوور

بەرێوەبەری « تعبیئەو احصاء » لە وەزارەتی بەرگری بەیاننامەیەکی دەرکردوە بەو پێیە موکەلەفەکانی لەدایك بووی ساڵی ١٩٤٧و بەرەو ژوری بانگ کردوە کە ئیستا لەخزمەتی عەسکەریدا نین سەر لە تەجنیدەکانیان بدەنو ئەمەش دەقی بەیاننامەکەیە :

بەناوی خوای گەورەو بەخشندەوە

بەیاننامەی ژمارە ٥٤ی ساڵی ١٩٨٥

لەبەرێوەبەرێتی « تعبیئەو احصا »ەوە لەوەزارەتی بەرگری .

بەپێی ئەحکامی بەندی (ج) لە برگەی (١)ی مادەی (١٥)ی یاسای خزمەتی سەربازی ژمارە ٦٥ی ساڵی ١٩٦٩ معدلو بۆ راپەراندنی ئەحکامی بریارەکەی ئەنجومەنی سەرکەدایەتی شۆڕش ژمارە ١٣٤٠ لە٦ی کانوونی یەکەس ١٩٨٤ بریارماندا بە :ـ

١ـ بانگ کردنی موکەلەفەکان لەلەدایك بووانی ١٩٤٧ەوەو بەرەو ژور لەوانەی ئیستا لەدەرەوەی خزمەتی عەسکەریدان سەر لەدائرەکانی تەجنیدەکانیان بدەن لەماوەی ٧ رۆژەوە لەدەرچوونی ئەم بەیاننامەیەمانەوە بۆ ئەوانەی لەناو وڵاتدان و ١٥ رۆژ بۆ ئەوانەی لەدەرەوەی وڵاتن

٢ ـ ئەم بەیاننامەیە دایك بووانی دیارکراو ناگرێتەوە کەئیستا لەخزمەتی عەسکەریدان .

عمید

و / بەرێوەبەری تعبیئەو احصاء

ئەوەبوو بریارەکەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ژمارە ١٣٤٠ لە ١٩٨٤/٢/٦ دەقەکەی ئەمەبوو : ئەو موکەلەفانەی خزمەتی ئیحتیات دەیانگرێتەوە بانگ دەسمەین بۆ خزمەت لەوانەی لەوەبەر بانگ نەکرابوون لەبەر بەردەوامیان لەخزمەتی ئیلزامیدا بەر لەبانگکردنی موالیدەکانیان بۆ خزمەتی ئیحتیات .

بروانە ل ١١

Institut Kurde de Paris

هەرجارەی نووسینێك

مجەوەر نووسین

حیدر عبدالرحمن

هەندێ لە برادەرە نووسەرەکان ، بە ناوی دەولەمەندکردنی نووسینەکانیان ، هەزارویەك بابەت تێکەهەڵکێشی یەکدی دەکەن ، نووسینێکی بە پینەو پەڕۆی هەمەرەنگەی وا دروست دەکەن ، کە سەروگێلاکی کۆمەڵە بابەتێکی بەنرخو بەهای پێ دەشکێنن ، کە هەر یەکەو لەو بابەتانە پێداویستیان بە هەڵوێستەیەکی بە پێزهەیەو لێکۆڵینەوەیەکی دوورو قولیان دەوێ ، لە ئاکامدا بابەتێکی بێ ئەنجام دەهێننەکایەوە کە خوێنەر هیچیان لە حاڵی نابێو سوودێکی ئەوتۆشیان لێ نابینێ .

با ئەوەتە هەندێ مەسەلەی لابەلایی دەئاخننە ناو بابەتەکەیان ، نەکەم نەزۆر پەیوەندیان بە مەسەلە جەوهەریەکەوە نییەو تەنیا بە مەبەستی فرەوان کردنی قەبارەی نووسینەکانیان ئەم ڕیایی‌یە دەکەن !

لەبەر هەژاری ڕۆشنبیری‌و هەناسە کورتی‌یان بەرامبەر بەو بابەتەی کە هەڵیان بژاردوە دێن هەندێ سەرچاوە دەگۆڕنە سەر زمانەکەمان‌و بە زۆرەملی دەیخەنە گەردنی بابەتەکەو بەسەری‌دا دەسەپێنن ... نموونە بۆ ئەم ڕواڵەتە زۆرە ، لەوانە ، برادەرێکی نووسەر هاتووە گوایە شانۆگەریەکەی هونەرمەند ـ طلعت سامان (خانزادێکی‌تر) هەڵ دەسەنگێنێ ، جارێ بێ‌ئەوەی بپرژێتە سەر جەوهەری بابەتەکەی ، هەر لە ئەرەستۆوە پێداهاتووە هەتا دەگاتە پەیمانگای هونەرە هونەرە جوانەکانی سلیمانی ، مێژووی شانۆ ، جیهانی ، شانۆی ئەوروپی ، فەلسەفەی ئەرەستۆ ، کەلەپورو شانۆی نوێ ، زۆرەها بابەتی تری ئاخنیوەتە ناو نووسینەکەی ..

کەچی بابەتە ڕەسەنەکە کە (خانزادێکی‌ترە) تا نزیکەی تەواوبوونی نووسینەکە لە بیرکراوە ، ئینجا لە پڕێکا بەئاگا دێتەوەو وەك بڵێی بپرسێ : « بەراست خۆ ئێمە دەمانویست باسی خانزاد بکەین ! »

لەراستی‌دا نووسین کارێکی ئەوەندە سەرپێی نییە تەنیا بۆ پڕکردنەوەی لاپەڕەی سپی بێت ، دەبێ ئێمە ئەم ڕێگەی نووسینەوە شێتێك بڵێین کە خەڵکی تامو چێژ لە قسەکانمان وەربگرێ‌و سوود لە بۆچوونەکانمان ببینێ ..

با هەر نووسینی ئەو برادەرە بە نموونە بهێنینەوە بزانین تا چ ڕادەیەك لەگەڵ ئەم قسەیەمان یەکدی دەگرنەوە ..

تۆزێکیش بە ووردی پێیدا بچینەوە .. بابزانین چی لێ تێدەگەین ..! دەفەرموێ : (زۆرەملەی بۆ سایە دانە بە هیمایەکی دروشمکاری نا ئاسایی‌و لاکوت لە هەوڵ دانی‌دا بۆ دەرباز کردن‌و ڕەوادانە گیروگرفتی هەڵەیەکی گەورەی سەر ئەنجامی ڕەوشتێکی چەوتی نارەوای بە ئاگا بۆ مەیاندنی واقع‌و هتد ..)!!

یا کە دەڵێ : (مەرج لێرەدا بوونی هۆیەکانی خوودی‌یە لە خۆ تێهەڵکێشانیدا بە تاقی‌کردنەوەکانی کەڵك وەرگرتن هەروەکو جورج تومسن .. هتد)!

دیسان دەڵێ : (لێرەدا شانۆ ناگۆزرێتەوە چە هۆی دەتێك یا هونەرمەندێك‌و هات‌و چۆکردنی تیپێك‌و زیاتر)! دڵنیام ئەوەی ووتارێکی وا بخوێنیتەوە ، گومان لە خۆی دەکات کە زمانەکەی خۆی لەبیر چۆتەوە ، بۆیە لەگەڵ شوێنا سەری لەو چەشنە ـ عیبارەتانە ـ دەرناچێ ، زوو دەرك بەوە ناکا ، کە نووسینێکی ئاڵۆز ، سەری لێ ئاڵۆز کرذوە !

هاوکاری
کیژولەی
نازیزی
« هاوکاری »

کیژولەی نازدار «هاوکاری»ئیبراهیم عزیز هەفتەی ڕابووردوو پیرۆزبایی‌نامەیەکی جوانی ناردبوو بۆ یادی ١٥ ساڵەی لەدایك‌بوونی «هاوکاری» ڕۆژنامە.. وێنەکەی لەگەڵ نووسراوەکەدا نەگەیشت ... درەنگ گەیشتە دەستمان دڵی کیژولەی نازیزمان ناشکێنن‌و وا لێرەدا وێنەکەی بێشکەش‌دەکەین .

هەموو ڕۆشنبیرێکی کورد قەرزاری «هاوکاری» یە

● « هاوکاری » وەك‌ڕۆژنامەیەکی سیاسی هەفتانە توانی لەماوەیەکی زۆر کورت دەوری خۆی‌بگێڕێ‌و لەناو دەستە خوشکەکانی‌دا شوێنی خۆی بکاتەوە .. کە « هاوکاری » ئەمڕۆ بەم هەموو تەمەنەوەدەبینین گۆڤاری « گەلاوێژ »ی ئازیزمان بەبیردێتەوە کە ئەویش لە مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردیدا مۆمێکی گەش‌بووە ... گرنگ ئەم چەند . ساڵەی « هاوکاری » پێدارۆیشتووە بە ساڵی زێرین لە تەمەنی ئەم‌ڕۆژنامەیە دەژمێردرێت ... لە کاروانی سیاسەتی‌عیراق‌و کوردو جیهان شوێن پێی دیارەو بۆتە گۆڕەپانی قەڵەمە خێرخوازەکان بۆ بەرگری‌کردن لە حەق‌و لەئینسانیەت‌و لە عیراقیەت ..

● کارگەرە بەجەرگەکانی« هاوکاری » وەك سەربازێکی نیۆ سەنگەرەکانی‌هەرەپێشەوەی جەنگ ، دلێرانە هەر لە یەکەمین‌ڕۆژەوە بەقەڵەمە ئازاکانیان نووسیان « ڕژێمی خومەینی‌خوێن‌ڕێژ هیچ کاتێك خۆی لەبەر زەبرو زەنگی عیراقی‌یەکان رانا گرێ » .. ئەمەیە هەڵوێستی قارەمانیەتی‌کارگەرانی « هاوکاری » بۆیە پێوبستە هاوکاری بێت بەراپۆرتێکی ڕۆژانەی هەموو خوێندەوارو ڕۆشنبیرێکی‌کورد ...

● خۆ «هاوکاری» ئەوچرایە گەشەیە کە بەدەیان شەوی تاریکی ڕونـاك‌کردۆتەوەو لەسەر لاپەڕەکانیا یادی دەیان ئەدیبی کوردی‌کردۆتەوەو دەیانی تری پێ‌گەیاندووەو هەندێك جار بۆتە (خەمکی خەمان)ی ئەدیب‌و نوسەران بەتایبەت‌لە گفتوگۆی (ڕوانگەو نوێ خوازی‌دا)و پێ‌گەیاندنی دەیان‌ئەدیب‌و شاعیری ئەمڕۆی گەنج.. «هاوکاری» قەرزی‌لەسەر هەموو ڕۆشنبیرێکی کوردە، یاخوا «هاوکاری» هەرئەو «هاوکاری»یە پیرۆزە بێ کە تاکو ئێستا هەر بە پیرۆزی‌ماوەتەوە...

محمد محی‌الدین محمد

کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی کورد لە شەقڵاوە

لە چوارچێوەی بایەخ پێدانی زیاتری بەرەو پێشەوەبردنی باری هونەری‌و بۆ بە پەرەپێدانی ئەم بزووتنەوەیە ، لەم چەند ڕۆژانەی دووایی‌دا بریاری کردنەوەی بەشی کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی کورد لە شەقڵاوە دەرچوو ...

وە لە لێدوانێکی بەڕێز کاك عبدالوهاب تالەبانی سەرۆکی کۆمەڵەی هونەرەجوانەکانی کورد ئەوەی دەرخست کە کرونەوەی‌کۆمەڵە لە شەقڵاوە هەنگاوێکی نوێ‌یەو جێگای‌خۆیەتی دەستی ڕێز بۆ ئەو بەڕێزانە درێژ بکەین کە‌تەقەللای بەردەوامیان نواندووە بۆ پشتگیری‌کردنی‌کۆمەڵەو ئاسۆی پەرەپێدانی بزووتنەوەی هونەری لەناوچەکەدا بەتایبەتی ئەمیندارێتی گشتی‌ی‌ڕۆشنبیری‌و لاوان‌و لقی هەولێری حزبی بەعسی‌عەرەبی سۆشیالیست .

یانەی هونەری لاوانی سلێمانی

یەکەم پێشانگای هونەرمەند ئازاد صابرمحمدی کردەوە ...

لەهۆڵی موزەخانە لەڕۆژانی ١٤ تا ٢٠ی ـ١٢ـی ساڵی ١٩٨٤ بەسەرپەرشتی یانەی هونەری لاوانی سلێمانی یەکەم پێشانگای هونەری هونەرمەند ئازاد صابر پێشاندرا ، تیایدا ٥٥ تابلۆی هەمەجۆر دیدەی بینەرانی پێشادبوو ، کە زوربەیان بەئەرکی هونەرمەند خۆی لەچوارچێوە گیرابوون ، پێشانگاکە بەرهەمی سێ‌ساڵەی قوتابی هونەرمەندە ، ئەم هونەرمەندە لایەنێکی گرنگی‌تە بەر لەکاری‌کردندا ، ئەوەش دیارخستنی ڕەنگە ، کەزۆر بەزەقی لە تابلۆکاندا کردنەوەی پێوە دیاربوون ، کەچەند قوتابخانەیەکی هونەری تێکەڵاو کردبوو ، بەتایبەتی لەبەکارهێنانی ڕەمزدا ..

هەروەها ئەم هونەرمەندە، ناونیشانی بۆ هیچ تابلۆیەك دانەنابوو ، تاوەکو بنیەران هەریەکە لەئاستی خۆیانەوە ناونیشان بۆ بەرهەمەکان هەڵبژێرن .

ـ ئازاد ـ

ئاوڕێك لە رابووردوو

ڕۆژنامەی «ڕۆژی کوردستان» کەوا [ڕۆژنامەیەکی ئەدەبی ، سیاسی ، کۆمەڵایەتی ڕەسمی بووە ، هەفتەی جارێك لە شاری سلێمانی دەرچووە ، خاوەن‌و لێپرسراوی م. نوری بووە ، تەنیا ١٥ ژمارەی لێبڵاوکراوەتەوە] ، لە ژمارە ای ساڵی یەکەمی ئەم ڕۆژنامەیەدا کە لە ڕۆژی چوارشەممە ١٥ـ١١ـ١٩٢٢ دا دەرچووە ئەمانەی خوارەوەمان بەرچاوکەوت :

[تەشریف]

بێگباشی جەنابی ساڵم زەکی بەگ کە یەکێکە لە ئەذکیاو وەتەن پەروەرانی کورد ، لەمەوپێش لە عەقرە قایمقامی مولکی بووە ، بەحزەن بۆ خزمەتی وەتەن‌و میللەت ئیستیعفای کردووەوەهەتەیەك لەمەوپێش تەشریفی هێناوەتەوەسلێمانی ، بەخێرهاتنی دەکەین .

[دیوانی مەحوی]

دیوانی ئەشعاری شاعیری‌مەشهور مەحوی ئەفەندی کە عیبارەتە لە ٨٢ سەحیفە لەمطبەعەی سلێمانی‌طبع کراوەو نوسخەی بە دوو ڕوپیەیە ،ئەسحابی زەوقی سەلیم‌و موحبانی ئەدەبیاتی کوردی‌ئەم فرسەتە نەفەوتێنن ، موراجەعەت بە مطبعەی‌حکومەت بکرێت .

«سامان» ئامادەی ئەکات

جیهانی منداڵان

چیرۆك بۆ منداڵان

دارگوێز

«خواستی» وێنەی دارگوێزێکی لەپەڕەیەکی دەفتەرەکەیدا دروست کرد. لە پێشدا بەفەلەمێکی خاکی باڵای دار گوێزەکەی دروست کردو ئەنجا ڕەگەکانی لە ناخی زەویدا چەسپاندو بەپەڵ‌وپۆو لق‌و چڵ ڕازاندی‌یەوە ... ئەنجا بە قەلەمێکی کەسك گەڵای گەورەو زلزلی بەلق‌و چڵەکانەوە لکاند ... ئەنجا (خواستی) هەستی کرد خەوی دێ‌و خەریك بو دەفتەرەکەی داخات‌و بڕوا بخەوێ ... لە پڕ دارگوێزەکە بانگی کرد :

ـ خواستی گیان بۆ بە جێم دێلی ... !!

خواستی وەڵامی دابەوە :

ـ خەوم دێ دەڕۆم دەنووم ...

دارگوێزەکە پیسان گوتی:

ـ بەر لەوەی بنووی دەبێ وێنەکەم تەواوکەی ...!

پێی وت :

ـ تەواوم کردووی ... ئەوە ڕەگ‌و ئەوە بالاو ئەوانەش گەڵاو لق‌و پۆپەکانتن .. ئیتر چیت دەوێ بێکەم ها... !!

دارگوێزەکە بە خەمباری‌یەوە وتی :

ـ خواستی گیان دەمەوێ پەڵ‌وپۆکانم پڕکەی لە گوێز ...!

خواستی گوتی :

بەڵێ ڕاستدەکەی لە بیرم نەبوو .. دارگوێز دەبێ گوێز بگرێ ...

دارگوێزەکە وتی :

ـ دەبێ چوونی سەرەش لەسەر پەڵ‌وپۆکانم دروستکەی .. خواستی لە دارگوێزەکەی پرسی :

ـ سەرەت بۆچی‌یە ئەی دارگوێزەکە ...؟

دارگوێزەکە لە وەڵامدا گوتی :

ـ بۆئەوەی گوێزەکانم کەڕوو نەکەن‌و بەفێڕو نەڕۆن‌و ڕەشەبا نەبانبات .. چونکە ئەگەر گوێزەکانم گیانلەبەرێك تێر نەکات ئیتر کەڵکی بوونی من لە ژیاندا چی‌یە ...!!

لەتیف هەڵمەت

ئەم هونەرمەندە بچکۆلەیە

● ناوت .

ـ کامەران نوری ..

● تەمەنت چەندە ؟و لە پۆلی چەندی ؟

ـ تەمەنم سیانزە ساڵەو لە پۆلی دووەمی ناوەندیم .

● لە کەیەکەوە شانۆت هەڵبژارد ؟

ـ لە ساڵی ١٩٨٣ وە چوومەتە تیپی نواندنی منداڵانی هەڵەبجە و لەگەڵ هاوڕێ کانما لە پێناوی شانۆی کوردی خزمەت دەکەین .

● تا ئێستا لە چەند چالاکی تیپەکەتاندا بە شداریت کردوە ؟

ـ لە دوو ئۆپەرێت دا بە شداریم کردوە .. لە ئۆپەرێتی (سەوزە) بە دەوری [نەوزاد] وە لە ئۆپەرێتی [ڕێوی‌یە و لە پێستی شێردایە] بە دەوری (سەگ)

● ئاواتت چی‌یە ؟

ـ هیوادارم زیاتر لە پێناوی خزمەت کردنی شانۆدا خۆم ماندوو بکەم .

ئیبراهیم هەورامانی
ـ هەڵەبجە ـ

ـ شیعر بۆ منداڵان ـ

زستان

ئەوا دیسان زستانە
وەرزی بەفرو بارانە
زستان دەڵێ من ساردم
لە بەفرا سەر بە ئاردم
بەفرم دونیا دەپۆشێ
خەڵك هەمووی دەلەرزێ
ئێمەش دەستەی منداڵان
تازە خونچەی بەهاران
بۆ پاراستنی لەشمان
گوێ دەگرین لە قسەی باوکان
کە چووینە قوتابخانە
گوریەو کەوش لەبەرمانە
یاخوا هەروازستان بێ
دەشت‌و دەرمان باران‌بێ
تەنیا ئێمەی منداڵان
تەرنەبێ گیان‌و لەشمان

فادیق شینە

بیرنامەی ڕاگوزاری

دوو وێنە

برایەکی کاربەدەستی دڵسۆز ئەناسم ، ژورەکەی ژووریکی «متەوازعە»و هەرکەسێ بۆ هەرکارێ ڕووی تێ‌ئەکا ، بەرووی‌یەکی خۆشی واوە قسەی لەگەڵ ئەکا ژوورەکەی لانەبێ بەبەهەشت و جاری واهەیە لەگەڵ هەندێ لەو کەسانەی بۆ ئیشوکار ئەچنە لای تا بەردەرگا بەرێیان ئەکا .. ئەو کاربەدەستە ڕۆژبەڕۆژ بەو بێ فیزی‌یە ڕاستەقینەیە گەورە ئەبێ ...

کار بەدەستێکی دیاری‌کراو نالێم ، بەڵام دڵنیام هی‌وایان هەیە ، نیوەی پارەی دائرەکەی لەرازانەوەی نووسینگەکەیدا سەرف‌کردوە ،کەچی یەکێك ئەچێتە‌لای بۆئیشوکار ئەگەر سەرەهەڵبری‌و تەماشای دەمو چاوت بکا ئەبێ شوکری خوابکەی ... ئەونده وشك‌و برنگ لەگەڵتا ئەجولێتەوە ژورە رازاوەکەت لێ‌ئەبێ بەدۆزەخ .. ئەوجۆرە کاربەدەستانە وائەزانن خەڵك لەخزمەتی «جەنابیاندایە» چونکە «زلە» ئەڵئەو «ئەو نازو نیعمەتەی» لەبەر خاتری خەڵك‌و بۆخزمەتیان گەیشتۆتە ئەو .. ویژدان .. قەترەیەکە کەتکا .. تکا.. سەرەکی فەرمانده صدام حسین جوانی فەرموو کەباسی دامو دەزگای دەولەتی کرد کەئەگەر لە خزمەتی گەلدا نەبێ نەعلەتی‌ترین وەسیلەیە ..

بەهرە

چاپکراوی نوێ

زمانی کوردی و کۆمەڵێ پەراوێزیان بۆ ڕوونکردنەوەی ناوەڕۆکی ئەو یادداشتانە نووسیوەتەوەو دکتور کەمال مەزهەر پیاچۆتەوە . ئەم کتێبە لە (٢٢٥) لاپەڕەی قەوارە گەورەدایە .

یادداشتە ڕۆژانەکانی مێجەر نوئیل لە کوردستان

یادداشتە ڕۆژانەکانی مێجەر نوئیل لە کوردستان لەم ڕۆژانەدا کەوتۆتە بازاڕەوە . ئەم بەرهەمە مێژوویە یەکێ لەو بڕوانامە گرنگانەیە کە لە سەردەمی ئینگلیزەکاندا ... لە بارەی میللەتی کوردەوە دەرچووە . برادەران حسین احمد جاف‌و حسین عوسمان نێرگسەجاری وەربان‌گێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و کۆمەڵێ پەراوێزیان بۆ ڕوونکردنەوەی ناوەڕۆکی ئەو یادداشتانە نووسیوەتەوەو دکتور کەمال مەزهەر پیاچۆتەوە . ئەم کتێبە لە (٢٢٥) لاپەڕەی قەوارە گەورەدایە .

هاوکاری
دەزگای ڕۆشنبیری‌و بڵاوکردنەوەی کوردی
شەقامی الخلفاء
مەیدانی الخلانی
تەلەفۆن
٨٨٧٥٧٩٥
ـ خەن ـ

Institut Kurde de Paris

وێنە بە نرخەکانی سەرەکی فەرماندە

تێشکی ڕووناکی ڕەوتی سەرکەوتومانە

صبیح عبدالمجید

لەو ڕۆژەوە کە شۆڕشی١٧ ـ ٣٠ تەمووزی نەمر بەرابەری سەرکردەی گەل صدام حسین بەرپاکرا ...ئەم شۆڕشە مەزنە لەسەرڕێبازی بیناکاری و دروستکردنی کۆمەڵێکی نوێچەندان هەنگاوی مەزنی ناوەکە عیراقی کردە بەهەشتی بەختەوەری و مرۆڤی عیراق‌شادمان‌و سەربەرز .

بەلای گەلی کوردمانەوە ،بەهەڵکردنی ئالای‌شۆڕشی بەعسی لەم وڵاتەدا شتێکی ڕووناکی شۆڕشی‌گەشتە هەموو باکووری‌نیشتمانی خۆشەویستمان و بەکەم هەنگاو لەسەر ڕێبیروباوەری مروڤایەتی حزبی‌سەرکردە لە ١١ ی ئاداری ١٩٧٠ وە دەستی پی‌کردو لە١٩٧٤ دا بەڵێنی وەفاداری‌خۆی بەجێ هێناو بەختەوەری‌و ئەهونی‌سەرتاپای ناوچەی‌کردستانی گرتەوەو ڕەگی دواکەوتن و دەمارگیری‌و نائومیدی لەبن‌هەڵکەندرا .. بەتایبەتی لەم ڕێبازەدا سەرکردەی ڕەوتی‌سەرکەوتومان هاوڕێ صدام‌حسین بوە ڕەمزی سەرکەوتن و ڕۆژ لە دوای ڕۆژیش‌جەماوەری نەتەوەی کوردزیاتر لەدەوری سەرکردایەتی شۆڕش کۆ دەبێتەوەو زیاترخۆشەوبستی‌و وەفاداری بۆسەرکردەی مەزن دووپات دەکاتەوە ، ڕۆڵەکانی گەلی‌کوردمان سەرکردە صدام‌حسین بەنیشانەی سەربەرزی‌و هەوی‌بەختەوەری ژیانی خۆیان‌دەزانن ، ئەم پەیوەندیە گیانیە لەو بابەخە بە باوەڕانەوەیە سەرەکی فەرماندەبەئەمڕۆپاشەڕۆژی گەلی کوردمانی دەداو لەبەرڕووناکی وتە پرشنگدارەکانیادبارە وەك دەفەرموێ :

«هەموو عیراقیەکی‌دڵسۆز دەتوانێ پارێزگاری‌تایبەتی‌یەتی نەتەوەیی خۆی بکات، لەگەڵ باوەڕی تەواوی‌بەعیراقیەتی... دەتوانێ‌تایبەتی‌یەتی نەتەوەی پارێزگاری بکات‌و، لەهەمان‌کاتدا دڵسۆزی خاکی پیرۆزی‌نیشتمان بێت.»

«ئەوانەی پێتان ئەڵێن :ناکۆکی‌و ناگونجان هەیە لەنێوان ئەوەدا کوردی تەواو بێت‌و عیراقی‌ی تەواوبێت،ئەوانە خێرو خۆشیان بۆئێوەناوێت» .

«تۆ ئەتوانی کوردی‌راستەقینە بیت، هەموو یەکێ‌لەئێوە ئەتوانێ کوردی راستە قینە بێت‌و عیراقی‌عیراقی‌ی راستەقینەش» .

«هەموو عیراقیەك تەنانەت‌ئەو عیراقیەش کەدژی‌شۆڕش دەکەوێتە هەڵەوە،

لە بەشی ناوخۆیی خانەی پێ‌گەیاندنی

مامۆستایانی سلێمانی

بەشی ناوخۆیی خانەی‌پێ‌گەیاندنی مامۆستایانی سلێمانی، کە تەنها بەشی‌ناوخۆیی‌یە، قوتابیانی ئەو قوتابخانەیە کۆئەکاتەوە ...پێ‌گومان، بۆ ئەوەی هەندی زانیاری بزانین دەربارەی‌ئەم بەشی ناوخۆییە. حەزمان کرد ڕووبەڕوو لەگەڵ‌قوتابیانی بەشەکە هەندێ گفتوگۆ بکەین، والێرەدا پێشکەشی خوێنەرانی هاوکاری ئازیزی ئەکەین :ـ

ئەگەر بەپرسیارو وردبونەوە نەچێت بۆ ئەو بەشە بەزەحمەت بیدۆزێتەوە چونکە تەنها قوتابیەکان خۆیان ئەزانن، هیچ جۆرە ناونیشانێکی لەسەر نیە کە ئێرە بەشی ناوخۆیی قوتابیانە...

● قوتابی مجید رشید عزیز ..

کە لەپۆلی سێهەمی وەرزشە لەکەلارەوە هاتووە، دەربارەی کاروباری بەرێوەچونی ئیشی ناوخۆیەکە ووتی زۆر بە ڕێکی‌و تەواو بەرێوە ئەچێت، بەڵام ئەوەی لێرەدا ئەمانەوێت بیخەینە پێش چاو، ئاوی بەشەکەمانە، کەزۆر کەمە، هەروەها زێرابی بەشەکە تەواونیە، تەنها یەك بەرمیلی ئاومان هەیە، نزیکەی ١١٥ قوتابیش لەم بەشەدایە، چۆن بەسەرماندا دابەشی ئەکەیت، ئەمە جگە لەوەی گەرماویشمان نیە، لەم زستانەشدا جگە لەبێ‌ئاگری، بەکارهێنانی هبتەریش قەدەغەیە ، ...

ئەم بەشە زۆر دورە لە قوتابخانەی پێ‌گەیاندنی ماموستایانەوە لەبەر ئەوە زوربەی بەیانی فریای دەوام ناکەوین ، جا ئەگەر بەرێوەبەرانی پاصی گشتی لە سلێمانی لایەکمان لێ‌بکەنەوە پاصێکمان بۆ تەرخان‌کەن جێگای ڕێزە ..

● پاشان قوتابی باقر جلال علي ، کەقوتابی پۆلی سێهەمی گشتی‌یە ،

خەڵکی ناوچەی گریزەیە لەسیدصادق باسی ، ئەو هۆڵەی بۆکردین ، کەپڕە لەکورسیەشکاو گوایە بۆپیاچونەوەی وانەکانی خوێنیە ، بەڵام ئەم هۆڵە ، زۆر سارده ، پێ‌کەرەسەیە ، جگەلەوە ئەم بەشە پیویستی بەکتیبخانەیەکی گەورەیە ، کەقوتابیان لەکاتی پێ‌ئیشیدا ئەتوانن خۆیانی لەگەڵ ماندوو بکەن ، جگەلەوەی کەڵکی گەورەی ئەبێت لەبەهێزکردنی ڕادەی ڕۆشنبیری‌و هوشیاری قوتابیاندا .

● عثمان فائق حمەصالح

لە دووی گشیەو ، دووساڵە لەبەشەکەدایە ، لە دەربە ندی خانەوە هاتوە، کە لە پۆلی دووەم ئەخوێنی هەر لە دەربەندیخانەوە هاتووە ، دەربارەی ژورەکانی ناو بەشەکە ووتی : زۆربەی ژورەکان گەورەن لەبەرئەوە بەتەواوی ڕاخەری بۆ تەرخان نەکراوە ، جگەلەوەی هەر ژورە لە ٦ تا ٧ قەرەویلەی تێدایە ..ئەمەش کارئەکاتە سەر خوێندنی قوتابیان‌و دەرنەچوونی قوتابیان .

● قوتابی بەختیار حسین

پۆلی سێهەمی گشتی .. لەبارەی چێشتخانەی بەشەکەوە ووتی : ئەم‌بەشە شوێنی تیدایە کە چێشتخانەیەکی گەورەی تیدا بکرێتەوە ، بەڵام بەداخەوە تەنانەت حانووتێکی تیدانیە، لەبەرئەوە زوربەی کاتی خۆمان بەئامادەکردنی خواردن‌و خواردەمەنیەوە ئەبینەسەر ، ئەمەش هۆی دوری شەشەکەیە لە مەلبەندی بازاراوە . جگە لەنەبوونی لیێداوبستەکانی تری هاتووچۆ ، هەرچەندە ئێمە لێرە لۆکەری خۆمان هەیە ، بەڵام هەندێ شت ناتوانرێت لەوبدا هەڵبگیرێت ، لەبەر ئەوە پیویستمان بەچێشتخانەیە .. چونکە ژمارەی قوتابیەکانیش زۆرین .

● قوتابی احمد محمد کریم

پۆلی دووەمی گشتی لەکەلارەوە ، هاتووە .. دەربارەی ئەو گۆڕەپانە گەورەیەی ناوبەشەکە ووتی: پیویستە ئەم گۆڕەپانە کەڵکی لێوەربگیرێت ، بکرێتە جێگای یاری وەرزشیەکان تاکاتی بی‌ئیشی یاری تیدا بکەین ..

● قوتابیەکی پۆلی یەکەم کاکە صباح نوری ووتی :

ئێمە بەشەکەمان خۆش ئەوێت ، چونکە هۆیەکی کەورەیە ، بۆ بەردەوام بوونمان لەسەر خوێندن ، بەڵام ئەم بەشە ، پێویستی بەبەسەرکردنەوە هەیە ، ئەو کەلوپەلو نوێن‌و بەتانیانەی لێرەدایە زۆرکۆن پیویستیان بەگوڕێنە .

● قوتابیەکی‌تر بەرێز پشتیوان محمد احمد .

پۆلی سێهەمی گشتی کە لەهەڵەبجەوە هاتووە ..باسی نەبوونی هۆڵی گشتی‌و حەوانەوەی بۆکردین ، کەبێوبستە ئەو هۆڵە لە بەشەکەدا بێت ، تەلەفزیونی تیدابێت ، هەروەها لەبەشەکەماندا تەلەفون نیە، کە بۆکاتی پێویستی‌و نەخۆشیەك پەیوەندی پێوەبکەین ، بەولاینە پێویستیانەی کەگرنگە ...

● قوتابی احمد محمد قادر .

پۆلی دووەمی گشتی .. ووتی : ئەگەر باسی لایەنی‌ـ تری کارگوزاری بکەین ، لەبەشەکەماندا زۆر پێویستیمان‌هەیە ، بۆنموونە ،ئوتو .. هەروەها شوێنی شتنی کەلوپەلو پاکردنەوەیان .. جل‌شۆرێك .. کە لەراستیدا بەشی ناوخۆیی قوتابیان لەبێت ئەم پێویستیانەی تیدابێت .

● ئینجا قوتابی سالم اسعد :

کە پۆلی سێهەمی وەرزشە .. باسی لایەنی وەرزشی بۆکردین ، ووتی لێرە گۆڕەپانی ئەوتۆ تیە کە وەرزشی تیابکەین ،بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ، ئێمە هەر خەریکین .. من‌خۆم یاری‌ـ زانی هەڵبژیراوی خانەی ماموستایانم جگە لەوەی لەتیپی وەرزشی شنرویشدا بەشداری ئەکەم ، لەباریەکانی تۆپی پێ ، ئەمساڵ بەشداری پاڵەوانێتی نێوان قوتابخانەـ کانی سلێمانیمان کردوە ،لە چواریاریدا ، هیواشمان ئەوەیە پلەیەکی گەورە بەدەست بهێنن لەوباریانەدا سەرکەوین ..

ڕووبەڕوو ..

گوێلەم «بەرێزە» بگرن !

بەرێکەوت لام دابە دەستەی کشتوکاڵی هەولێر ..لەبەردەم دەرگای دەرەوەدا ،کۆمەڵێك کەس مشتوـ مڕێکی گەرمیان بوو لەسەرـ ئەوەی کە بچنە لای بەرێوەبەری گشتی‌ی بۆ سکاڵاکردن لەدەست شپرزەیی‌و نادارودریەتی‌و گوناهی هەندێ لە کارگێڕانی ئەو دەزگایە لە مەسەلەی دابەش‌کردنی هێلکە .. بەڵام وا دیاربوو یەکێکیان بەئەوانی تری دەگوت : «کوڕە بابەم دەهێلکە مەخۆن ، خۆ ئاوی حەیات نیە...» ...کەچی ئەوی تریان کە سیمای دڵگیری‌و ئاڵۆزبوونی پێوە دیاربوو بە نیگەرانیەوە دەیگوت .. «مەسەلە ئەوەنیە کاکی خۆم ، مەسەلە ، ئەو گوناهەیە کە هەندێ کەس دەکیاو بۆچی پیاو هێندە بەبێ دەسەڵات تێبگەن‌و هەقی بخۆت ..»!

بە ئاسپایی لێی چوومە پێشەوەو ویستم لە مانای تووڕەبوونەکەیان بگەم .... ئەوەبو یەکێکیان ووتی : «دایەرەکەمان داوای چوار کارتۆنە هێلکەی کردووە .. جەنابی ـ یاریدەدەر ـ تەنیا لەسەر دووکارتۆن رازی بووە ... پێمان ووتووە ، گەورەم ئەمە تەنیا بەشی فەرمانبەرەکان دەکا ...ئەی کرێکارەکان ؟» بە ئاسپایی بەویەری کیف‌کردنەو ووتوویە :

«کرێکار ؟! ... نزیکەی سێسەد کرێکارمان لنەـ خانزادـ هەیە تا ئێستا دەمیان بەدەنکە هێلکەیەك نەکەوتووە ...!».. «کرێکار هێندە ناهێنێ !».. منیش دوای ئەوەی کە نەمزانی چ نازناوێك بۆ ئەم فەرمانبەرە «بەرێزە» بدۆزمەوە ، دوای تەنیا «ئافەرین»ێك دەڵێم :

تۆ بڵێی ئەو «لێ‌پرسراوە» ..وا هەست بکات کرێکار ئینسان نیەو لە هێلکە خواردن حەرامە ؟!.

● شێرزاد .. ●

لە بەرزنجەوە

تەنها داوایەك

ناحیەی بەرزنجە تاقە ناحیەیەکە کە لە ساڵی ١٩٢٩ی زایینی یەوە تا ئەمڕۆ ڕێگەی هاتووچۆی بە تا قانەی ماوەتە وە کە قیرتاو نەکراوە .

وە ماوەی نیوان جادەی بەرزنجەو ئەو ڕێگەی کە دەکەوێتە نیوان سیدصادق‌و عربت ٣٥کم واتە تەنها ٣٥کم قیرتاو نەکراوە .

دانشتوانی ئەم ناحیەو گوندەکانی دەوروپشتی ئازارو ئەشکە نجەیەکی زۆر دەبینن چ لە زستان بەهۆی قورو چەقینی ئۆتۆمۆبیل چ لە هاوین بەهۆی تۆزو خۆڵ‌و ئالەباری هاتوچۆوە .

لەخوا بەزیادبێ بەریوبەـ رایەتی ڕێگەوبان لە سەرەتای بەهاری ساڵی ١٩٨٤ ئاورێکی ڕەحمەتی لێداوە دڵمان خۆش‌بوو بەڵام وا دیارە بەزەحمەت دەرچوو نەك ڕەحمەت .

وا ساڵ خۆی پێچایەوەو زستانیش بەخۆی‌و سەرماو سۆڵەیەوە میواندارمان دەکات‌و ڕێگەکەش خەو بەقرتاو کردنەوە دەبینێ .

دەسا دەستەی لێپرسراوانی ڕێگەوبان تەنها داوایەك ڕزگارمان کەن لە پاڵنان‌و چەقینی ئۆتومبیل ئیمەش دەست بەدوعاین بۆتان .

هاوولاتی
عبدالقادر سعید بابان

لە بەرێوەبەریەتی تەلەفونی سلیمانی‌دا

یەك ڕیە «بەسەرچاوی» بێ ئەنجام وەرگرن !!

بۆ بەرچاوی بەرێوەبەریەتی تەلەفونی سلیمانی بۆ بەر چاوی یەکێتی نەقابەکانی کرێکارانی سلیمانی (تلفون لە نێوان « ١٨٠ »و کیبلات دا) .

لەم ڕۆژانەدا کۆمەڵی هێلی تلفون لە سلیمانی‌دا پێکەوە تێك‌چوون لە شەوی ١ـ١ـ ١٩٨٥ تا ئامادە کردنی ئەم سکاڵایە کە ١٥ ڕۆژە .

ئەگەر زۆر زیاتر نەکات لە قڕو قب کەوتونو ئەمەش پەتایەکی باوە زوو لە ناو بەرێوەبەرایەتی ناوبراودا بڵاو دەبێتەوە . یەکەم هەنگاو لە (١٨٠)مان داوا کرد بەلکو چارەسەری بکات : ئەوەی وەڵامی دایەوە ووتی باشە (بەسەر چاو) دوای یەك دوو ڕۆژ هەر وەکو خۆی مایەوەو ناچار (١٨٠) مان ئاگادار کردەوە ووتی ئەمڕۆ پێنج شەممەیەو سبەینێ جمعەیەو دەبێت بکەوێتەوە ڕۆژی شەممە ؟ بەڵێ کەوێنەوە شەممەو ووتیان باشە (بەسەر چاو) ؟ دوای نیوەڕۆ کە گەراینەوە پێش نان خواردن بە گەرمەوە بەلاماری تلفونەکەمان دایەوەو بەڵام ئەو لە جاران ساردو سڕتر بوو ... ؟ بۆ ڕۆژی دوای داوای (١٨٠) مان کردەوەو ئەمجارەیان ووتیان ئەوەی دوێنێ دیارە لە بیری چووە تێبینی تۆمار بکات .

بەڵام ئێمە ئەمڕو (بەسەر چاو) بوتان بەسەر دەکەینەوە ... ؟ ئەمجارەیش پێش نان خواردن تلفونە بۆرمان ڕاچەڵەکان بەڵام ئەو نقی لێوە نەدەهات ؟ ڕۆژی دوای دیسانەوە (١٨٠) ئاگادار کرایەوەو ئەمجارەش دیسانەوە ووتیان باشە(بەسەر چاو)؟ بەڵێ ئەمجارەش ڕەواینەوەوتەلەفونی هەزار تێیوەی ژەنراو ئەو هەر ئاش‌و ماشە؟جارێکی تر کە (١٨٠)مان کردەوە ووتیان‌ئێوە هێلەکەتان‌لە گوێزی هەورامان ساغ ترە بەڵام جهازەکەتان شکاوە... نەخێر ئەمجارە جیهازێکیـ کەمان هێناو بەستمان؟کەچی ئەمجارەش هەر ئاش نەبووەو.. ئیتر بۆ سبەینێ‌بەرێز بەرێوەبەری تەلەفۆنی سلیمانی‌بەتەلەفۆنی خۆی‌ئاگادار کراو خوا هەڵناگرێ‌و ئەو یش ووتی باشە(بەسەرچاو)؟ بەڕاستی وامان زانی ئەمجارە گرتی‌و ئەمجارەکاکی تەلەفۆن بەرز کرایەوەو کەچی ئەو هەرلالوتە لێمان ؟جارێکی تر (١٨٠) بەسەر چاو کرایەوەو حاڵو مەسەلە کەمان بۆ گێرانەوەو ووتیان کەواتە دەبێ (کیبلات) ئاگادار بکەین: (باشە بەسەر چاو) شێر لێرەو ڕێویەك لەوێ کیبلاتیش ئاگادار کراو بۆ ماوەی حەفتەیەك زیاتر هەرلەو (کیبلات) تلفونەکەمان وا؟ باشە بەسەر چاو ؟ سەبرئەوەیە دوا وەڵامی کیبلاتی سلیمانی (کوڕە بە خۆمیان‌ووت) ؟ بەڕاستی لەبەر ئەوەی بارانە جارێ کرێکارناتوانێ دەربچێت دوای ئەم ڕاوە ڕێویە حەزم دەکردیەکێك هەبێت.. لێپرسراوی هەبێ پێ بڵێم؟ کرێکار... سەرما.. دەرناچێ ... بۆ؟ ئەی مووچەو پارەی مۆل بۆچی وەردەگرێ ؟ ئەی بۆ چی لەو کرێکارانە زیاترن کە بەگەرمایی هاوین‌و بەستەڵەکەی زستان دڕ بە کارو بەرهەم‌ئەدەن ؟ .

یان کرێکارانی‌بەرێوەبەریەتی تەلەفون سلێمانی (ئەوانەی ئەم‌سکاڵایە دەیان گرێتەوە) بە نازداری فێرکراون ؟

ئەی ئەو سەربازانەی لەپێشەوەی بەرەکانی جەنگ ؟ کە ترسی‌و سەرماو گەرماودوژمنیان ڕزاندوەوە گوایە لەوانە زیاترن ؟ خۆم بڕواناکەم یەك جار بەم شێوەیە ئاڵۆزاو بێت ؟ بڕوا ناکەم‌زۆربەی زۆری کارگیرانی بەرێوەبەریەتی نابراو بەم‌حاڵە رازی بن‌و چارەیەکی بۆ نەکەن ...

بڕواش ناکەم یەکێتی‌نەقابەکانی کرێکارانی سلێمانی کرێکاری وای‌گۆش کردبێت ؟

فریا ـ سلێمانی

بۆ بەر چاوی

بەرێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر

مەخفەرێکی پۆلیس بۆ گەڕەکی کورانی عەنکاوە

ئاشکرایە کەپۆلیس چەدورێك دەگێڕێ بۆ پاراستنی هێمنی‌و ئاسایش لە وولاتێکدا ، بێ گومان ئەمەش لایەنێکی شارستانیەتی گرنگە ...

لەوولاتی ئێمەشدا ئەودباردەیە هەیەو پۆلیس بەپێی توانا دەور دەبینێ ...بەڵام ئەوەی ڕاستی‌بێ هەندێك جارو لە هەندێك‌شوێندا ئەو خرمەتە پشت‌گوێ خراوە ...سکاڵای‌دوو هەزار ماڵ زیاتر لە گەڕەکی « کورانی عەنکاوە »دەخەمە بەرچاوی بەڕێز بەرێوەبەری پۆلیسی هەولێرکە بریتی‌یە لە داواکردنی (مەخفەرێکی پۆلیس) لەم‌گەڕەکە ... چونکە وا دەزانم هەفتێکی ڕاستەقینەی‌خۆیانەو پاراستنی هاوولاتیانیش بەشێکە لەوبەشداری کردنەی گەلەکەمان لەجەنگی ڕەواماندا جاهیوادارین بەرێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر بەخێرایی‌ئاوڕێك لەم داواکاریە بدەنەوە چونکە (هەبتە لەڕاژەی گەل دایە) .

● لقی هەولێر ●

Institut Kurde de Paris

دیدەنیەکی ئەنجومەنی گەل لە هەولێر

لە کاتێکا کە ئەنجومەنخەریکی سازکردنی چەند کۆرو کۆبوونەوەیەك بوو، دۆزینەوەی چاکترین ڕێگای بەتەنگەوە هاتنی بڕیاری سزادانی ئەوانەی سەر پێچی لە فرۆشتنی کەل و پەلدا دەکەن .. « هاوکاری» سەر لە ئێوارەیەك دیدەنی یەکی کردە ئەنجومەنی گەل و لەوێ لەگەل سەرۆك و ئەندامانی ئەنجومەنەکە دەربارەی دیارترین چالاکی یەکانی ئەم دووایی یە دووایین ...

لە پێشەوەمامۆستا یونس حداد ـ سەرۆکی ئەنجومەنی گەل لە پارێزگای هەولێر ووتی :

دامەزراندنی ئەنجومەنی گەل وێنەیەکی پێشکەوتووی ژیانی تازەمانە کە لەرێگایەوە دەتوانین گەلێك ئەرکی نیشتمانی ئەنجام بدەین .. بەتایبەتی لە بواری خزمەتی باری ژیانی خەلکداو بۆ بەدیهێنانی خواستەکانیان کە ئامانجی راستەوخۆی ئەنجومەنە لە ڕۆژی ئەمڕۆمانداو بۆ بەشداری کردن لەو پێشکەوتنە فراوانەی لە عیراقی نوێدا هاتۆتە کایەوە چەند لێژنەیەك لە ئەنجومەنەکە پێك هاتووە کە هەریەك لەو لێژنانە ئەرکی خۆی رادەپەرێنێ وەك : لێژنەی کۆمەلایەتی ، لێژنەی ڕۆشنبیری و راگەیاندن ، لێژنەی گەلەکاری، لێژنەی پەیوەندی و لێژنەی پەیوەندی و کاروباری وەرزش ، لێژنەی کشتوکال ، لێژنەی سکالاو ئابووری ... لە چوارچێوەی بەدواداچونی کاروباری ژیانی خەلك ، هاوولاتیان دێنە لامان و پێشنیارو گیروگرفتی ڕۆژانەیان دەردەخەن .. بەدەوری خۆمان گیروگرفتە ـ کانیان دەخەینەروو لەگەل لێپرسراواندا هەولی چارەسەرکردنی ئەو دیاردانە ئەدەین ...

لە هەموو بۆنە نیشتمانی و نەتەوەییەکاندا بەشداربووین و چالاکیمان لە زۆرەی ئەو بۆنانەدا هەبووەو لەکۆرو کۆبوونەوەو لێژنە خزمەتگوزارییەکاندا نوێنەری ئەنجومەن ئامادەبووە بۆ باس کردنی پێویستی و کاروباری خەلك و . . بەشداری کردنمان لەجەنگدا کە لەلایەن رژێمی رەگەزپەرستی نێران سەپاندراوەتە سەر وولاتە ئازیزەکەمان .

لە هەمووی دیاتر کە ئەنجومەن لەم ماوەیەدا چالاکی فراوانی تێدا هەبووە ئەو کۆرو کۆبوونەوەیە کە دەربارەی سزادانی ئەو کەسانەیە کە سەرپێچی لە فرۆشتنی کەلەوپەلی بازاڕ دەکەن . . . کە ئەم بڕیارەی کرد بەتایبەتی لەم بارو دۆخەدا کە وولاتەکەمان جەنگی ڕەوای خۆی دژی تاقمە رەگەزپەرستەکەی قوم و تاران دەگێڕێ و بەربەچی دەست درێژیی بە نارەواکانی دەداتەوەو لەم کاتەدا پێویستی سەرشانی هەموو هاوولاتیەکە بەتەنگ بەدی هێنانی ئەم بڕیارە مێژوویی یە بێت ... ئەنجا بەدرێژی باسی ئەنجامەکانی ئەم دیاردە تالەی کرد کە هەندێ فرۆشیار دەیکەنو بەمەش هەولی خۆیان دەخەنە کار باری جەنگ بکەنە بوارێك بۆ فرۆشتنی کەلوپەل بەزیادەکی ...

دوای ئەوە بەرێزان پارێزگاری هەولێرو ئەمینداری گشتی کاروباری دارایی و ئابووری دەربارەی گەلێك لایەنی ئەو بڕیارە مێژوویی یە دوان .. بەتایبەتی بابەخی هاوکاری ـ کردنی دامو دەزگاکانی میری و هاوولاتیان بۆ بنبڕکردنی یەگجارەکی ئەم دیاردە کوشندەیە . . . هەروەها لە ئەنجامی کۆبوونەوەکەدا گفتوگۆی فراوان لە نێوان وەکیل و لێپرسراوان و هاوولاتیان کرا کە گەلێك بڕیاری چاکی دەربارەی بەجێهێنانی بڕگەکانی بڕیارەکە دا بەدەستەوە ...

شێرزاد

ئامادەیی پیشەسازی لە رانیە

ئەمساڵ بەدووبەشی «کان» و «ئارەبا» وە ئامادەیی پیشەسازی لەشاری رانیە کراوەتەوە ، بێ گومان بوونی ئامادەیی پیشەسازی لەرانیە، دەرگایەکی تر ئەکاتەوە لەبەردەم قوتابیانی خۆشەویستدا ، بۆ هەلبژاردنی پاشە ڕۆژی ڕونا کو خستنەکاری هۆشان ، لەبەشەکانی پیشەسازیدا ، ئەوەی کەخۆیان ئارەزوویانەووولانیش پێویستی پێیەتی . بەرێز مارف ابراهیم خضر ،بەرێوەبەری ئامادەیی پیشەسازی رانیە پێی راگەیاندین . .

هەر لەوبەشەدا خوشکە روناك شێخ رەضا ووتی :

ژمارەی کچە قوتابیەکانی ئەم بەشە ١٩ کچە ، هەمووشتمان ئارەزومان لەبەشەکە بوە ، بەلام لەبەرئەوەی قوتابیانی ئەم ئامادەیە لە ٨٠٪ی لە ـ

ناوچەکانی قەلادزی و دەوروبەری رانیەوە هاتوون، پێویستمان بەبەشی ناوخۆیە ، چ کوڕان چ کچان. هەندێك لێرە لەماڵە خزمانو زوربەشی بەکرێ دانیشتون، ووتمان کارەبا کارێکی گرانە لەپاشەڕۆژدا تۆ چۆن سەیری ئەم کارە ئەکەیت : ووتی :ـ بەڕاستی کارامەیی و هۆشیاری مرۆڤ لەوەدا دەرئەکەوێت کەکارێك هەلئەبژێرێت ئەبێت روبەڕوی گرانی و ئاسانیشی ببێتەوە ، کارکردن و پەیوەندی کۆمەلایەتی بەتایبەتی بۆ ئافرەت هەنگاوی چاکتری بۆنراوە لەجاران ، لەبەرئەوە ئەگەر پێشنگابەکیش بکەمەوە بۆکاروباری کارەبا لام ئاسایە .

بۆ ئەوەی بتوانین خۆمان بناسێنین بەکارکردنمان ، دەربارەی تێکەلاوی خوێندنیش ووتی هیچ هەست بەوە ناکەم کەجیاوازیمان هەبێت زۆرئاسایە ،هەموو ـ مان هاتووین بۆخوێندن ، ئەوەش پەیوەندی کۆمەلایەتیمان بەهێزئەکات . خوێندنی تێکەلاو پیرۆزە هەنگاوێکی چاکە .

بەپەرۆشی قوتابیەکانەوە ، دیارە ، لەم بەشەدا قوتابیان بەشێوەیەکی گشتی فێری دامەزراندنی کارەباو بەشەکانی ئەبن وەهەول ئەدەین لە پشوی هاویندا ، کەدەورەی قوتابیانی تیا ئەکرێتەوە ، لەو شوێنە گشتیانە قوتابیان رابهێنین کەهەموو ئەوبەشانەی تیابێت کەخوێندوبانە ، زوربەی قوتابیەکان هەولیان ئەوەبوو لەم بەشە وەربگیرێن ،لەبەر ئەوە کردمان بە پلە بەرزی سەرەڕای ئارەزوو .

لەبەشی کارەبا خوشکی قوتابی کەژال ابراهیم ووتی :

من خۆم ئەم بەشەم هەلبژاردووە ، یەکەم هاندەریش خۆم بووم چونکە پیشەسازی و کارەبا هێزێکی بەرزن لەژیانی رۆژانەی مرۆڤدا، کارکردنیش پیرۆزە

کەقوتابخانەکەمان تازەیە ،ئەگەر باسی پێویستیەکانی بکەین خۆی دیارە بەلام ،بەهۆی چالاکی مامۆستایان و قوتابیانەوە ، هەولمان داوەزوربەی ئەو پێویستیانە ، جێبەجێ بکەین ، هەرچەندە شوێنی قوتابخانەکە بۆ ئەم ئامادەیە ناگونجێ، لەگەلئەوەشدا ، ئێمە گونجاندومانە ، قوتابخانەـ کەمان لە دوو بەشدا قوتابیانی کۆکردۆتەوە ،بەشی کارەبا کە ٦٨ قوتابی کوڕو کچی تیانەخوێنێ ،بەشی کانەکان کە ٧٧ قوتابی کوڕ تیدا ئەخوێنێ .ئومیدمان هەیە بەشی تریش بکرێتەوە ، بەلام ئەمبەشانە پێویستیان بەورشەی هونەری و ئامێری گەورەهەیە ، ئەم قوتابخانەیەکەپیشەیی یە کەلوپەلی زۆری تیدایە ، لەبەر ئەوەپێویستە پەروەردە حەرەس و فەراشی تایبەتمان بۆ دامەزرێنن ، ئەو قوتابیانەی لێرە وەرگیراون ئەوانەن کەلەبەرێوەبەرایەتی پەروەردەو پالیوراون بوخوێندن لەسەرەتاوە وا دانرابوو ١٤٠ قوتابی وەرگرین ، بەلام ئێمە زیاترمان وەرگرتوە ، ئەمەش خۆش بەختمان ئەکات ، کە ناوچەکەمان قوتابخانەی پیشەیی تیابکرێتەوە ، بەشداری پێش کەوتنی ولاتەکەمان بکەین لەمەیدانی پیشەسازیدا ، لەسەربناغەیەکی زانستی بتەوو ڕۆشنبیرانە ، قوتابیەکان هەموو لەسەر خواستی خوبان هاتوون .

بەرێز سەرەکی بەشی کانەکان مامۆستا حسن احمد پیروت ووتی :

بەشی کانەکان ، ئەمساڵ بەچەند هۆلێك کە لەگەل قوتابیاندا ئامادەمان کردون و پاکمان کردونەتەوە ، تا ڕادەیەك کارەکانمان بەرێوەئەبەین ، بەلام ساڵی ئایندە پێویستمان بەهۆلی گەورەتر ئەبێت ، بۆ بەشی کارکردن لە کانەکاندا ، تەنهاٮامێرێکی لحیمان هەیە ، نیازوایە لەم ماوەیەدا ئامێری ترمان بگاتێ .. پاشان مامۆستامان کەمە ، کەنۆمامۆستاو شەش پۆل ، وانەی کارکردن پێویستی بەدوو مامۆستا هەیە ،

لەبەشی کارەبا بەرێز مامۆستا شهاب عزیز خضر ووتی :

بەشی کارەبا لە قوتابخانەکەماندا مۆدەیەکی گەورەی سەرکەوتنی لێچاوەڕوان ئەکرێت ، هەرچەندە لەسەرەتاشداین بەلام ئەولایەنە لەرووی

ئامادەیی پیشەسازی لە رانیە

ئەمساڵ بەدووبەشی «کان» و «ئارەبا» وە ئامادەیی پیشەسازی لەشاری رانیە کراوەتەوە ، بێ گومان بوونی ئامادەیی پیشەسازی لەرانیە، دەرگایەکی تر ئەکاتەوە لەبەردەم قوتابیانی خۆشەویستدا ، بۆ هەلبژاردنی پاشە ڕۆژی رونا کو خستنەکاری هۆشان ، لەبەشەکانی پیشەسازیدا ، ئەوەی کەخۆیان ئارەزوویانەووولانیش پێویستی پێیەتی . بەرێز مارف ابراهیم خضر ،بەرێوەبەری ئامادەیی پیشەسازی رانیە پێی راگەیاندین . .

● **قوتابی کاوە احمد حمە .. جێگری سەرەکی لیژنەی لاوان و قوتابیان لەئامادەیی پیشەسازی ووتی:**

لیژنەی قوتابیان لەگەل قوتابخانەکەدا تازەیە ، هیوادارین پەیوەندیمان بەهێزبێت لەگەل قوتابیان و مامۆستایاندا بۆ ئەوەی بەهەموومان خزمەتی ئەم قوتابخانەیە بکەین ، یەکێتی نیشتمانی لاوان و قوتابیان ، هەمیشە رابەری قوتابیان بوە، کارکردنمان لەخواستی ئامانجەکانی قوتابیانەوەیە ، هەربەو بۆنەیەوە هەولئەدەین کە لەگەل کاربەدەستان پێویستیەکانی قوتابیان جێبەجێ بکەین لەبەشی ناوخۆیی و بوونی ژوری تایبەتی بۆیان لەناو قوتابخانەکەدا .

لەکۆتایدا سوپاسی قوتابیان و مامۆستایانی ئامادەیی پیشەسازی ئەکەین، هیوادارین بەزووترین کات بەشی ناوخۆیی و کەلوپەلی پێویستی قوتابخانەکە چارەسەر بکرێت . هەروەها جێگاش بۆ مامۆستاکان کەزوربەیان خەلکی رانیە نین.

نازاد



قسەی خۆمان بێ

تیپی پاشای گەورە ..

کارێکی ئاسان نیە ، لە شارۆچکەیەکی وەکو «ڕەواندز»دا کە ئەوەی بیری لێ نەکەنەوە هونەرە ، بەتایبەت هونەری مۆزیقا .. ئەوەی کەمانجەیەکی بە دەستەوە بێ ، هەر لە قوتابخانەی «پاشای گەورە»وە تا دەگاتە «گەردە گەردە»و «کانی یە قوڕ»خۆی چاو بەرەژێر دەبینێ و تەنانەت لە رووی نەدەهات ئاوەڕ لەم بەرو ئەو بەری شەقام بداتەوە ... ئاسان نیە لە «گوند»ێکی وا ، کە ئەوەی دەنگ خۆش و ئامێرژەن بووایە ، بە گۆیندەو چاوەش لە قەلەم دەدراو گەلێ نرخی کۆمەلایەتی لە کیس دەچوو .. کارێکی ئاسان نیە ، تیپێکی مۆزیقای لێ پێك بهێندرێ و نەك هەر لە چوارچێوە تروسکەکەی دەورو بەردا مەشوور بێ ، بگرە رادێوی بەغدا بە شانازی یەوە ، دەعوەتی پایتەختیان بکاو هونەرمەندی پسپۆڕو زانا ناچار بکەن گوێ لە گۆرانیەکانیان بگرن و تۆمار بکرێن .

ئەم کارە ئەگەر هەر مانایەك ببەخشێ ، بەر لە هەموو شتێك ، دەوری سەرفرازانەو کۆششی بێ وچانی مامۆستای چاودێری ئەم تیپە دەگرێتەوەو بەدەر دەخا . خوا قەبوول ناکا ، پیاوێکی کارامەو دلسۆزە ... ئەگینا دەمێك بوو «ئەویش»کۆلی دەداو ژێی «عوود»ەکەی دەپچڕاندو «ئەویش» وەکو هەموو مامۆستاو لاوەکانی دیکەی شاری پاشای گەورە ، ئێواران ڕێگەی یانەی فەرمانبەرانی دەگرتە بەرو ، بە رۆژیش تا ئەستێی شل دەبوو ، دڵتەڕێی لە «بێخال»و «جندیان»و پێچەکانی سەرووی «کاولۆك»ان دەکرد ..

ئەگەر ئاشق و سەرداسەری هونەر نەبووایە ، ئەویش سەرگەرمی کاری رۆژانەی خۆی دەبوو .. رەنگە ئەو چەند ساڵانەی لە فێرکردن و هاتوچۆ کردنی ئەم شارو ئەوشاردا خەرج کردن و بەرگەی سەدەها توانج و قسەی بێ جێی ئەم خەلکەی خۆمانی کردو کردەوەی بێ سەرو بەر ورەیان پێی بەر نەدا .. ئەگەر بە تەنگ بەرژەوەندی ی تەسکی خۆی بووایە ، شتێکی دیکەی لێ دەردەچوو !.

بەلێ .. کە مرۆڤ سوور بێ لە سەر بەدێ هێنانی ئامانجو لە پێناو ئەو شتەی بروای پێیەتی ، کۆل نەدا ، چ ئەمڕۆ چ سبەینێ بەو ئامانجە دەگات و ئەوەی کۆسپو تەگەرەن خۆیان دەبەری ناکرن .

ئەمەتا مامۆستا «زرار»یش دەستەیەك نەوجەوان و لاوی بەهرەداری پێگەیاندو هەندێکیان بەمەش نەوەستان و هەوەسی پترکردنی رادەی زانیاریان هەلساو لە پەیمانگەی هونەرە جوانەکاندا نێو نووس کران .

لە ئەندازە بەدەر خۆشحالو کەیفسازم .. ئەم کارەی ئێوە پێوەندی یەکی راستەوخۆی بە منەوە هەیە ، کە لە بارێکی تایبەتو دەوروبەرێکی وا نەگونجاو ، تۆوی ئەم بیرۆکەیە ڕواو ئەمەتا بەرهەمی هاتە کایەوەو ئەمڕۆ دڵی خەلکێکی زۆر لەگەل ئاوازتان دێنە خرپە . .

زارتان خۆش و پەنجەکانتان نەڕزن .. دەنگو خرۆشە بەجۆشەکەی ئێوە ، لە نێو دۆڵو سەر لوتکە بەرزەکانی «کوڕەك»و «هەندرێن»و «زۆزك»و «بێجان»دا دەنگ دەداتەوە .. فرە خۆشتر لە قاسپە قاسپی کەوەکانی ئەو ناوە . .

سعیدە یحیی

Institut kurde de Paris

زانستی کشتوکاڵ

د. جیهاد کیانی

هەوجاری لابری هەڵگر (Mounted plough)

(وێنەی ـ ٥)

ئەم جۆرە هەوجارە لە باری گواستنەوە تراکتۆر هەموو قورسایەکەی هەڵ دەگرێت.

بۆ کێڵانی زەوی کە بڕگەی لە ٩نیوتن/سم زیاتر نەبێتو لە قولایی ٢٥ـ٣٠سم بەکار دەهێنرێتو بە ١ یا ٣ یا ٤ یا ٥ یا ٧ یا ٩ گاسنی دروست دەکرێت

لە هەندێك جۆری ئەم هەوجارە پێچکەی پاڵپشت بۆ رێك‌خستنی قولایی کێڵان بەکار دەهێنرێتو بەڵام هەندێکی تر تەنها میکانزمی هەڵگری سێ خاڵ (مژانە) (rod) ڕەچاو دەکرێتو قولایی کێڵان بە هۆی ئۆتۆماتیکی تراکتۆرەوە رێك دەخرێت بۆ ئەو هەوجارانەی کە پانی کارکەریان گەورەیە دوو پێچکەی پاڵپشت بەکار دەهێنرێت.

ئەم جۆرە هەوجارە بەشێوەیەکی گشتی لە بژاربری گاسنی چەقۆی دیسکی (یان چەقۆی ئاسایی)و پێچکەی پاڵپشتی رێك خەری قولایی کێڵانی ومیکانزمی برغی رێك خەری قولایی کێڵانی ، و مژانەی وشاصی پێك‌هاتووە. هەموو ئەندامەکانی هەوجار لەسەر شاصی داددەمەزرێ

گرنگترین پەڕامەتەری (Paramcter) بنچینەیی هەوجار هەڵگر بریتیە لە پانی کارکەری هەر گانێەك بە تەنها (B) و داپۆشتنی نێوان دوو گاسن‌دا (Cover) (pb) و پانی بژاربڕی وقولایی کێڵانی گاسن (a) و قولایی کێڵانی بژاربڕ (a_1) ورێك‌خستنی چەقۆی دیسکی و ماوە لە نێوان دوو گاسن‌دا (L) و ماوە لە نێوان نوکی بژاربڕو گاسن (L_1) .ودابەش کردنی گاسنەکان‌و ئەندامەکانی تر لەسەر شاصی و بەرزی دامەزراندنی شاصی لەسەر رووتەختی زەوی‌دا .

هەوجارەکانی کە لەم دوایی‌دا بڵاوبووتەوە بۆ کێڵانی زەوی‌یەکان کە بەکەراکتەری (Character) فیزیاوی‌و میکانیکی جیا جیان پانی کارکەریان لە یەك چەقۆی دیسکی لە پاگاسنی پاشەوەی هەوجارەکە بەکار دەهێنرێت . بەڵام لە زەوی‌یەکانی کە داپۆشراون بە گیاو گوڵو چەقێنو بە یارن‌و بۆ یەکەم جار دەکێلدرێن لەگەڵ هەر گاسنێك چەقۆیەك بە کاردە هێنرێت . ژمارەی گاسنەکان‌و پانی کارکەریان‌و قولایی کێڵان پەڕامەتەری دیارکراون‌و بە هۆی ئەم پەڕامەتەرانە جۆری تراکتۆر بۆ هەوجاردیار دەکرێت .

هەوجاری هەڵگر بە گوێرەی هەوجارەکانی تر لە دروست‌کردن زۆر سادەترەو بە قورسایی زۆر سوك ترەو لە خزمەتی کردنی تەکنیکی زۆر ئاسان ترە . ئەم هەوجارە نیوە تیرەی بادانەوەی « پێچ کردنەوەی » لە هەوجارەکانی جۆری تر بچوك ترەو هەر لەبەر ئەمەش خولانەوەی بێ‌کاری کەمترو بەهەرمی رۆژانەی زیاترە ویەك یان ٣ یان ٤ یان ٥ یان ٧ یان گاسنە .



(وێنەی ـ ٦) هەوجاری نیوە هەڵگر



(وێنەی ـ ٥) هەوجاری هەڵگر

هەوجاری نیوە هەڵگر (Smi-mounted ploygh)

(وێنەی ـ ٦)

ئەم جۆرە هەوجارە لە باری گواستنەوە بەشێك لە قورسایی (کێشی) تراکتۆر هەڵدەگرێتو بەشەکەی تریشی قورسایەکەی (کێشی) پێچکەی پاڵپشت پاشەوەی بەشداری لە هەڵگرتنی دەکات . بۆ کێڵانی زەوی کە بڕگەی ٩ نیوتن ٢ سم بەکار دەهێنرێتو لە بژاربڕی و گاسنی و پێچکەی پاڵپشتی پاشەوەی و میکانزمی رێك خەری قولایی و قولی و قولی گران‌کردنی و گوارەی (دوگەی) ،و مژانەی و چەقۆی‌و پێك هاتووە .

قولی باری پێچکەی پاڵپشتی پاشەوە دەگۆڕێت . بە هۆی مژانەوە هەوجارەکە بە تراکتۆر دەبەسرێت .

مژانە لە پێشەوە لە هەردوو قۆڵەکانی خوارەوەی میکانزمی هەڵگری تراکتۆرەوە دەبەسرێت وپاشەوەی لەسەر پێچکەی پاڵپشتی پاشەوە توند دەکرێت ، پاڵپشتەکانی مژانە بە هۆ کەلێنەکانی (کولانکەکانی) لووتی شاصی جێ‌گۆڕ دەکرێتو لە ئەنجامی ئەمەدا لە یاش‌لێ‌کردنەوەی دوو گاسنی پاشەوە هەوجارەکە لە نیوە هەڵگر بۆ هەوجاری هەڵگر دەگۆڕێت .

پەرسیف

ـ ژبەر بەلاڤیا قێ‌نەخوشی‌یێ ، ل‌ناڤ کوردان گەلەك ناڤ یێد هەین وەك :(هەلامەت ، مەرەدە ، سەرما ، زەکام) . پەرسیف‌نەخوشی‌یەك گەلەك بەلاڤە و هەمی کەسان دگرت وکەسەك نینە جارەکێ یان پتر د ژی‌یێ خوەدا ببەرنەکەئتبت . پەرسیف ئێکە ژ نەخۆشییێد سیستەمی‌هەناسێ ژۆری .

ل هەمی دەمێد سالێ هەیە لێ پتر بەلاڤە ل دەمێد وەرگەڕیانێد سار و گەرمێ ، ئانکو سەرما ئێکسەر ببتە گەرمی یان بەرەڤاژی. ئەگەرا پەرسیفێ ڤایرەسن، نێزیکی هەشتێ جۆرانن و گرنگترین جۆر (Rhino) و (Echo) نە . و لێرە پێدڤی‌یە بێژین بەکتریا پەرسیفێ پەیدا ناکەن ،لێ پشتی پەرسیفێ مرۆڤ گرت بەکتریا گەرویێ و گوهێ ناڤێ و بۆڕیێد بای و قونجالکێد کەپێ کول د کەن و دبت ئەگەرا زەربونا کلمیشی و ئاڤ ژ کەپی هاتنەخارێ .

بەلاڤ بونا پەرسیفێ .

هێزا لەش‌پارێز ژ پەرسیفێ ل نك زارۆیان گەلەکە پشتی ژ دابك‌بونێ، لێ ل گەل مەزن بونێ کێم‌دبت و پشتی چەند مەهان نامینت وبچوك کەلەك ل وی دەمی بەر نەکی سینەما و چایخانا و مالێد بۆش .

٢ ـ یا هاتیە دیارکرن ل گوندان مالێد خودان شاگرد پتر پەرسیف دگرت لێ ل باژێران مالێد بێ شاگرد پتر دپەرسیفێنە ، یان ئەو مالێد هێشتا بچوکێد وان نەچوبنە خاندنگەهان .

٣ ـ جهێد کاری ، گەر مرۆڤەك پەرسیفی یان (پەرسیف نهین) ئانکو دبتە ئەگەرا ڤەگوهازتنا ناتافی پەرسیفێیە. پەرسیف پتر بلاڤە ل ناڤ بچۆکێد شاگرد ل خاندگەهان ژ ئەوێد ل مال ڕوبنشتی و مالا شاگردەك هەبت پتر بەرئاتافن کو شاگرد پەرسیفێ بو ڤەگوهێزت . مرۆڤ ل ژی‌یێ (٣٠) سالێ پتر هەقتوشی دبت ژ (٤٠) سالی و پیر و کالان ، چنکی بو پیرو کالان هێزا لەش‌پارێز چێبویە و هی‌بوینە پەرسیفێ . هەژی گوتنی‌یە پەرسیف ل پاییز و زڤستانێ گەلەك بەلاڤە و ل دوماهیا زڤستانێ و ل پێشیا بەهارێ کێم دبتەڤە و پێدڤی‌یە بێژم کو ئەڤ ڤایرەسە دوو جۆرن هندەك پەرسیفێ ل هاڤینێ و پاییزێ چێدکەن‌و و هندەك ل زڤستانێ و بەهارێ پەبدا دکەن .

چەوا پەرسیف بەلاڤ دبت ؟

١ ـ ل وان جهێد گێلەشۆك (قەرەبالغ) لێ ، پەرسیف بێ‌نیشان هەبت نەخۆشیێ بۆ مرۆڤێد خۆش (ساخلەم) .

٤ ـ پۆلێ ژی گەلەك گرنگە ، بچوك ل ژی‌یێ (٢ـ٤ سالیێ) توش دبت و کێم دبت پشتی هەفت سالیێ‌و و هەروەسا پشتی (٤٠) سالیێ ژی کێم‌دبت یان هەر نامینت .

٥ ـ ڤەکێشانا پەرسیفێ دەمەکێ سالێ یان پتر کارەکێ گرنگە ، مروڤێ پەرسیفی هەمی دەما گەر تێکەلی مروڤان بت پەرسیف دێڤەگوهێزت وان ، ئەوە ژی چنکی ڤایرەس خو دپارێزن ژ ئەو کارێد کار دکەنە سەر ، لەو هندەك کەس هەمی دەما پەرسیفی‌نە

٦ ـ گەر دنیا سار بت پەرسیف گەلەك بەلاڤە چنکی هێزالەش‌پارێز ل سەرمایێ کێم دبت . هەروەسا دبێژن پلێد نمێ (رطوبە) ژی دەستەکێ گرنگ بۆهەی تێدا

نیشانێد پەرسیفێ :

ژ دەمێ کو ڤایرەس گەهشت کەپوێ هەتا نیشانان دبارکەت (٢ ـ ٤) ڕۆژن نیشان هەر ئێکن ڤایرەس چ جۆربت . لێ دەمێ ڤەکێشانا هندەك نیشانان دگهوڕت . پەرسیف دەست‌پێدکەت ب‌کریزانکان ل کەپێ . گەروی ئێشانێ و

بروانە ل ١١

نامادەکرنا : بێرەم داود

نامەیەکی سامناك

د. وریا عمر امین

ماوەیێك پێش ئیستا دامو دەزگا زانستی‌یەکانی جیهانی رابانگەیاند کە نامەیێك لە جیهانێکی ترەوە گەیشتۆتە ئەرز . ئەمە دەنگو باسێکی بەکجار سەیرو سەر سورهێنەر وخۆشە بەلکو ترسناکیشە. گەر ساغ بێتەوە بە راستی ئەمە نامەیێکە لە جیهانێکی ترەوە ئاراستەی ئێمە کراوە گومان لەوەدا نامێنێ کە ژیان تایبەتی بە ئەرزەوە نی‌یەوە .

نەك هەر ئەوەندە .. بەلکو ئەوەش ساغ ئەبێتەوە کە ئەو ژیانانە بە هەزاران بەلکو بە سەدان هەزار ساڵیش لە هی ئێمە پێشکەوتووترو پەرەسەندووترن چونکە بە پێی راپۆرتی زاناکان ئەم نامەیە بە شەپۆلی گەهرۆ مێگنەتیکی ئاراستە کراوەو بە دە هەزار ساڵ گەیشتۆتە ئەرز . ئەمە ئەوەو ئەگەیەنێ کە دە هەزار ساڵ پێش ئیمرۆ ئەم نامەیەیان ناردووە . ئەو شوێنە دە هەزار ساڵی تیشکی لە ئێمە دوورە .. کە ئەوان ئەم نامەیەیان نارد ئێمە هێشتا لە سەردەمی بەردی دابووین .

لە بەرە بەبانی مێژووەوە .. مەسەلەی هەبوونی ژیان لە جیهانێکی تر مێشکی مرۆڤی خەریك کردووە .. ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە لە ئابینو میۆلوجیاو ئەفسانە کۆنەکان بە ئاشکرا دیارە .

تا پێش داهێنانی تەلیسکۆب لە سەرەتای سەدەی حەفدەمو داهێنانی ئەستێرە دەسکردەکان لە نیوەی دووەمی ئەم سەدەیە لە چاوی رووتو بیرکردنەوە زیاتر هیچ ئامێرێکی تر نەبوو بە هۆیەوە لە ئاسمان بکۆڵرێتەوەو دیاردەکانی شی بکرێتەوە . بۆیە ئەوەی ئەوسا ئەوترا لە چوار چیوەی مەزەندە دەر نەئەچوو .

بە هۆی تەلیسکۆبو ئەستێرە دەسکردەکان مرۆڤ توانی قووڵایی ئاسمان بسمێو پێی بخاتە سەر مانگو موختەبەر بنێرێتە کەوکەبەکان زانیاری‌ی ئەواو دەربارەی سروشتی فیزیاوی‌و کەرەسەکانی‌و بینەیان دەست بکەوێ .

لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەی تەجریبی ئەم دەیەها ساڵەی دوایی . .ساغ بووەوە کە لە هەموو ئەو نۆ کەوکەبانەی سەر بە بنەماڵەی هەتاون‌و لە هەموو مانگەکانیایا ژیان بە هیچ شێوەیەکی نی‌یە .. بەمە ئەو ئاواتە ئەفسووناوی‌یەی دەربارەی هەبوونی ژیانێکی تری نزیك لە ئەرز نێژرا ... مرۆڤ هەستی بە تەنیایی‌و سامناکی کرد .. بۆیە رووی کردە دەرەوەی بنەماڵەی هەتاو بەلکو ئەو ئاواتەی بێتە دی.

تەمەن‌و توانینی ئادەمیزاد بەکجار کەم‌و سنووردارە بە گوێرەی مەزنی‌و فراوانی بێ پایانی کەون . بۆ دەرك‌کردنی ئەم راستی‌یە سەیری ئەم لێکدانەوەیە بکە . تیشك بە خێرایی سێ سەد هەزار کیلۆمەتر لە یەك سانیەدا ئەروا . گەر لە ئەرزەوە ملی رێی گرت بە نەختێ لە سانیەیێك زیاتر ئەگاتە مانگ .. دوای هەشت دەقیقە ئەگاتە هەتاو .. ئنجا شەش سەعاتی ئەوێ لە دوا کەوکەبی نەبماڵەی هەتاو پلۆتۆ رەت بێ . دوای ئەمە چوار ساڵو نیوی ئەوێ بگاتە نزیکترین ئەستێرەی دراوسیمان . ئەمە بۆ نزیکترین ئەستێرە . مەجەرەی ئێمە بەلای کەمی سەد هەزار ملیۆن ئەستێرەی تیابە . ئەم هەتاوەی ئێمە بێکێکە لێیان . لەبەر نزیکی‌ی وا گەش‌و گەورەی ئەبینین . ئەم کەونەش ژمارەیەکی بێ پایان مەجەرەی تیا مەلە ئەکات .

گەر مرۆڤ توانی شتێ دروست بکات بە قەد تیشك خێرا بڕوا (کە خەیاڵە) . ئنجا بە چوار ساڵو نیو ئەگاتە نزیکترین ئەستێرە .. لە مەجەرەی ئێمە ئەستێرەی وا هەیە سەدو بیست هەزار ساڵی تیشکی لێمان دوورە .. دووری نێوان مەرجەرەکانیش بە سەدان هەزارو ملیۆنەها ساڵی تیشکی‌یە . بۆیە مرۆڤ هەر چەن پێشکەوێو دەسەڵاتی تەکنەلۆجیای پەرە بسەنێ .. پەیوەندی‌ی لەگەڵ هەچ ژیان وجیهانێکی تر راستەوخۆ و لە هەمان کاتدا نابێ . گەر لە نزیکترین ئەستێرە ژیان هەبێ .. نامەیەکیان بۆ بنێرین دوا نۆ ساڵ وەڵامی ئەگاتەوە ئێمە .. ئەستێرەی واش هەیە ملیۆنەها ساڵی تیشکی ئەوێ تیشك بیگاتێ ..

بار بوو بەکێ لەو ئەستێرە دەسکردانەی ئەمەریکی لە کەوکەبی پلۆتۆ رەت بوو بەردو بۆشایی پێ‌پابانی ئاسمان بە خێرایی پەنجا تا شەست هەزار لیکۆمەتر لە سەعاتێکا ئەمە دوای پەنجاو دوو هەزار هەزار ساڵ ئنجا ئەگاتە نزیکترین ئەستێرەی دراوسێمان . ئەمە کەسەر ئەخاتە دڵ .. کە گەیشتن بە یەك لە گەڵ ژیانێکی تر گەر دۆزرایەوە هەرگیز روو نادات .

تا حەفتاکانی سەدەی نۆزدەم فەلەکی‌یەکان بایەخیان تەنیا بە بزووتنەوەو جووڵانەوەی کەوکەب‌و ئەستێرەکان ئەدا .. دوا ئەم سەر دەمە هونەری دروست کردنی تەلیسکۆب زۆر پێشکەوت .. ئەمە وای لە فەلەکی‌و زاناکان کرد شان بە شان جووڵانەوەو بزوتنەوەی ئەستێرەو کەولەبەکان بایەخ بە دارشتنی فیزیاوی‌و بینەکانیان بدەن ... لەو ساکەوە تا داهێنانی ئەستێرەی دەسکردو لە ئەنجامی گەشتەکانا ساغ بووەوە کە بنەماڵەی هەتاوا تەنیا ئەرز ژیانداره .

هەندێ زانا لەو بڕوابە دان کە جگە لە ئەرزی ئێمە .. ژیانی تر هەیە بەڵگەشیان ئەوەیە :ـ ئەم جیهانە لە رادە بەدەر فراوانە .. ئەبێ بینەی‌ی تری وەك ئەزر بە ملیۆنەها هەبێ ژیانی تیا پەیا بێ . ئەم زانایانە بەمەش ناوەستن ئەڵێن ژیانی هەندێ لەو جیهانانە ژۆر لە هی ئێمە پێشکەوتووترە تەنانەت هاتوونەتە سەرئەرز. بەڵگەشیان بۆ ئەمە ئەو شوێنەوارە دێرینانەیە کە لەم بەرو ئەو بەری جیهانا بەرچاو ئەکەون‌و دروست‌کردنیان لە ژوور دەسەڵاتی ئادەمیزادایە وەك ئەهرامەکانی میسرو ستۆن هێنجی بەریتانیا... هتد.

پرۆتینی پلازما

گۆڕینی لە ئینگلیزی‌یەوە :

جلال صدیق صالح

خوێن ، شلەیەکی چڕی ڕەنگ سوورەو ، لە (٨٪) کێشی لەش دەگرێتەوە ، پێك هاتووە لە :

١ ـ خانەکان :

بەرێژەی لە (٤٥٪)ی کۆی گشتی خوێن دەگرنەوەو بریستین لە : خرۆکە سوورەکان Red blood Cell خرۆکە سپی یەکان‌و ، خەپلەکانی خوێن .

٢ ـ پلازما (زەرداوی خوێن) . Plazma

پلازما ماددەیەکی شلە ، رەنگێکی کانی هەیەو، لە هەندێك گیانەوەرە بێ بڕبڕەدارەکان (unvertebrate) ،پێکهاتوویەکی بۆیە سوور ، یاشینی تێدایە ئۆکسجین دەگوازێتەوە ، پلازما بەرێژەی (٥٥٪)ی خوێن پێك‌دەهێنن ، کەلە پرۆتین Protein ، ئاو ،گلۆکۆز Glucose ، چەوری (lipid) هۆرمون (Hormon) و ، کانزاکان پێك‌هاتووە .

● **پلازما پرۆتین**

ئەو پرۆتینەی کە لە ناو پلازمایە بە پلازما پرۆتین لە قەلەم دەدرێتو ، پێك‌هاتووە لە سێ جۆر وەکو خوارەوە :

١ ـ ئەلبۆمین . (Albumin)

بەرێژەی ٥ر٤ گرام٪ بۆ هەر ١٠٠ مل لە پلازما دەگرێتەوە و گرنگترین فرمانەکانی وەکو خوارەوەیە .

ـ رێك‌خستنی پالەپەستۆی ئۆسمۆتیکی لەش بە رێژەیەکی جێ‌گیر واتە (٢٥ میللی‌مەتر جیوە) بەرێگای جێ‌گیرکردنی ئاو لەنێوان دەرەوەو ناوەوەی خانەکانی لەش . بەڵام هەندێك جار لەش تووشی نەخۆشی‌یەکی تایبەت دەبێت کە ناسراوە بە ئۆدیما (Oedema) و (واتە کۆبوونەوەی ئاو لە ناو بۆشایی خانەکانی لەش) دەبێتە تێکچوونی میکانیزمەکە .

ـ ناهێڵێت پێکهاتووەکانی تری پلازما بە دیواری بوریچکەکانی خوێنەوە (Capillary blood) بنوسێن .

ـ رێك خستنی گیراوە رێکخراوەکانی (بەفەر) لەش بە رێژەی ١٥٪ .

٢ ـ گلۆبیولین Glcbulin

بەرێژەی ٥ر٢گرام لەسەدا بۆهەر (١٠٠) مل لە پلازما ، شیاوی باسە ئەو جۆرە پرۆتینە دابەش دەکرێت بۆ : ئەلفا ، بێتاو ، گاما گونگترین فرمانەکانیان وەکوخوارەوەیە .

ـ گواستنەوەی هەندێك لە ڤیتامین ،کالسێوم دەرمان‌و ، هۆرمۆن Hcrmone وەکو (کۆرتیز ـ ون‌و سابرۆکسین) .

ـ پاراستنی لەش لە هەموو جۆرە هەوکردن‌و (infection) سووتانەوەبەك (Inflamati on) بە هۆی بەکتریاو هەندێك لە ڤایرۆسەکان (Varius) . دروست کردنی بەرگری (Immunity) بۆ لەش دژی هەموو تەنێکی بێگانە .

ـ بەرپرسیارە لە دروست کردنی خرۆکە سوورەکانی خوین لە حوض سووری ئێسك (Red bone Marrow) .

٣ ـ فایبرینۆجین Fibrinogen

فایبرینۆجین بەرێژەی (٣و٠) بۆ (١٠٠ مل) لە پلازما ، لەگرنگترین فرمانەکانی ئەو جۆرە پرۆتینە بەشداری کردنە لە کرداری خوێن مەبین‌و کیرسانەوە، بە گۆرانی بۆ ریشال (فایبرین) .

ـ ناتەواوی‌یەکانی (Abncrmalitics) .

شتێکی روون‌و ئاشکرایە هەر ماددەیەك لە لەشی مرۆڤ رێژەیەکی چەسپاوی هەیە . ئەگەر لەم رێژەیە گۆڕا جاچ بەرەو زۆری یا کەمی دەبێتە شێوانی‌و تێکچوونی ئەو کردارانەی کە بەر پرسیارە لێیان ،.. پرۆتینی ناو پلازماش هەر بەهەمان چەشنە گوزارشت دەکات ، شیاوی باسە هەموو جۆرەکانی پروتینی پلازما لە جگەر دروست دەکرێن جگە لە

بروانە ل ١١

رۆشنبیری و ئاسۆکانی

اسماعیل رسول

هۆشمەندی تاکە کەسیی ئەورووپایی لە ودوو سەدەی رابوردوودا خۆی لەو بەشدار بوونە راستەقینەیەی بزوتنەوەو ژالاکی‌یەکانی سیاسی‌و شورشگیری‌وا نواند ، کە کارتێکەرێکی نیەرەتی بوو لەو گورانکاری‌یە سیاسی‌و کۆمەلایەتی‌و فیکری‌یەی کە لە کۆمەلگاکایاندا بەرپا بوو .

وەکو شورشەکانی ١٨٤٨ ز کە لە ئەنجامیدا دەسەلاتی پیاوەکانی کلیسەو زولمو زۆرداریان بەسەر خەلکدا نەماو ئەوکاتەش تیەری کە خەلکی تۆقیو دیمەنەکانی جان دارك‌و دەیەها پالەوای وەك ئەو لە شەقام گورەبانەکاندا ببینن ، کە لە گری ئاگردادەسوتێندێن .

زانستی بەندکەری خۆی باندو هێتدە فرەوان بوو کە هەموو لایەکی ژیانی گرتەوە . کەس نەما لەوە بترسێ کە تومەتی (کفروزەندەقە) ی پێوە بلکێندرێ ئەگەر هاتو گوتی زەوی خڕەو وەسووڕێ .

ئەو شۆرش‌و چالاکیانەی کە هیچ گلیەیان دانە مرکا ، پالی بە ملیونەها خەلکەوە ناو هاویشتیە باوەشی سیاسەتەوە ، سیاسەتیش تابۆی چینێکر تایبەتی نەمایەوە کە حوکمی کومەلگای بێ بکا ، بۆیی کومەلەو رێکخراوەکانی سیاسی‌و جەماوەری هەمەجۆر درووست بوو ، سیاسەتیش کرا بە لقێکی گرنگی زانیاری ، کە خەلك لە زانگۆو ئاموژگاکاندا وەی خۆینن‌و لە ژیانی روژانەیاندا یە کاری دەهێنن . سیامەت هەر لەسەر رێرەوی میکیاڤیلیەت نەمایەوە ، بەلکو کرابە زانستیکی ئاسۆ فرەوان ، گەلێ مەزندەو تیوری جیاوازی لێبۆوە ، هەرچەندە لە باوەشی رژیمی سەرمایەداری تەش‌و نەمای کرد ، بەلام لێی وەرچەرخایەوەو بەر بەرەکانی کردنی ، بە هیوای روخاندنی رژیمە نا عادیلانەکەی‌و بنیات نانی رژیمێکی نوێ ، زۆرتر گونجاو لەگەل ئەقل ، کە یەکسانی‌و عەدالەتی تێیدەتر بێ .

لە ئەورووپادا کەلە پیاوی سیاسی‌وا بەدەرکەوتن لەوانەی بوونە رابەری شۆڕشەکان‌و بەشداریان کرد لەفرەوان کردنەوەی رۆشنبیری سیاسی و دانانی سەدەها کتێبی سیاسی ئەوتۆ ، بیرو باوەڕو تیوری نوێیان خستە بەردەم خەلك کە لە پێشوودا بێی رانەهاتیوون . لە تەك سیاسەتەوەش گەلە جۆری زانیاری تایبەت بەژیانی کۆمەلایەتی‌یەوە گەشەی کرد ، وەکو زانستەکانی ئابووری‌و سیاسی‌و کۆمەلایەتی و کارگیری‌و دەروون ناسی‌و میژوو فەلسەفە کە ریبازی زانستی پەیرەو کرد و لە چوارچیوەی فەلسەفەی کلاسیزمی کۆن هاتە دەرو دەیان لقی رێگەی زانیاری کە لەگەل زانستە سرووشتیەکان بوونە بنچینەی رۆشنبیری‌یە لە کۆمەلگا .

بێگومان گەشەکردن‌و پێشکەوتنی لقە نوێ‌یەکانی زانیاری لەسەر حیبای کتربوون‌و لاواز بوونی وێژەو هونەر نەبوو ، ئەگەر بە پێچەوانەی ئەوە نەبێ . چونکە سالە رابوردووەکانی ئەو دوو سەدەیە ، شاکارەکانی بەرزی ئودەب‌و هونەری بەخۆیەوە دی ، کەلە دانەرو ئەدیب‌و هونەرمەندی وەکو تولستوی ودستوفسکی وفکتور هوگوو پوشکین‌و وصکوف‌و بلزاك‌و موزارت وبیتهوڤن ، گەلێکی دیکەی وەکو ئەوانە ، بەدەرکەون ، کە لەم کورتە باسە بومان نالوێی بە یاسی هەمویان بکەین‌و بەدرێژی باسی ئەدەبی قوناغەکانی رابووردوو بەراوردیان بکەین .

ئەدەب‌و هونەرو زانستیە مرۆڤایەتیەکان بەرەو سەبرغ دان پشکنیتەوەی ژیانی راستەقینەی مرۆڤ‌و خەم‌و پەژارەی رۆژانەیەوە چوو ، وەکو ئاوێنەیەکی بێگەرد وێنەی بزوتنەوەی کۆمەلایەتی‌و سیاسی‌و رەوشتی بەدەر دەخست‌و لە لایەکی شەوە وەك میکروسکۆپیك ناکۆکی‌و مل ملانێی و گشت نەخۆشیەکانی کومەلگای بێ دەدیترا .

خەم‌و پەژارەو بیرکردنەوەی مرۆڤ بەرەو بنیات نانی گومەلگایەکی گونجاو لەگەل بیرو ئاواتەکانی دەچوو ، ئەو کومەلگایەی خالی‌یێ لە عەیب‌و تاوان‌و گشت‌جۆرە رەوشتێکی بەد وەکو خۆ پەرستی‌و تەماعی‌و کوشتن‌و دزی‌و تەلەکبازی‌و فرۆفێڵ‌و دوو رووی‌و درۆ هێید جگە لەوەش چەمکەکانی ئازادی‌و عەدالەتی کۆمەلایەتی‌و برایەتی‌و یەکسانی ، بووتە شتێکی بنەرەتی لە بیرو هۆشی زۆربەی نووسەرو دانەراتی کومەلایەتی‌و سیاسی‌و هونەری ، بەهەمو جۆرە جیاوازیەکانی بیرو باوەریان ، هەر لە ریالیزمە شورشگیرەکان تا دەگاتە ئەوانەی کومەلگا هەلبژار وەکەیان لە خەیاڵ‌و ئەندیشە درووست دەکەن .

رۆشنبیری لەسەدەی بیستەمدا پای نابە گورەپانی شورشێکی راستەقینەی گلپە داری بەردەوام ، چونکە ئەو گورین‌و پێشکەوتنەی لە گورەپانەکانی زانستاو تەکنەلۆژیا هاتە کایەوە هێندە مەزن بوو لە مەزەندەی ئەقلی مرۆڤ دەچووە دەرێ ، بە تایبەتی پێشکەوتنی زانستە سرووشتیەکان‌و تەکنەلۆژیای ئەتۆم ئەلەکترونیات ، کە ئادەمیزادی خستە سەر پێیگەی قوناغێکی نوێی دیاری‌کراو . زانست ئەگەر توانیبیەتی لە دووسەدەی رابوردوودا مرۆڤ لە چوار چیوەی کومەلگاکانی بێنیتە دەرو بۆ رخساندیێ تا لە دەریاو زەریاکاندا بەکەیفی خۆی بخولێتەوە ، ئەوا لە نیوەی دووەمی ئەم سەدەیە توانی بەکشتی‌یە ئاسمانیەکانی لە دەورو بەری زەمین نحولیتەوەو بەرەو ئاسمانیکی دوور و بێ سنوور بروا ، بچیتە ناو مانگ ، بەگەلێ تاقیکردنەوەی زانستی هەلسێ‌و نهینی‌یەکانی ئەستیرە گەوەکەکان‌و (مجرات)ی دوور ، بدۆزیتەوە .

ئەو بەرەو بێشچوونە سەر سوورینەرانەی مەیدانی هاتوچۆ کردن ، لە مانگەدەستکردەکان‌و فرین‌و بروسکەو تەلیفون ، شورشێکی راستەقینەی لە بواری رۆشنبیری بەرپاکرد ، چونکە ئەو مەودا دوورانەی میللەتانی لە یەك جیاواز وەکردەوە بووتی بۆ نەما . لە لایەکەوە ئاسۆ بەرفرەوانەکانی تێکەل بوونی رۆشنبیری خولقاندو ریگای خۆش کرد بۆ بەرەو پیشەوە چوون بە هەنگاوی خیرا یە رەو رۆشنبیری‌یەکی زانستی‌و جیهانی . لە لایەکی دیکەشەوە ، ئەمانە لەگەل سیتەماو رادیو‌و تەلەفزیون بوونە پەنجەرەی کراوە بۆ ئەوەی رۆشنبیری‌و هەمو جۆرە زانیاری‌یەك یگابە جەماوەر لە هەمو جیگاو شوینێکدا . هەموو لە مپەرەکان هەلگیران‌و مرۆڤ بە ناچاری کەوتە ژیر تەوژمیکی بە تێنی ریژنەی هەمە جۆریکی زانیاری‌و هەوالەکان .

شێوازی راگەیاندن‌و رۆشنبیری گەیاندن بەخەلك گەلێ پێشکەوت ، کاروباری لە چاپ دانیش تا رادەیەکی ئەو تۆ بەرەو پێشەوە چوو کە بە ماوەیەکی کەم ملیونەها نوسخەی چاپەمەنی هەمەجۆر لە کتێبە زانستی‌و رۆشنبیری‌یەکان‌و گوفارو رۆژنامەو گەلە جۆری بلاوکراوەی تر بخرێتە بەردەم خوێنەران ، وابوو کارێکی گرنگی کردە سەر رێرەوی پێشکەوتنی هونەریش .

وەنەبێ ئەم پێشکەوتنە بەس لە ئەورووپاو کومەلگا پیشەسازی‌یەکانی پێشکەوتودا هەبێ ، جاچ رژیمی سەرمایەداری‌یێ یاسوشیالیزمی ، بەلکو دیاردەیەکی دیارە زوربەی ولاتەکانی جیهانی سێ‌یەمدا ، بەلام بە پلەیەکی جیاوازو بە پێی پێشکەوتنی هەر ولاتێك‌و لە گشت لایەنە جۆراو جۆرەکانی‌و بەپێی پەیوەندی‌یەکانی ئەم رژیمانە لەگەل میللەتەکانیان وتاج رادەیەك بایەخ بەرۆشنبیری دەدەن .

هەنگاونان بەرەو قەلاچۆکردنی نەخوێندەواری لەگەلێك لە ولاتانی جیهانی سێیەم زۆرکردنی فیرگەکان‌و فرەوان کردنەوەی خوێندن بە تایبەتی خوێندنی بالا ، رادەی رۆشنبیری جەماوەری‌و پلەی هوشیاری بەرز کردەوە . هەروەها بازنە رۆشنبیرانی فرەوان کردەوەو رۆشنبیریش بۆ چینێك یا کۆمەلێکی دیاری کراو تەمایەوە .

ئاڵ‌و گۆڕ کردنی رۆشنبیری لە نێوان نەتەوەو میللەتەکانی جیهان‌داو ئاراستە بوونی ژمارەیەکی زۆری خوێندکاران بۆ زانستگاکانی ئەورووپاو ولاتە پێشکەوتووەکان‌و دامەزراندنی مەلبەندەکانی توژینەوەی زانستی‌و بەستنی کونگرە دولەتی‌یە زانستیەکان‌و ئەمانە هەمووی بوونە هۆی قوول بوونەوە فرەوان بوونەوەی چەمکەکانی رۆشنبیری .

ولاتی ئێمەش لەم رێبازەی باسم کرد لای نەدا ، بەلکو دەتوانین ئەوە بڵێین پاش شۆڕشی چوار گەلاویژی ساڵی ١٩٥٨ کە رژێمی پاشایەتی‌و نێمچە دەرەبەگایەتی روخاندو دەسەلاتی بێگانەی رامالی‌و کوتایی بەقوناغێکی تەواوی دواکەوتنێکی هەمەجۆر هێنا ، رۆشنبیری گۆرینیکی چونیەتی گەورەی بەسەرداهات .

شورشی جوارەوەی گەلاویژ جگە لەوەی کە شۆڕشێکی سیاسی‌و ئابوری‌و کۆمەلایەتی بوو ، بەلام گلپەی شورشێکی رۆشنبیریشی هەلگیرساندو هەمو جۆرە بیرو راو چەمکەکانی چینە چەوسینەرەکان‌و حوکمڕانەکان‌و دار دەستەیان‌و لایەنگیرانیانی رامالێ .

و شەکانی ئازادی‌و دیموکراسی‌و عەدالەتی کۆمەلایەتی کەوتنە سەر زمانی ملیۆنەها کەسی ولاتەکەمان ، لە هەمان کاتیشدا خورانات‌و بیروڕای چەوت‌و دواکەوتوو لە نێو رێژەکانی میللەتدا ، بە تایبەتی لە دێهاتەکان‌دا ، بەرامبەر لیژنەی بیروباوەرو چەمکەکانی نوێ کشایە باشەوە . لە هەمان کاتیشدا رۆشنبیری‌یەکی شورشگیرو روخسار زانیاری‌و گونجاو لەگەل ئادات‌و ئامانجەکانی میللەتەکەمان هاتە کایەوە . پارتە سیاسی‌یەکان رولیکی کاریگەریان گیرا بۆ هەلگیرساندنی ئەم شورشە رۆشنبیری‌یەو سیاسەت‌و رۆشنبیری سیاسی تابۆی کومەلە خەلیکی تەسك نەمابەوە ، بەلکو وەکو ئاگر پووشی گرتەوەو گەیشتە دوورترین شوێن‌و ناچەس دیهانەکان .

(ماویەتی)

گەشتێك بە ناخی تەمەندا

جەمال بابان

دێی بەرزنجە ئەکەوێتە ناوچەی شارباژێرەوە ، ناوچەیەکی شاخاوی‌و سەختە ، وەك سەختی ژیانی دانیشتوانی ، زوربەی ژیانی ئابوری‌یان بە میوەجات ،واتا بە رەزو باخاتەوە بەندە چونکە زەوی‌یان کەمە بۆ مەرەزەو توتن‌و گەنم‌و جۆ .

بەلام لەو دەشتی مۆڕباسەی نزیك بەرزنجە نیسك‌و نۆك باش ئەچێنرا ، باقی زوربەی بەرهەمیان ترێ‌و ئەوەی لە ترێ دروست ئەکرێت وەك مێوژو باسوق‌و سنجوق ، ئەوسا واتا ساڵی ١٩٣٦ کە ئێمە لەوێ بوین (بەررو) شیان بەکار ئەهێنا بۆخواردن ، لەو دار قەزوانەی ئەو ناوە تەزبیحی ئەبڵەقی ئەوەندە جوان وپرر لەخاڵ‌و نەقش پەیدا ئەبوو ، پیاو دڵی نەئەهات سەبری بکات ، بێگومان بە گرتن زیاتر بە دەستەوەو سوونەوەی بە هەردو دەست ئەوەندەی تر بریقەی لێ پەیدائەکرد .

بەرزنجەیین ناوی سەیربان لە خۆشیان‌و لە خەلکیش ئەنا ، بە جۆرێك نەبوو (لقب) یکی نەدرابێتە پاڵ وەك (کەریمە کەلە ، حسە دەلبە ، رەشە رەبە ...) وزۆری تر لەم بابەتە .

هۆی هاتوچۆو گواستنەوەیان ئەوسا زیاتر ئیستر بوو بەوەدا کە ڤلاخێکی بە هێزو پتەوە بۆ ناو شاخ‌و داخ ، دوای ئەو (نیرەکەر) بەلام هەرگیز (ماکەر) یان رانەئەگرت ، نازانم هۆی چی بوو ، رەنگ هەیە لەبەر ئەوە بوبیت (مێ) وەك (نێر) نەتوانێ لەو چیایەداو لە هاتوچۆدا بەرگە بگرێت .

هەروەها ئەوەی سەرنجی راکێشام لە بەرزنجەی ئەوسا ئەوەبوو گەنجەکانیان بە زۆری ئەبوون بە سەربازو پێیان ئەوتن (کوری حکومەت)، جا، کە بۆ پشوو ئەهاتنەوە، کەواو سەلەکە، یا شەروال‌و مراخانی‌یان لەبەر ئەکرد، پشتێنێکی قەف ئەستووریان ئەبەست خەنجەرێك بە تەزبیحێکی موروی زەرد یا سورەوە ئەیەیان دا لە پشتێنەکەو سەریان (قوچی تاش) ئەکرد‌و کلاوو مشکیان لەسەر ئەنا ، لەسەر بانیژەو بەلای کانی ژاندا پیاسەیان ئەکرد شابان بەگەدا ئەزانی . خۆ ئەگەر شاپیەك باهەڵپەرکی‌یەك بوابە . قریوەو های‌و هووی ئەوانە پیاوی کەرر ئەکرد .

مەلا فایق(بەختیار زیوەر)کوری زیوەر ئەفەندی ئەوسا لە بەرزنجە لای باوکی بوو . بەلام من زیاتر بە فەقێ ئەهاتە پێش چاووم لام وابە ئەوساکانی (شیعر) هیشتا بە تەواوەتی لە دەرونیاهەلنەقولا بوو . باری‌ی تەندروستیشی زۆر تەواونەبوو بەلام یاخوا بە رەحمەت بێ زیوەر ئەفەندی . ئەك هەرمامۆستاو شاعیرو ئەدیب بوو بەلکو باوکیکی دلسۆزوپیاوێکی ئەوەندە بە رێزو روو خۆش بوو . منداڵێکی وەك‌ئەوسای من نەك هەر لە قوتابخانە بەلکو حەزم ئەکردهەمیشە لە خزمەتیا بم . ئەوسا (جمعیەی طیران) لەجەژنەکاندا بۆ (تبرعات) کۆکردنەوە . وردە کاغەزی‌بڵاو ئەکرددوە کە تەمغەی سووری فرۆکە نیشانی پێودبوو ئەیان‌دا قوتابی . بە دەرزیەکی سەر خرر ئەمان‌کرد بە یەخەی خەڵکدا .سا هەر کەسە فلسێك یا دوو فلس یا عانەیەك (چوار فلس) خۆ ئەگەر یەکێك دە فلسی‌بدایە ئەوە بە ددولەمەند دائەنرا . من کە ئەم ئەرکەم‌بەردو روو کرابوودوە لە یەکێك لە جەژنەکانا ، لەگەل‌هاورێکەم خۆمان کرد بە مالی مامۆستا زیودردا .خەلکێکی زۆر دانیشتبوون ، دوای ئەوەی‌تەیاری ، کاغەزمان کرد بە بەروکی دانیشتواندا ،مامۆستای بەرێز سەد فلسی خستە سندوقەکەمانەوەو فەرمووی هەموو میوانەکان وێری منن‌و پارەیان‌لێ‌ودرمەگرن .

ئەوسا لە پۆلی دووی‌سەرەتایەوە دەرچووم بۆ سێ ئیتر باوکم لە بەرزنجەوەگویزرایەوە بۆ (ناحیەی تانجرو) واتا بو (عەردەبەت)نزیك سلیمانی . ساڵ بوو بە ١٩٣٧ .

ناحیەی تانجەرۆسەربەقەزای مەرکەزی سلێمانی‌یە سنووری لە لای رۆژاواوە تابن دەستی سلێمانی ئەروات لە رۆژهەڵاتەوە نزیك گریزەوموانەو سنووری ژوورو زنجیرە شاخی گۆیژەوسنووری خوارووی زنجیرە شاخی قەرەداغە . هەندیك‌لە دیهاتی ئەکەونە ناوچەی شارەزوورەوەو تێکڕاناووهەوای وەك هی شارەزوورە (هەندێك دیهاتی‌نەبێت وەك زرگوێزی گەوردو زرگوێزی بچوك و... چەندی‌یەکی‌تر). ناوەکەشی بەناوی چەمی تانجەرۆوەیەکە بە ناوەراستیا ئەروات تا لەو سەرەوە تێکەڵ بە سیروان ئەبێت‌و روباری (دبالی) پێك ئەهێنن‌و ئەم‌روبارەش ئەرژێتە (دجلە)وە. ناوی (تانجەرو)ش بە بروای‌من لە (تاج‌ـرود)دوە هاتوە کە ئەکاتە (روباری تاج یاخودسوڵتان) چونکە لە کاتی خزیدا ئەرزو ئاوەکەی ئەو ناوە هەمو(میری‌ی) واتا هی حکومەت بوون لە کاتیکدا کە دەور ،دەوری عوسمانی‌و هەمو شتێك بەناوی سوڵتانەوە بوو

چەند دێهاتێکی (ناحیەی‌تانجەرۆ) ئەکەونە ناوچەی شارەزوورەوە ، وەك دێی(قەرەگۆل) و (خاك‌و خۆل مەلبەندی شاعیری مەزنی‌مەلا خدری نالی)و ئەم دودێ بەراست ئەکەونە سەررووباری تانجەرۆ ، هەروەها دیهانی بیستانسوری گەورەوبچوك وزیر بخوو دسکەردو باریکەو چەند دێی‌یەکی تر ،تاکو عەرەبەت خۆشی بە شارەزوور دائەنریت .

(شارەزوریش ناوچەیە کەلە عەربەت‌و گریزەو موانەوە دەستپێ ئەکات تا نزیك هەلەبجە وهورمان ئەم لاو لاکەشی‌زنجیرە شاخی قەرەداغ‌و گویژەو ئەو شاخانەی ترن‌کە لێیان جیا بونەتەوە ئاوو هەوای لە هاویندا گەرم‌و کەمێك ناسازو لە زستاندا بە باران‌و کەمیك سارده . سازترین ناوچەی کوردوستانە بۆ کشت‌و کال. جگە لەوەی‌شوینیکی مێژوویینی گرنگەو

بروانە ل ١١

وارەکێ بێ دەنگ

زیاد نقیب بروارى

— ١ —

لودرزەکێ ساڵەکا درەنگ ..
لناڤ وارەکێ سار وبێ دەنگ
هەی هەوار ...!
ئەڤ ئەڤینی‌یا
کویر ودوژوار ..
داڤێت خوێید ..
ڤەداین
خو دکێشیتە ..
ناڤ ولێد پر هیڤی
وژیان ..
گرێ ڤینێ
گەرماتی یێ . .
دەنگەکێ بهێز ..
لدوورێت واری
بەلاف دکەتن . .
بەلاف دکەتن . .
× × ×

— ٢ —

لناڤ توخیبێت
ئەڤیندارا
لدوور ورەخێت
شەنگە کولێت
تەڤ ئاقارا . . .
پەری‌یەکا
بەژن زراڤ ...
نە هێلابوون
چ رویبار و . .
کانی ودەراڤ
چەند هوزانەك ..
حەبرانوکێد . .
ئەڤیندارا
بوو دڤەهاندن . .
بێ دەنگی‌یا
لرەخێت واری
دڤەرەهاندو . .
دکرە شاهی

دکرە شاهی
× × ×

— ٣ —

لسەر رویبارێ
خەملا وارێ من
گەش دکەتن
گورنژینا ..
ژلیڤێد جانێ .. دباربشن
ملدوورا چاند .. .
کرە چەبەر ...
دا چ سکر
ئێدی ..
پێلیت رویبارێ من
بێ دەنگ نەکەن
بەرێ ئاڤێ ..
ژناڤ وارێ من
نە وەرگێرن
نە وەرگێرن
× × ×

ئۆ ... دێ شینبت ئۆمید

● نزار بەزاز ●

ئێ .. پشتی تە ..
دێ ساڵ زڤرن
تەحڵ‌و بێ تام
دارو بار
دێ مینن بێ بەلگ
دێ وەریێن پەرێت باندا

مینە بێ چەنگ
دێ خاڤ‌و سستبن لبەر خەما ..
خورت‌و چەلەنگ
دێ چرمسن —
دل‌و کێلەك
نێ .. پشتی تە . .
دێ لبوهارێ بیتە هزرەت . .
چەند گول‌و رەنگ
دێ پێتی‌بن بەرێت چیا
دێ لناڤ دەریا ..
قولپن کەلەك
نامینت بو زێری بوهە
بێ قیمەت دێ مینت
بێ سەنگ
ئەڤ جیهانە . .
دێ تەنابت
مینت بێ دەنگ
دێ ژ هەمی ساخا خالیبت
مینتە بێ خەلك

● ● ●

نێ .. پشتی تە . .
دێ شێل‌و بێل ..
لتەڤ کانیکێت هزرو بیرا ..
بتە مێهان
ئێشێت خەما ..
دێ ل رحتیێ ..

کەنە تالان
باهۆزو باهۆرەو بارۆف
ناهێلن چپکێت خونائاو
پێلیت دل فەکەر
بێ تالان
دێ دلێ من ..
لناڤ تەڤ بیرا
لناڤ ئاشۆپا
بتە ڕێڤینگ
چاڤ دێ ل ئاوەرا بن ..
زینەدان
نێ .. پشتی تە ..
چەند درێژ ببتن ژیان
دێ دلێ‌من ل خەر برینا ..
بیتە شەقان
دێ مینیتن دلەکێ ژار
یێ بێ خودان
بەلێ چ جارا .. چ جارا
نا هەرشیت ..!!
ژ بەر چ دەردا بنیت زەمان
ئۆ دەما ڕوندك ببارن
ل سەر فان ڕیا ..
بکەن سەیران
دێ ئاڤدەن شتلیت ئۆمیدا
دا بیەڤن . .
گولیت بوهارا
خۆ هەر نامینیت . .
زڤستان .. !!

● ● ●

Institut Kurde de Paris

ئەستێرانێن دروینا

رمضان عیسی

هەی یاریێ یاریێ — شەمامێ یاریێ
هەی یاریێ یاریێ — بویکێ نازداریێ
رویکێ شەمامێ — کولیلکا هناریێ
خالا ل گەردەنێ — روژ چوو ئێفاریێ
دێ تەب دوز گرم — هەیڤا ئاداریێ

★ ★ ★

هەی دینێ دینێ — شەمامێ دینێ
هەی دینێ دینێ — دوتمامێ دینێ
رویکێ شەمامێ — کولیلکا بەیبوینێ
خالا ل گەردەنێ — روژ چوو هافینێ
دێ تەب یار گرم — هەیڤا کانوینێ

★ ★ ★

ل رەزێ مەلایی — دوو تەیرێت بێژن
حوری ل عەسمانا — روندکا دا درێژن
بەربوبکێت لاوا — چەند د کەڕ و گێژن

★ ★ ★

ل رەزێ مەلایی — دوو تەیرێت خوینن
حوری ل عەسمانا — روندکا د بارینن
بەربویکێت خورتا — چ د هار و د دینن

★ ★ ★

رەزێ سەبدایی — چ رەز رەزۆکە
بێ د نافدا د خوینن — بلبل و تۆکە
یاریێ یا رەندە — هێشتا کەجکۆکە

★ ★ ★

باغێ مەلایی — یێ ب دار هژیرە
یێ د نافدا د خوینت — تەبرەکێ پیرە
بەربویکێت لاوا — ستو بەر زنجیرە

★ ★ ★

هەی یاریێ یاریێ — شەمامێ یاریێ
هەی یاریێ یاریێ — بویکێ نازداریێ

★ ★ ★

ئەڤ سترانە من یا ژ زاردەڤێ (حجی مصطفی احمد) خەلکێ گوندێ کواشێ یاوەرگرتی و ل نك من یا تومار کریە و ب دوو قولی یا هاتیەگوتن دگەل (حجی عیسی) خەلکێ گوندێ بێسکێ .

کورتە

ووتەیەك

بەلگەیەکی ئەوەی کە رۆژنامەکەمان لەبەر دلی زۆربەی خوێندەواراندا ، خۆشەویستەو پلەو رێزی تایبەتی‌ی خۆی هەیە ، ئەو هەموو بەرهەمە ئەدەبی‌و رۆشنبیری‌یە زۆرەیە کە گەنجینەکەمان پڕ دەکەن‌و ئەوەیە کە دەستو دیاریی نووسەران‌و رۆشنبیرانمان لێ نابڕێت ..

بەرهەمەکانیش هەمە جۆرو رەنگاو رەنگن ، بریتین لە فولکلۆر ، شیعر ، چیرۆك ، پەخشانی هونەری ، لیکۆلینەوە رەخنەو وتاری زانستی‌و رۆشنبیری جگە لە بابەتەکانی تر .. جا بۆ وەدیهێنانی ئاواتی بەشی زۆری ئەو براو خوشکە نووسەرانەو بۆ هاندانی وەچەی نوێی کوردی دۆستو ئەدەب پەروەرو لاوانی تازە هەڵچوو .. بۆ ئەوەیش باری سەرشانی گەنجینەی رۆژنامەکە سووك بکەین ، ئەوە پەسەند کرا کە مانگێك جارێك لاپەڕەیەك بۆ ئەدەبی لاوان تەرخان بکەین ..

ئیتر هیوادارین کە ئەم لاپەڕەیە جێ رەزامەندی‌یان بێ‌و لە ئاستی خزمەتی وشەی کوردی‌دا سوود بەخش‌و بەکەلك بێ .. سوپاس .

هاوکاری - بەشی رۆشنبیری -

سەرباز

ترس لە کەوتە ، هەڵە حوکمی چاو
ریگات وون نابێ ریگای خەباتت
پەیمانت داوە تۆ بە نیشتیمان
بە خوێن ئاوبدەی داری ئاواتت

قادر خەبات - رانیە

★ **کاك فەرەیدوون عوسمان حەسەن :**

مرۆڤ نابێ ئەوەندە رەش بین بێ ، چونکە منیش تەنیا لەگەڵ ئەو دێرە شیعرەتدام کە تیادا ئەڵێ :

با ڕوو رەشی کەین ئەوەی بەد کارە
بە خۆشی بژین ئەوەی دڵدارە

★ **پەرەی دەلۆیی :**

ئاواتەخوازین زیاتر خۆت خەریکی شیعر خوێندەوە بکەیت‌و لە دوا رۆژا بەرهەمی باشترمان بۆ بنێری .

★ **نەوزاد محەمد رەشید - سلێمانی :**

تا ڕادەیەکی باش هەستی شاعیریت تیا دیارە ، داوای سەرکەوتنت بۆ لەکەین .. زۆر سوپاس .

★ **ئەدیبە غەمبار ..**

شیعرەکەت هەرچەندە پڕ لە وێنەو تابلۆی تارێکە بەڵام ئەوەی تێدایە کە ببێتە نیشانەیەکی باش بۆ مامەڵەکردنت لەگەڵ جیهانی شیعردا .. ئاواتەخوازین زیاتر خۆت خەریك بکەیت .. سوپاس .

★ **تاریق کاریزی ..**

ئەو شیعرەی کە کردۆتە کوردی بە عەرەبی زۆربەی خوێنەران چاویان پێ کەوتووەو شاعیرەکەش ئەوەندە ناسراو نی‌یە ، هیوادارین بەرهەمی ئەو شاعیرانەمان بۆ بکەیتە کوردی کە لە مەیدانی ئەدەب‌و رۆشنبیری‌دا ناسراون .

★ **عباس صالح عبدالله ... سلێمانی :**

بابەتەکەت نووسینیکی جوانەو ئەوە ئەهێنێ کە بڵاو بکرێتەوە، بەڵام بەداخەوە کاتەکەی بەسەر چووەو ببورە لەوەی کە ناتوانین بڵاوی بکەینەوە .

★ **غەریب شوانی ..**

کاکی خۆم ئادەمیزاد نابێ ئەوەندە بێ دەسەڵات بێ ، چۆن وات لێ هاتووە نازانی چی بکەیت ؟!

بە بروسکە

★ **صلاح سلیم سیدوك ..**

ئاخر پیم ناڵی بۆ وا لە مەم ئەکەیت « تف » لە زین بکات ؟ گوناهی ئەو ئافرەتە شەیدایەو وەفاداره چیە بەم مەسەلانەوە ببەسترێتەوە ؟

★ **عومەر خدر نورالدین ..**

تۆ بڵێی ئەو یارە ئەوەندە جوان بێ کە وەکو بروسکە کار لە دڵ بکا ؟ بەڵام ئای بۆ دارشتنە شیعری‌یەکە !

★ **نیازی . و - رانیە ..**

ئەم هەست بە نامۆیی‌و سەر لێشێواوی‌یە بۆ ئەوەندە زاڵ بێ بەسەرتا ؟ ژیان مەیدانێکی فراوانەو کورد واتەنی ئەمە ئەرزو ئەمە گەز .

● **برایان ..** کامەران کوێستانی ، عبدالواحد ادریس شریف ، جەوهەر ئەنوەر شێخانی‌و ئیسماعیل ئەنوەر شەفیق ، ئاوات ئەحمەد مەحموود ، عومەری حەسەن دەولەت ، فوئاد خۆگر ، ئەحمەد محیەدین قەلادزێ ، عوسمان عەلی کەریم ، مستەفا جندیانی ، زاهیر حمە غەریب .. هیوادارین شتی باشترمان بۆ بنێرن .. داوای سەرکەوتنتان بۆ ئەخوازین .. زۆر سوپاس .

● **خاوەنی بەرهەمی :** « بۆ خۆشکێکی ئەو دیو سنوور »و « غەم دەوامی زۆرە »و « خەون »و « من‌و چیا » بەرهەمەکانتان تا ڕادەیەك تیشکی سەرکەوتن‌و روونا‌کی یان تیا بەدی ئەکرێ هیوامان وایە کە بەردەوام بن لەگەڵماندا‌و لە نووسینە باشەکانتان بێ بەشمان نەکەن .

هەستی هەژاری

دەریای هەژاری ئاوێکی ڕوونە
ئاوێنەی ڕۆژگار سۆزی دەروونە
هەستی هەژاری بەهاری دڵە
تابلێی پاکەو هەوێنی گوڵە
ناخی پڕ سۆزەو ..... ئەشنێتەوە
مۆمێکی گەشەو قەت ناتوێتەوە

عەبدلڵاساڵح

شاربازێری

سیمفۆنیایەکی نوێ

بەپەنجەی .... زامو خەیالی .... خەونەکانم قژی .... شەوە درێژەکان شانەئەکەم زوڵفی ڕەشی .....

یادگارە .... جێماوەکان ئەهۆنمەوە شەوەو .... تاوێکی درێژە

لە ناو دەریای بیرکردنەوەو سەرسامی‌دا تەنیاو ... تاکم ... جێم مەهێلە ئەستێرەکان ، وا بە جریوەی ناسکەوە بانگی ..... چاوەکانت ئەکەن .

وا پێت ئەڵێن :

جێی مەهێلە - جێی مەهێلە

ئیبراهیم عوسمان رەشید

ڕوانەوە لەسەر سینەی ئاواتێکا

لە هیچ ڕۆژێك بەیان نادا
تا لە شەودا
زەردەخەنەی سەر لێوی تۆ
وەکو ئاورینگ بەسەر گەڵای
خەرەکانما نەنێشەوە .
هیچ سروەیەك لە بەیاندا
سەر دەرناکات
تا هەناسەی چرپەی شەوت
لەگەڵ دێڕی شیعرەکانما
ئاوازی بۆ تەڵینەوە
بۆیە ئەگەر هاتوو شەوێك
خوانە خواستە ، لە من دوور بیت
بەیانیم لێ نابێتەوە
سروەش ئاوازی وون دەکا
حێگاکەشم ئەبێ بە ئاگری دۆزەخ
تاکو منی دێوانەی تۆ
وەکو بەفر ئەتوێمەوە
بەڵام دواپی هەر ئەبینیت
وەکو نەمام لەسەر گۆنات
لە خاکی بەین هەردوو لێموت
بە قەد باڵات ئەڕوێمەوە
هەڵبەستت بۆ ئەڵێمەوە

٩٨٤/٣/٨

هیواسالەیی

تۆ...

تۆم دانابوو ... پزیشکێ بی
لەگەڵ زامەکانما ، بدوێی ...
بە هێمنی تێتگەیەنم -
زامەکان بۆ سارێژ نابن !؟.
برینەکانی ئەم دڵەم ..
بۆ هەرگیز قەتماغە ناکەن !؟
تۆم دانابوو چارەسەر بی ..
بەدەستی خۆت .. بەکە یەکەی‌برینەکانم-
سارێژکەی
کەچی پەنجەت .. لە باتی چار ..
نینۆکی گیر کرد لە .. زامو
ئەو برینەی دوێنێ‌و ئەمڕۆ ...
سارێژ بوو بوو .. بیر چوو بووەوە
ئەوانیشت هەژانەوە ..
ئەوانیشت .. ئێشانەوە !!...

پەیمان احمد

خەم لە باوەشی زام

- علی صالح میران -

کاتێ کە خەم پێ‌ئەنێتە ...
سەر سینەی دڵ ...
خە نجەری تەمی ئەچێتە ...
باوەشی زام ،
هەر ئەندامێ کە پەبامی خوێنی دڵی ..
بڕژێتە ناو ...
ناچار ئەبێ لە تاوی زام ...
هاوار ئەکا ،
چ - هاواری ؟!
کانگای دەروون دێنێتە جۆش ،
فرمێسکی قین ...
ئەکا بە سیروانی خرۆش ،
چاوی دووربین ..
دەر بەست ئەکا ،
پێنوسەکەم دێنێتە کار
لاپەڕەکان بە هونراوە .. تێر ئاو ئەکا .

شەپۆلی رووبارێك

تاشە بەردێکی گەورە
پێشی بە شەپولی رووبارێك گرت‌و
هەرەشەی بوونی لێکرد
شەپولیش ناچار
خۆی خستە باوەشی کەنار
لەو کاتەوە کەناری رووبار
سەوزایی‌و گوڵە
وەك کێڵگەیەکی
وەرزی بەهار .

عمر میراودەلی

دڵ

چەند خۆشە دڵ روو لە شادی بکا
سێو لە باخی سێوا ندەربکا
ئارەزومە ژیانێ بێ مەینەتی
تف لە ژینی سەخت‌و ناهەموار بکا
ئەو گەردەلولەی خەزان ئەیهێنێ
گەلای هەزاران دار ئەوەرێنێ
ئەو خونچەی شەماڵ پەروەردەی ئەکا
لەولاوە بە دێ ریشەی دەردێنێ

صلاح سلیم سیدوك
٩٦٧

نرخی گوڵ

ژیان هۆنراوە دەفرۆشێ
منیش دەستم ناگیرفانە
چەند چەپکە گوڵم لێ‌کڕی
بە بینایی چاوەکانم
بەڵام بریا
گوڵی ، هەڵاڵە خۆشبۆی ، گەش
هەرگیز نەیدیبایە قیرەو
دەنووکی ڕەش

مجید حمد امین سلیمان

Institut Kurde de Paris

عەرەفات

رژێمی سوریا دەستی هەیە لە پیلانی لەناوبردنی بەرگری فەلەستیندا

بەریز یاسر عەرەفات سەرەکی لیژنەی تەنفیزی ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستین ووتی حافظ اسد سەرەکی ڕژێمی سوریا دەستی هەیە لەو پیلانە ئەمریکای زایۆنیەی کە دەیەوێ بەرگری فەلەستینی وێران بکات و نەخشەهۆگەریەکانی خۆی بچەسپێنێ بۆ دابەشکردنی لوبنان وەکو پێشەکیەك بۆ بلاوکردنەوەی گیانی دابەشکردن و سەپاندنی لە نیشتمانی عەرەبدا .

عەرفات لەو ووتارەی بۆ دەستەیەك لە هێزەکانی بەرگری فەلەستیندا لە ئوردوگای دۆلی (الزرقە)ی نزیك پایتەختی تونس هەوڵو تەقەلاکانی ڕژێمی سوریای تاوانبار کرد بۆ وێرانکردنی بنکەکانی شۆڕشی فەلەستین و دەزگاکانی هەروەها ووتی حافظ اسد لەگەڵ هێزەکانی زایۆنی دوژمندا بەشداری دەکات بۆ ئابلووقەدان و بۆردومان کردنی هێزەکانی بەرگری فەلەستین .

هەروەها بەریز عەرەفات ووتی ڕژێمی سوریا بە گوێرەی ئەو پیلانە نەخشە کێشراوە هێزەکانی فەلەستین و لوبنانی بەجێ هێشت کە بە تەنیا بەرەنگاری هێزەکانی دوژمنی زایۆنی ببنەوە ڕۆژانی داگیرکردنی بەیروت لە ساڵی ١٩٨٢ بێ ئەوەی هیچ لە شوێنی خۆیدا جوولە بکات .

ووتی مێژوو ئەم هەڵوێستە ڕوو ڕەشە تۆمار دەکات بۆ ڕژێمی حافظ اسد و هەروەها ئەو تاوانەی تۆمار دەکات بە هەڵسانی هێزەکانی ئابلووقەدان و بۆردومان کردنی شوێنەکانی هێزە فەلەستینەکان لە طرابلس و دەشتایی البقاع بە درێژای پاییزی ساڵی ١٩٨٣ .

هەروەها سەرەکی ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستین ووتی ئەو پیلانەی دژی شۆڕشی فەلەستین دەکرێ بە شێوەیکی تایبەتی بەردەومە بە هاندانی بێ سنووری دەسەڵاتدارانی دیمەشق بۆ بزوتنەوەی دوو بەرەکی لە ڕیزەکانی بەرگریدا و بە هەوڵو تەقەلا زۆرانەی بۆ کۆسپ خستنە بەر کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی نیشتمانی فەلەستین .

عەرەفات لە ووتارەکەیدا ووتی سەرەڕای هەموو ئەو تەقەلانە ئەنجوومەنی نیشتمانی فەلەستین توانی بە پشتگیریکردنی گەلی فەلەستین کۆبێتەوە لە عمان و ئەنجامی زۆر چاك . بە کە بوە هۆی حەپەساوی دوژمن و ئەوەی دووپات کردەوە کە شۆڕشی فەلەستین لە هەر وەختێکی تر بە هێزترە سەرەڕای ئەو دەردەسەریانەی دوو چاری بوو ، وەبەردەوامە لە پاراستنی سەربەخۆیی و وەرگرتنی بڕیار . .

«کۆرش ئەفشارپەناه»

دەرهێنەرێکی سینەمایی ئێرانی

دەرهێنەرێکی سینەمایی بەناوبانگە لە ئێرانا ، پێنج مانگ لەمەوپێش توانی لە دۆزەخی خومەینی هەڵبێ و بگاتە دەرەوەی ئێران .

ترادیدیای کوردەکانی ئێران دەگێڕێتەوە

پاش ئەوەی گەشتێکی دوورو درێژی بە ناوچە کوردیەکانی ئێرانا کرد بۆ گرتنی وێنەو باسکردنی ئەو ژیانە پڕنازارەی کە ئادەمیزادی تیا دەژی لە وڵاتێکدا کە یاسای جەنگەلی خومەینی دەستی بەسەرا کێشاوەو لە یەکەم ڕۆژی چوونە دەرەوەیەوە لە ئێران دەستیکرد بە بلاوکردنەوەی ئەم یادداشتانە .

کۆرش ئەفشارپەناه دەڵێ: بۆ ئەوەی باش کوردستانی ئێران بناسی پێویستە شیوە سەوزەکانی نێوان سنەو مەریوان ببینی بۆ ئەوەی ئاگاداری سیحرو جوانی سروشت ببی و ئەگەر بتەوێ تامی ژیان و شیرینیەکەی بکەی دەبێ دەربەندی کەلاتەرزان ببینی کە وەردی گەرم و جۆدەبڕی و دەبێ دەریاچەی زرێبار و دارستانەکانی مەریوان و شاخەکانی هەورامان ببینی .

ڕۆژانی منالی خۆمم لەنێو شیوو بۆن و بەرامەی ئەم ناوچەیەدا بەسەربرد کە بەنیسبەت منەوە ئەو سەرینە بوون کە بەناوبەینی پالم پێوەبەوە دەدا هەرچەندە خۆم نیشتەجێی تاران بووم، بۆ ئەوە هەراو هووریاو غەلبەغەلبی ژیانی تیا بەجێ بێڵم . وێنەی زۆربەی فلیمەکانم لەم ناوچەیەداگرتووەو ئەمشەویش پاش چەندەها ساڵ دوورکەوتنەوەلەو شوێنەی کە تیایا لەدایك بووم دێم بە ترسەوە کامێراوکاروبارەکانی وێنەگرتنم لە چاڵێکدا دەشارمەوە لە یەکی لە تەپۆلکەکاتی تکلداو چاوەڕێی برادەرەکەم دەکەم تاکو دێت و بەدباریانەوە دەبێت و ئاگای لێیان دەبێت.

نازانی غەریبی یانی چی ئەگەر لەمالی خۆتابی .. غەریبی دەردێکە ئیستەتووشی هەموو ئێرانی یەك بووە .

بە یارمەتی ئەو برادەرەم کە پاش سێ ڕۆژ چاوم پێی کەوت چوومە ماڵەکەمانەوە چونکە بڕیاروابوو بە یارمەتی تاقمێك لە شۆڕشگێڕە کوردەکان دەستکەم بە وێنەگرتنی فلیمێك لەبارەی تاوانەکانی مەلاکانی تاران .

هەر کە گزنگی زێڕینی خۆری بەرەبەیان دەستی کرد بە یاری کردن لەگەڵ پێڵووەکانما لەخەو هەڵسام و .. بەرەو دێیەکە چووم بەڵام شتێکم دی کە ناتوانم باوەڕی پێ بکەم ، ئەو شێوودۆڵو دارستانو دارچوالە بەرزانە هیچ شوێنەوارێکیان نەمابوو .. لەجیاتی بۆنی بەهارو بەرامەی گوڵ بۆگەنی مردن هەموو ناوچەکەی گرتبووەوەهەروەك بڵێی هەرگیز ژیانی تیانەبووبێ .. لە ناگاو تەقەوگیزەی گوللە دەستی پێکرد ، ژنانو منالانی دێیەکە چوونەکون بۆ خۆ شاردنەوە منیش لەنێو شیوو بۆنو بەرامەی ئەم ناوچەیەدا بەسەربرد کە بەنیسبەت منەوە ئەو ئیژەدا هێرشەکانی مەغۆلیو تەتەری بەکانم هاتەوە یاد نایشزانم چی وای لێ کردم گوڵم بێتەوە یاد .. هەر چاوم دەگێڕا بۆ گوڵێك ..بۆگیایەکی سەوز ، بەڵام ئاشوبی خومەینی هیچی نەهێشتبووەوە چونکە ژاری بارووتو بۆمبا مردنو نەمان زیاتر هیچی بەجێ نەهێشتبوو .

کامێراکەم لە چانەکە دەرهێناو فرمێسکەکانم سڕیو خۆمم بۆ وێنەگرتن ئامادەکردو دەستم کرد بە ڕۆیشتن لەم شاخەوە بۆ ئەو شاخو لەم دێوە بۆ ئەو دێو لەم لاشەوە بۆ ئەو لاشە.. دەگەڕام بە کێڵگەو مێرکە مردووەکاندا بۆ ئەوەی وێنەی ئەو منالو ئافرەتانە بگرم کە لە ترسا دەگریانو لە ئازاردا دەیانناڵاندو ئەو لاوە نەبەردانەی کە بە سێدارەوە یا بە لووتی کرێنەوە هەڵواسرابوون یا بۆ وێنەگرتنی نۆبەچی یەکانی پاسدارانی خومەینی کە گیرفانیان پڕبوو لە پاکەتە جگەرەو ئەمووستیلەو بازنی ئەوانەی کە کوژرابوون یا هەڵاتبوون .. یا ئەو پیاوو ژنانەی کە کۆمەڵ کۆمەڵ لە لووتکەی شاخەوە بەرەو شیو دەهاتنە خوارێ بۆ ئەوەی تۆڵەی براو خوشك و منالەکانیان بکەنەوە .. یا فرۆکەکانی خومەینی کە بە بۆمباکانیان خەڵکی هێمن و ئارامیان لەتوپەت دەکرد و ئەو حەشارگانەی کە خەڵکی ناوچەکە دروستیان کردبوو بۆ شاردنەوەی شۆڕشگێڕەکانیان و منالە بێتاوانەکانیان کە خەریکە سوێیان ببێتەوە بۆ بیستنی دەنگی زەنگی قوتابخانە لە جیاتی تەقەو گیزەی گوللەو نالەی فرۆکەکان .

ئەفریقا

کێ بەرپرسیاری ڕاکێشانی بیابان و مەرگی برسیەکانە؟

بە بۆنەی ڕۆژی خۆراکی جیهانەوە زۆربەی ڕێکخراوەکانی ڕای گشتی سەرنجیان بۆ ئەو مەرگەساتە ڕاکێشا کە هۆیەکەی برسیەتی یە لە جیهاندا بەتایبەتی لە کیشوەری ئەفریقادا .

لە چەرخێکدا ناسراو بێ بە دۆزینەوە گرنگەکانو پێشکەوتنی زانستیو تەکنەلۆژیاو داهێنانی تەکنیکیزم ، زۆر سەختە ئەگەر دان بەوە دابنێین کە نزیکەی ملیارێك کەس ئەمڕۆکە بە پلەی جیاوازو لە تەمەنی جیاوازدا دوو چاری برسیەتی بوون وای گردوە پەنجەی تاوان درێژ بکرێت بۆ بە گشتی بۆ ڕامیاری دەولەتانو بێدەسەڵاتی ڕژێمە ئیداریەکان ولە ئەفریقادا بە شێوەیکی ڕوون هەڵەی ئەو سیاسەتانە دەردەکەوێ .کە هێشتاکە کارەساتەکانی سروشت لە ئارادایە وەکو بێ بارانیو لافاوو زریانەکان پتر ئەزمەکە ترسناك دەکەن.

داکشانی بیابان .

بڵاوبوونەوەی بیابان لە سەرجەمی کیشوەری ئەفریقاو بەتایبەتی وڵاتە سەررۆخیەکان دەبێتە هۆی ترسێکی گەورە . لەو ساڵەکەمانەی ڕابوردودا ،بێ بارانی سەر پاکی کیشوەرکەی گرتەوە ئەوە بوو یەکەم یارمەتی دان بۆ ئەوانەی بێ بارانی زیانی پێگەیاندنو ڕزگارکردنیان لە ڕێگای یارمەتیدانی پەلەی خواردەمەنیو پاڵپشتی کردنی هەوڵو تەقەلای میریەکانو ڕێکخراوە بەر پرسیارەکانی ئەو دەولەتانە ، لە ڕێگای ئامادەکردنی چاکترین پارێزگاری دارستانەکانو چاندنی درەختو هەروەها ئامرازەکانی تری ڕاپەڕاندنی پێویست بۆ هاوکاری دەولەتانو شی کردنەوەیەکی ووردی گیرو گرفتەکانی کشتو کاڵ لە زۆربەی وڵاتانی ئەفریقادا . پاش ئەوەی کشتوکاڵ لەم دەولەتانەدا نوشتیەکی مەزنی بەخۆیەوە دی لە دابێن کردنی زاتی خۆراك . گومانیش لەوەدا نییە بەشی زۆری لەم دەولەتانە دابێن کردنێکی زاتی خۆراکیان بە دەستهێنا لە ڕابوردودا . بەڵام لە شەستەکاندا پێشەکی پشت بەسترا بە پیشەسازی چالاکیەکانی کشتوکاڵەوە .لە کاتێکدا تاقیکردنەوە بەتەاوەتی پێچەوانەوەی ئەوەی سەلماند. ئەوەی دووپات کردەوە کە یەکێك لە مەرجەکانی پەرەسەندنی پیشەسازی گەشەندنو پێشکەوتنی کشتوکاڵە . هەروەها ئەو لێکۆڵینەوانەی بانقی دەولەتان پێشکەشی کرد ، دەسنیشانی بەیوەندیەکی توندو تۆڵو زۆر ڕوونی کرد لە نێوان پێشکەوتنی کشتوکاڵو نەشونماکردنی ئابووری سەرەڕای ئەوەش کە پاشماوەکانی ڕابووردوی ئیمپریالیزمی کۆن زۆربەی ئەم دەولەتانەی بەرەو پەیڕەوکردنی ڕامیاری قۆمیسونی کشتوکاڵی برد لە جیاتی کشتوکاڵی بەرهەمی سەرەکی خۆراکی دانیشتوانو بە شێوەیەکی ئاشکرا هاوبەشی کردلە پەرەسەندنی ئەم تەنگو چەڵەمەیە . سەرەڕای ئەوەی زۆربەی حکومەتەکانی لە زۆربەی وڵاتەکانی ئەفریقادا ئارەزووی ئەوەی هەبوو کەمتەرخەمی بکات لە پشتگیرکردنی ئەو دەولەتە ئەفریقایانەی بەرهەمیان کشتوکاڵە ، بەو جۆرە ئەو هۆیە ناوبراوانە کۆبوونەوە لەسەر داکشانی تەوژمێکی بێ بارانی لە باکووری ئەثیوبیا بەرەو پاشوورو ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاوا . زیانەکانی ئادەمیزاد لە قوربانیەکانی برسیەتی گەیشتە نزیکەی هەزار کەس هەروەها بۆز تسواناو سوازیلاندو زامبیاو زیمبابۆیو مۆزەمبیق دوو چاری تەوژمێکی بێ بارانی بوون کە بووە هۆی لە ناوچوونی بەروبوومی سەرەکی خواردەمەنی .ئەگەر بێتو باسی ئەفریقای ڕۆژئاوا بکەین تەماشا دەکەین ئاسمانی گانا لە وەرزی بارانداناباری ، لەبەر ئەوە وەرزێڕەکان ناتوانن بەرهەمی سەرەکی وەکو گەنمە شامی تۆو بکەن .هەروەها لە وڵاتەکانی سەر ڕۆخەکانی ڕۆژئاوا وەکو قۆلتای ژوورو مۆریتانیاو مالیو راس الاخضر وگامبیاو چادو نایجر . لەسەردەمێکی دوورو درێژەوەیە بێبارانی ڕووی تێکردووەو بوە هۆی لە ناوچوونی کێڵگەکانی لۆکەو قاوە . ئەمڕۆکەش برسیەتی هەر لە ڕۆژهەڵاتی ئەفریقاوە تا دەگاتە خۆرهەڵاتی گرتویەتیەوەو دانیشتوانی ئەم وڵاتانەش کیاو گژی زەردو ڕەگو ڕیشەی درەختە لاوازەکان دەخۆن کە هێشتاکە شین نەبوون وزۆر بەیان بە هۆی بێبارانیەوە ئەو ناوچانەبان بەجێ هێشتوەو بەرەو ئەو شوێنانە کۆچیان کردوە کە دەستی یارمەتی دەبانگاتێ .

زۆربەیان نشتەجێ ئۆردوگاو چادرگا کۆلۆلەکانن بەشکو یارمەتی دەولەتانی تریان پێ دەگات ، لەگەڵ ئەمەشدا زۆربەی ئەو حکومەتو ڕێکخراوە دەولەتیانە نەیانتوانیوە یاخود حەزیان بەوە نەکردوە ڕوو بە ڕووی ئەو چەرمە سەریە ببنەوە کە بە مەرگ هەڕەشە دەکات لە بەنجا ملیۆن ئەفریقای . هەندێ لە پسپۆڕەکانی ئابووری دەڵێن مەرجەکانی یارمەتی دانی دارایی و خواردەمەنی ـ سەرەڕای پێویستیەکی زۆری بۆی هەیە ـ دەبێتە هۆی ئاگادار بوونێکی ڕاست . چونکە وا دەرکەوتوە کە یارمەتی دانی خۆراکیو خاسیەکانی هەر چۆنێك بێت شوێنەوارێکی ناپەسەندی هەبە وەکو دابەزینی نرخی بەرهەمەکانی ناوخۆیی و هەروەها گۆڕینی عادەتی خواردەمەنی دانیشتوانو ترسناکی دووری نێوان شارو کوندەکان ،لەبەر ئەوە سیاسەتی یارمەتیەکان

Starving in Ethiopia: Will life get better?

تێگەیشتنێکی گەورەتر دەسەپێنێ بۆ گیرو گرفتەکانی دەولەتانی ئەفریقا و هاوکاریکردنێکی بەر بڵاو لەگەڵ دەولەتەکانی جیهانی سێیەمو بەتایبەتی لەگەڵ ئەفریقادا .

بەرهەمی گەورەو چاکتر :

هەروەها ئەو پسپۆڕانەی کاروباری ئابووری دەڵێن دەبێ بابەخی سەرەکی بورێتە بۆژە گەورەکانی پەرەپێدانی کشتوکاڵی خواردەمەنی کە بەشە بچووك و مامناوەندیەکانی بەرهەمهێنان بەرێوەی دەبەنو ڕێکخراوەکانو کۆمەڵە ئابووریەکان ئەوانیش لە سەریانە بشتگیری ئەو پرۆژانە بکەن هەموو هەڵێك بخەنە بەردەم وەرزێری ئەفریقای و یارمەتیدانی تەکنیکی لەسەر بنەڕەتی ئامادەکردنی بە شێوەی زانستیو هونەریو چەسپاندنی ڕێگای تازی کشتوکاڵکردنو بەستنی کۆڕو باسکردنی چاکترین ڕێباز بۆ دەس بە سەراگرتنی ئاو و ووزەکان لە پێناوی وەدیهێنانی پارسەنگێکی بە قەناعەت لە نێوان بەرهەمو بەکارهێنانی.

ئەوەشیان دووپات کردەوە لەوانەیە ئەم سیاسەتە لە دوا ڕۆژدا ببێتە ڕێمایەکی مەزن بۆ هاوکاری نێوان ئەوروپاو ئەفریقا .و هەروەها دەبێ سەرجەمی وڵاتانی ڕۆژئاوا بڕیار بدەت لەسەر دانانی یارمەتی لاوەکی لە پێناوی پەرەسەندنی وڵاتەکانی ئەفریقاو دەسهێنانی ئاسایشێکی ئابووریو .

«لە لۆمۆندوباری ماتش»وە

ڕاستی هەر دێ هێندە گوتن

■ مختار فائق ■

بەری چەند ڕۆژەکا هاتە ئاشکەراکرن کو چەند پاپۆرێن پترۆلێ یێن کو ڤیاین خۆ نێزیکی گزیرتا خەرەج بکەن وهاتینە پەلخاندن دێ وەکو - خوردەی - هێنە فرۆتن چنکو نێدی یێ ژکار کەتین .. هەروەسا نەتەوەیێن ئێك گرتی دیارکربۆ کو ئەو هێرشێن هاتینە کرن بۆ سەر گەشتی و پاپۆران لکەنارێ عەرەبی دوان هەفت هەیفێن چۆیبدا لئەنجامێ وێ ٣٤ گەشتیڤان هاتنە کوشتنو ١٧ بربندار بۆن و ٨ ئێتدی هندابۆن .. ئو ٣٨ هێرشێن هاتینە کرن ژلالیێ هێزێن مەیێن ئەسمانیێن خورتو زیرەك بۆ سەر ڤان پاپۆرو گەشتیێن پترۆلێ ..

لڤێرە چەند ڕاستیەك دێ بۆمە هێنە خوباو ئاشکەرا کرن .. کو گەلێ جاران ولگەلێ دەلیڤاندا عیراقێ بێ دیارکری کو دەمێ عیراقا شۆرەشی بڕیار دای . کو گزیرتا خەرەجو بەندەرێن ئیرانی گەماربدەن داکو ڕێیا پترۆلێ ژ ئیرانێ ڤەبڕیت .. چەند ڕاستیەك دیار دبن ئێك .. پێتڤیە لە هەر کەسەکێ هەول بدەت خۆ نێزیکی ڤێ دەڤەرێ بکەت باش بزانیت کو دەمێ عیراقێ ئەڤ بڕیارا گرنگ دای بۆ گەماردانا ڤێ گزیرتێ .. ئەو ژبۆ بەرەڤانیا عیراقێیە ژخۆ و مافێن خو .. پشتی کو ڕژێما ئیرانێ رازی نەبۆی بوان هەمی هەولدانێن ئاشتیخاز یێن کو دهاتنە کرنو دهێنە کرن بۆ ڕاگرتنا شەڕی ، ژبەر هندێ عیراق مەجبوور بۆ کو ڤان دربێن دژوار دانتە وێ ئامیرا عەسکەریو ئابوریا ئیرانێ .. وریا پترۆلا ئیرانێ بگریت .

ڕاستیا دوێ ئەوە کو عیراقێ دەما ئەڤ بڕیارا گرنگ دای ئەو بەرانبەری وێ بڕیارا ئیرانی بۆ دەمێ ئیرانێ نەهێلای کو پترولا عیراقێ دەربازبت ژکەنارێ عەرەبی .. ئەوەی چارێ هەیڤا ئەیلولا سالا ١٩٨٠ ، ژبەر هندێ ئەڤە مافەکێ ڕەواو شەرعیە کو عیراقێ ڕێکا پاپۆرێن پترۆلێ بگریت .

ئو ڕاستیا سێ ویاکو دڤێت هەمی کەس بزانیت کو ئەڤ بڕیارا عیراقیا گرنگ ژوان هەولدانێن عیراقێیە یێن عەسکەریو دبلوماسی و سیاسی .. ژبۆ بدویماهی ئینانا شەڕیو ڤەمراندنا ڤێ ئاگریو بەلاڤ کرنا ئاشتیێ .. ژبەر هندێ پێتڤیە ئەڤ بڕیارا عیراقی ببتە جهێ ڕێزو قەدرێ هەمی هەڤالێن عیراقیو هەمی مللەتێن ئاشتی خازێن جیهانێ .

ڕاستیا چارێ بڕیارا عیراقێ بنەجیە دکەت کو عیراق یا بەردەوامە لسەر گەماردانا گزیرتا خەرەج و بەندەرێن دی یێن ئیرانی .. ئەوەی هەیڤا شواتا چۆیبدا ودێ یا بەردەوام بت لسەر ڤێ چەندێ نەخاسمە پشتی ڕژێما تەهرانێ رازی نەبۆی ببڕیارا کۆنگرا وەزیرێن دەرڤەیێن دەولەتێن بسلمان بۆ بدویماهی ئینانا شەڕی .

ئو جارەکا دی و سەرژنوی ئەم وان کەسان ئاگادار دکەین یێن کو هەول ددەن دەستێ خۆ بێخنە دگەل دەستێ ڕژێما خومەینی و خۆ نێزیکی وێ هەرێما بزانێت عەسکەری بکەن لدەڤەرا کەنارێ عەرەبی .. و ئەم بۆ وانو بۆ هەمی کەسان ئاشکەرا دکەین کو فرۆکەڤانێن مەیێن خورتو زیرەك یێ لژڤانا وان .. داکو دەرسێن وەتۆڤ دژوار بدەنە وان کو چو جاران ژبیر نەکەن چنکو چ دەلیڤێ گلو گازندا نەما .. چنکو ئەمێ دشەڕیدا .دگەل ئیرانێ وئەمێ بەرەڤانیا وەلاتێ خۆو مافێن خۆ دکەین و ژمافێن خۆ یێن ڕەوا مە چیدی نەڤیت .

Institut Kurde de Paris

رووونکردنەوەیەك بە بەڵگەی دیارەوە

■ سەرنجێك ■

ئەوەبوو لە ژمارەی ٧٦٩دا بەدوای وتارەکەی « ع . ب . م پێنجوینی »دا باری سەرنجی کاك فواد حمە خورشیدمان بڵاو کردەوە ، لە ژمارە ٧٧١دا باری سەرنجی خوشکە « ئەرخەوان »مان سەبارەت بەهەمان باس بڵاوکردەوە ، وا لەم ژمارەبەدا وەڵامێکی سەرجەمی کاك عبدالله عباس بڵاودەکەینەوە ، ئێمە وا دەزانین بەم پێیە مافی هەموو لایەکمان وەك بەرەوا بینی ، جا لەبەر ئەوەی ئەصڵی باسەکە بەبوەندی بە مەسەلەیەکی ئەدەبی‌ی تایبەتیەوە هەیە خاوەنی مەسەلەکە قسەی تیا نەکردوە ئێمە بە کۆتایی هاتووی دادەنێین و بوونی ئەم جۆرە دەمە تەقێیە بەخراپ نازانین وەك دوا ئەنجام بۆ سوودی گەرم و گوری باری ئەدەبیمان بەڵام هەرشتەو سنووری خۆی هەیەو دەرگای ئەم دەمەتەقێیە لەسەر ئەم باسە هەر ئەوەندە هەڵدەگرێ و سوپاس .

● هاوکاری ●

نووسینی ■ عبدالله عباس ■

پێشەکی :

دەربارەی ئەو وتارەی لە ژمارە ٦٧٧ی رۆژنامەی « هاوکاری »دا بڵاوم کردەوە ، دەمەوێت ئەم رووونکردنەوەیە بە هەموو خوێندەوارانی بەرێز بگەیەنم و ئومێدی ئەوە دەکەم ئەم رووونکردنەوەیە هەموو ئەو تەمومژە بڕەوێنیتەوە کە بڵاوبوونەوەی ئەو وتارە دروستی کردبوو .. وەك دەڵێن ئیتر هەرکەسێ لەوەی وترا تازەتری پێ نیە چاکترە باسەکە بەکۆتایی هاتوو بزانێت .

● ئەوەی رووی‌دا ، سەرسوورماوی نەکردم :

پێشەکی دەمەوێت لای هەمووان ئاشکرابێت ئەو هەموو قسەو قسەڵۆتکە سەبرو گرێ‌دراوانەی لەلایەن هەندێ براوە بەرامبەر بەمن و وتارەکەم کرا سەرسوورماویان نەکردم بەڵکو چاوەڕێی بووم و لەخودی وتارەکەدا ئیشارەتم پێی دابوو .

● وتارەکە بۆ بەناوی ئاشکرا نەبوو ؟

نەنووسینی ناوی ئاشکرای خۆم هەروەك ویستیان بیکەنە بیانوو بۆ زۆر شتی سەیر ، بەلای منەوە سەرکەوتن بوو نەوەك ترسنۆکی و خۆشاردنەوە، تەنیا بۆیە چەند پێتێکم لەناوی خۆم بەکارهێنا ، وەك دەزانن من بەر لە هەموو شتێك رۆژنامە نووسم ، مافی خۆمە چاکترین رێگا بۆ سەرنج راکێشانی هەرنووسینێك دەینووسم بەکاربێنم بە مەرجێك لە سنووری [رەوا - شەرعیەت] دەرنەچێت ، دیارە لەگەڵمدان بەوجۆرە بەشانازی‌یەوە دەیڵێم [بەچاو پۆشین لە هەڵوێست بەرامبەری] ئەو وتارە لەم ماوەیەدا بەختەوەرترین وتاری نووسراوبوو زۆرترین خوێندەوار بەشەوقەوە خوێندیانەوە .

● سەرنجێکی زۆر گرنگ :

ئەوە زۆر گرنگە رووبی بکەمەوە . هەندێك برا ناهەقیان لەگەڵدا کردم کاتێك ویستیان بە زۆر پێشەکی وتارەکە بقۆزنەوەو وای لە هەندێك خوێندەوارو ئەدیب بگەیەنن ، ئەنجامەکەی گومان بخاتە سەر هەڵوێستی نیشتمانی و کوردایەتی من ، لێرەدا وەك هاووڵاتیەك لەم وڵاتەداو وەك نووسەرێك مافی خۆمە بەشانازی‌یەوە بڵێم : ئەوانەی هەمیشە گومان لە هەموو راستی‌یەك دەکەن ، من ، باڵای خۆم لە نیشتمان پەروەریدا وەك عیراقیەك و لە کوردایەتی پاکدا وەك کورد زۆر لەوانە بە بەرزتر دەزانم کە گومان لە چەقی رێگادا وەستاندونی و بەڵگەم بەدەستەوەیە بەدیان نووسەری شەرەفمەندی کورد پەیوەندی راستەوخۆیان پێوەکردوم و وتویانە تەقەللای شکاندنەوەی ئەو پێشەکیە بەسەر هەموواندا سەرناگرێت و ئەوەی دووڵسك نەبێت لەخۆی بەشك نابێت و تۆ لە مەسەلەیەکی ئەدەبی زۆر تایبەتی دواویت کە مافی هەموو ئەدیبێکە خۆی لەباسی وابدات .

● من ئەنیا دەست پێشخەریم کردوە :

نهینی نادرکێنم ئەگەر بڵێم و [ئەمە لای چەندان برای ئەدیب رووبە] بەر لەوەی من ئەو باسە بدرکێنم . یان سەر لەنوێ بیخەمەوە بیر کە کاك مستەفا سالح کەریم چەندان چیرۆکی لە خەڵکی ترەوە وەرگرتووە . چوار نووسەری دیاری تر کە ناکرێت کاك مستەفا گومانی هیچیان لێ بکات خۆیان بۆ ئەم باسەو بەڵکو بەتوند تر لەمن ئامادە کردبوو هەتا دووانیان باسەکانیشیان نووسیبوو خەریکی بڵاوکردنەوەی بوون بەڵام لەدواکاتداخەڵك و خواو خاترو خاترانە لە ژێر بەردەی - کای کۆن بەبانە کردن - دا پەشیمانیان کردنەوە . بەڵام من وتم ئەء .. پێویستەکای کۆن بەبابکەین بۆ ئەوەی سبەینێی ئەدەبیمان رووناکتر بێت .

● گومان .. گومان .. بۆ ؟

دەمێکە خۆزگە بەوە دەخوازم - بەتایبەتی لەناو کۆرو کۆمەڵە ئەدەبیەکانماندا - وار لەوەبێنین هەرچی لەسەدا سەد لەگەڵ هەموو شتێکی خۆماندا نەبێت خەتێکی راستو چە پی گومان لێ کردنی بەسەردا بێنین . کاك مستەفا ئەو برایانەی بەرگری لێدەکەن دەیانەوێت وا لە جیلی ئەمرۆ بگەیەنن کە بۆیە رۆژنامەی - بڕوا - ئەو نووسینانەی لەسەر ئەو نووسیووە چونکە رۆژنامەیەکی گومان لێکراوبوەو بە ئەنقەستو بەپێی ئەخشەیەکی دیاری کراو ویستیان بوختان بۆ کاك مستەفا بکەن .. ئاخر رۆژنامەیەك لە ژمارەی (٨)ی رۆژی ٢٦/١٠/١٩٦٠دا لە لاپەڕەی یەکەمی نووسیبێتی ئەم رۆژنامەیە [... رای ئەگەیەنێ بەدۆستو دوژمن کە رۆژنامەی - بڕوا - زمانی حاڵی هیچ تاقم و حزبو دام و دەزگایەك نیەو سەربەخۆیەو خۆ تەرخان کردوە بۆ خزمەتی بیروباوەری راستەقینەی ئەتەوەی کوردو ئەمە ئامانجیەتی ... هتد][1] ئیتر بۆ دەبێت گومان لێ‌کراوبێت و دوابی سەرنووسەرکەی مامۆستا کمال میرزا کریم و خوالیخوشبو امین میرزا کریمی برای لای هەموو شاری سلێمانی ناسراون چەند قورباڵیان لەریزی نیشتمانی عیراق و کوردیدا داوەو سەرەرای ئەوە ئەو دوو وتارەی لە سەر کاك مستەفا نووسراون دوای ١٥ ژمارە بەسەر ئەو راگەیاندنەدا بڵاوکراونەتەوە وەك دوابی دێنە سەری ، کەی خۆ ناکرێت گۆڤاری « رۆژی نوێ » کە بەردەی لەسەر وەرگرتنی نووسینەکەی شەهید محمد قدسی - گەڵا رێزان - لەلایەن کاك مستەفاوەو بڵاوکردنەوەی بەناوی خۆیەو ئاشکراکرد بەگومان لێ‌کراو لە قەڵەم بدرێت .

● بەڵێ بەگورتی‌و کوردی :

جا مادەمێکی هەندێ برا داوای « وثائق » و « حقائق » دەکەن بەگورتی‌و بەکوردی حیکایەتی نوچدانی ئەدەبی کاك مستەفا لە شەستەکاندا بەم جۆرە بووە :

یەکەم : لە ژمارە ٢٢ی رۆژی ٢٨/١٠/١٩٦١دا کاك نوری وەشتی لە بروادا بە ناونیشانی [کاك مصطفی صالح کریم چۆن خۆی کرد بە مامۆستا محمد حمدی ؟] وتاریکی نووسیووە ، پێشەکی بەم جۆرە دەست پێدەکات : **[وەك ئێمە - کاك**

بروانە ل ١١

گەلێك سال ، کە لە شاردا باسی قسەی خۆش ئەکرا ، باسی پیاوی چاك و مەرد ئەکران پەنجە بۆ هەردووکیان درێژ ئەکرا ، ناوی هەردووکیان ئەبرا .

زۆر سروشتی نزیك بە یەکیان هەبوو ، لەبەر ئەوە ساڵەهای ساڵ هاوڕێی یەك بوون و پێکەوە زۆر ووشەو چیرۆکی خۆشیان خستۆتە سەر مەڵزی گاڵتەو قسەی خۆش و بە پیتو جەوهەری ئەم شارە . هەر مەرك توانیی لە بەکیان جیا بکاتەوە ، بەڵام کێشەی جیاکردنەوەش زۆری نەخایاند .

ڕابەرو سەرکردە نەبوون، بەڵام دوو نیشتمانیەروەری ڕاستەقینە بوون ، لە زوربەی کاری نیشتمانی‌و کۆبوونەوەی نیشتمانیدا دیار بوون .

هەر ئەمەش وا ئەکات کە نەوەی تازەو تازەتر تروسکەیەك دەربارەی ئەو لایەنانەی ڕابوردوو نەزانن‌و زۆر ناویش لەم سەدەی چاپەمەنی‌و گۆڤارو ڕۆژنامانەدا بە هەواڵێکی کۆچ کردن‌و سوپاسێکی کەس‌و کاربش یادبان نەمێنێ .

تۆ بڵێی حەمە بچکۆلی حاجی محەمەدی سەلتەو حەمەی سەی برایم (سەبد ئیبراهیم) لەو ناوانە بن؟. بێگومان لەوانەن . دۆستی زوربەی نووسەرانی ئەم سەردەمەمان بوون‌و لەگەڵ زوربەی نیشتمانیەروەرانی سەربەرزی ئەم سی ، چل ساڵەی دووابیشدا یادگاری خۆش خۆش‌و لایەڕەی ڕەنگین‌و جوانی نیشتمانیەروەری‌و لە خۆ بوردنی ، بێ‌خۆ پێوە بادانیان هەبوو .

بەڵی لەو ناوانەن ، هەرچەندە زوربەی ئەوانەی لەو شارە زیندووەدا بەدووای قسەی خۆشدا ئەگەڕێن ، تا ئێستا قسەی‌خۆش‌و کرداری سەیرو خۆشی سەر بەو جیهانی گاڵتەکردن‌و پێکەنین دروستکردنەبان دەگێڕنەوە ،کە هیچیان نەچوونەتە سەر کاغەز .

لە میحرابی بادکردنەوەوئەو تاوی ماتەم وەستاندنە دام کە کەس بۆیان نەوەستا. لەبەر ئەوە خۆم لە گێڕانەوە بە دوور ئەگرم‌و تاوێك بەبێدەنگی‌یەوە داوای لێبوردن لە یادی ئەوان ئەکەم کە خەڵك‌بۆ ماتەم ڕابکێشم‌و وەك ئەوان هەموو دەم‌و زبانیان نەکەم بەپێکەنین‌و خۆشی ئەڵێم لەو تاوە وەستاندنە دام ، ئەگیناگەلێ لاپەڕەم بە باس‌و سەرگوزەشتە گێڕانەوەوەڕەش ئەکردەوەو ئەمهێنانە پێکەنین .

پار لەگەڵ دۆستی مەردوبەوەفا هاواری شاعیردا بەگوێ ڕووباری تایمسدابەنیازی بەپێ‌گەبشتنە مەنزل ئەڕۆیشتین‌و دەنگ‌و باس‌وخواسی ئەم ناوەم بۆ ئەگێڕایەوە .

کە ووتم :

- حەمەی سەی برایم مرد بێ‌ئەوەی بریارمان دابێ‌و ئاگامان لە خۆمان بێت ،هەردووکمان دوو تاوی ماتەم وەستاین‌و ئەوسا کەوتینەوەڕۆیشتن . بەکسەر لە یادی پیرۆزی ئەودا کەوتە گێڕانەوەی هەندێ سەرگوزەشتەی پڕ لە پێکەنین‌و بەو شێوە ڕەنگینەی گێڕانەوە کە لە هاوار خۆی‌دێت ، باسی گەشتێکی هەولێری ئەوو حەمە بچکۆلی‌خۆشەویستی گێڕایەوە . بەڕاستی لەو بابەتانە بوو کەدەڵێن «قوربەسەر دێنێتە پێکەنین» .

ماتەم بوو بە پێکەنین .

ئەمەش هەر لەوان دەهات‌کە ماتەم بکەن بە پێکەنین کە لەناو دەریای خەم‌و ئازاردا شەپۆلێکی تەزوو بەخشی خۆشی‌و پێکەنین بەسەر ژیانی خەڵکدا بهێنن .

لە جیهانی گاڵتەو «ئەنیکدۆت»دا کە باسی زۆر لە قارەمانانی ئەم مەیدانە دەکرێت ، قسەی خۆشیان دەگێڕرێتەوە قسەکان زباتر چەشنێکن لە دارشتنو بەکارهێنانی ووشە . توانای ووشەکردن بە «مەجاز»و بەکارهێنانیان بۆ خزمەتی گاڵتەو خۆشی بەخشین . بەڵام کە ئەم توانایە کردەوەشی لەگەڵدا بوو .واتە لەباڵ ئەوەدا کە بڵێیت فلان ووتی ، یا وای ووت ، بڵێی وایکردو وای ووت . ئەوە چەند سووچێکی تر ئەدەی بەو جیهانی خۆشی دروستکردن، گەشە بە ژیان دانە ، ئەمەش خاسیەتێکی گەورەی ئەو دوو مەردە جوامیرە بوو کە باسیان ئەکەین .

ئەم گەشە بە ژیان بەخشینەو مەردی‌و جوامێری و پیاو چاکی‌و نیشتمانپەروەری‌و پێشکەوتنخوازی یەکی قووڵو ئامادەبی بۆ فیداکاری کۆ ببێتەوە ، مرۆڤێکی گەورە دروست ئەکا . ئەم دوو دۆستە خۆشەویستەش بە ڕەنجی شان‌و کاروکاسبی نانیان پەیدا ئەکردو نەچوونە سەر پایەی کاربەدەستی یا ڕابەریی ئەم مەیدان‌و ئەو مەیدان ، یا نووسەرو شاعیر نەبوون لەناو بزووتنەوەی هونەردا نەبوون ، بەڵام بە ڕاستی هونەرمەندبوون ، پیاو چاك بوون ، کوڕی گەڵ‌و نیشتمان بوون .

ڕەنگە ئەمە بەکەم جارو دووا جار بێ ، بەڵام با بۆ وەفاداریی نووسەران بەرامبەر بە چاکانی نەتەوە ئەم چەند دێڕە یادگارە پەیکەر بن بۆیان .

کەوانەی مردن و نامرن

دوو حەمە

دوکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوول

ئەگەر هات وئەم هێف ئەینە بەر پەیت دێروکا هەمی میللەتا دێ بوومە روهن وخویا بیت کو چەند ستێرەکێت گەش ڕەوشا خو یادایە ناف وار وچیمەنێت وەڵاتێ خو روبێ دبووینە فەنەر ، ورووناهی ، ڕێکا تاری بو میللەتێ خو ، رووهن کریە ، ژرێل ودەحلا پاڤژ کریە . ئەو هەر بێت سووتین ، وئو دناڤ خو دا بێ دکەلین روهناف لێ کوزرین ، لێ چراکێ وان هەرێ مایە وگەش دا رێکێ بو کورێت میللەتێ خو ژناستەنکا فەوژێرن وخەما ژناڤ نادەکەن وهەلکێشن .

یەسنین

هوزانڤانێ گوندی‌ی

مینا سەرهاتنەکا حسینی بامیللی دەمێ دبێژیت :-

« بە مومەك ، بەهێتە سووتن ، رێکێت تاری بو گەلێ خو رووهن کەی » .

هوزانڤانێ مەژی ، هوزانڤانێ « گوندی »ی - قروي - یسینین ستێرەك بوو وئاسمانێ وەڵاتێ خودا ، بێ بوویە موم وهاتی‌یە سووتن ، بێ بوویە چرایەك ، چریسکێت رووناهی‌بێ بێت . ژێ پەشین وبەلاڤ بووین ل هەر چار کنارێت وەڵاتێ وی . ئەڤیندارێ گوندابوو ، ڤینا وان دیمەنێت جوان وشیرین لەوەڵاتێ وی دناڤ خوینا ویدا تێکەل ببوون وببوونە ئێك .

لسالا ١٨٩٥ زاینی ، ستێرەك لئاسمانێ گوندەکێ ڤەدەر ودویر لناڤ دەڤەرا « ربازان » لگوندێ « کونستانتینوڤو » گەش‌بوو وخو کێشا ناڤ ناکوکی‌یا ژینێ ..

ئەو ستێر هوزانڤانێ روسی « سیرغی‌یسینین » بوو .

هەر ژبچویکاتی‌یێ ، دەمی تەمەنێ وی گەهشتی‌یە دوو سالا ، وئو ژبەر هەژاری وبەلنگازی‌یا بابێ‌وی ، چوو جەم باپیرێ خو [بابێ‌دەیکێ اوئو بخردان کر لگوندەکی نێزیك گوندێ وی .

دڤی گوندی‌دا ، وئو لناڤ مالا باپیرێ خۆ ، ژیارا خو یا بچویکاتی‌یێ هەمی لوێرێ بوراند . هەر ژبچویکاتی‌یێ حەز ژتشتێ بلند دکر ، لەوما چ دارەکا بلند لناڤ گوندی ببەر چاڤێت وی کەڤتبا . داچیتە سەر ، وئو لهێلینا گەریێت . ئەو ژی مینا گشت زاروکێت گوندا .

داپیراوی ژی گەلەك دڤی‌با وهەر ئەڤسان وچیروك ژێ را ڤەگێران ، هەر وەسا باپیرێ وی سترانێت مللی بو دگوتن .

لڤێرە هوزانڤانێ کارێ خو ، لبسینینی کر ، وئومێشك وئاشوباوی قرەهکر ودەولەمەندکر وقەستا کتێبخانا کر ، هوزانێت « پوشکین ، ولیرمنتوف »ی خواندن ، لیرمنتوف ئەو هوزانڤانێ گەلەك ڤیای ، چنکو هوزانێت وی دبر بوون ژئاوایێت ڤولکلوری وئو دخەملاندی بوون بکەسکاتی‌با گوندێت وەڵاتێ وی .

لتەمەنێ نەهە سالی‌بێ‌وا بێنگاڤێت سەرەکی لگەل هوزانێ دەست پێ کربوو ، لێ لدوی گوتنا هوزانڤانی ، کو ئەو دبێژیت لتەمەنێ «١٦»سالی بێ دەست ب ڤەهاندنا هوزانێ کربوو . وئو لپاوبزا سالا « ١٩١٥ » بەکەمین کروپا وی یاشیعری دەرجوو لژێر ناڤ دنیشانێت « رادونیستا » .

وئو لدەمێ شورشا سوشیالیستی لروسیا لسالا «١٩١٧» چێ‌بووی ، ڤی هوزانڤانی ، هوزانەکا درێژ پێ ڤەهاندبوو ، ناڤێ وێ هوزانێ « سنیگینا » بوو . ئەز دویماهی‌با کاروانێ هوزانڤانێت «گوندی»ی مە .. ئەڤ پەیڤێن هەنێ دهوزانەکا « بسینین »ی دا دەنگ ڤەددەن ، ئەڤیندارێ گوند ووارن .

گەلەك سال لدەرڤەی وەڵاتێ خو بوراندن ، لێ خەریبی‌با خو دناڤ سینگێ ویدا دلڤلڤاند ، وئو دبمەنێت گوندا لوەڵاتێ وی هەمی گافا وهاتنە بەر چاڤێت وی وحازر دبوون . تاکو زڤری‌یەڤە چارەکادی بو ناڤ هێلینێن خو یێن بەرێ ..

وناڤ هوزانێت ویدا هەڤرکی‌یەکا ئاشکرایە وناڤ بابەتێ گوندا ، وباژێرا دا . وهۆکی‌یێ ژی ئەو ئەڤینا کویر ومەزن ژبوو گوندێت وەڵاتێ وی ، ووار وئاقارێت هەر چا کنارێت گوندێ وی دخەملاندن .

لسالا «١٩٢٥» وئو وشەڤەکا پر ژسەرما وسەڤەمێ ، لژورەکێ لئوتێلا « انکلیتیر » ل « لینینغراد »ی « یسینین »ی خو خەندڤاندبوو ، وهووسا ئەڤ خەتیرا هەنێ هاتە ڤەمراندن ، بشتی رووناهی‌یا خو دایە رەح ورویێت وەڵاتێ خو وگوندێ‌خو ونکە لگەل هوزانەکا وی ، بشتی من هندەك ژهوزانێت وی خواندبن ئەڤ هوزانە گەلەك بدلێ من ڤە نویسیا ومن ژئەزمانێ عەرەبی‌یێ وەرگێرا ئەزمانێ کوردی‌یێ هیڤیدارم ئەز شیابم هەستێت هوزانڤانی بئاوابەکێ باش وەرگێرابن

- هوزاناوی -

هوزاناوی چ ناڤ ونیشان نینن ، چنکو گەلەك هوزانێن خو دڤەهاند ن لێ . بێ‌ی ناڤ ونیشان .

هۆ باهوزێ
هەی باهوزا تژی بەفرین
درێکا خودا
ئاستەنگێت من
لگەل خو بڕەنە ...
من دڤێتن
ئەڤرو بزڤرم
زاروکەکێ پر گرنژین
یان ژی گولەك ..
لناڤ توخیبێت
مێرگ وباغا ..
من دڤێتن
ئەز بمرم ..
دبەر ئاوازێت شڤانارا ..
لشەڤێت بەفرین
دەمی بەفر دبارێتن
مینا زەنگلا دەنگێ وێ
لبەر گوهێت من ..
هۆ بو جوانی‌یا ڤی دەنگێ ...
هو یێ زەڵال ...
دەمێ خەما ...
دبارو ڤێدا دخەندقینیت ...
من دڤێتن ...
مینا دارەکێ لناڤ رێکێ ...
لسەر پی‌یەکی ...
ئەز راوەستم ...
من دڤێتن
ئەز خو دوێ دارێ وەرکەم‌و ...
ئودەنگێ تەرشا ڤەدەتن ..
لناڤ گوهێت من ..
ڤێچا هەیڤێ
خەمێت من بلند ڕاکێشە ...
وژمن دویر بێخە ..

- زباد نقیب -
- ژیدەر -
- یسینین -
- چەند هەلبەستەکێ هەلبژاتی - ژنامادەکرنا
حسب الشیخ جعفر

Institut Kurde de Paris

قوتابیانی ـ بەشي هونەریی شانۆ ـ لـە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانی

بۆتاقکردنەوەی نرخدانی بروانامەی دەرچونیان خۆیان ئامادە دەکەن

بەشی شانۆ لەپەیمانـگای هونەرە جوانەکان لەسەرەتای دامەزراندنیەوە لەسالـی١٩٨٠وە کراوەتەوە ، لـەم بەشـەدا بەشـێوەیـەکی گشتی تاپۆلی سێهەم بابەتی گشتی ئەخوێنرێت ، لەپۆلی سێهەمدا بەشی دەرهێنـانو نواندن جیا ئەبێتەوە .

لەسالی کۆتایی خوێندندا،هەموو قوتابیەك « اطروحە»ی دەرچوون پێش‌کەش ئەکا ،بۆئەوەی زۆرتر لەم تاقـی کردنەوەیە بگەین لەبەشـی‌هونەری شانۆ چاومان کەوت بـەبەرێز مامۆسـتای‌هونەرمەند لێ‌پرسـراوی بەشەکە **بدیعـە دارتاشـ** کەوت :ـ

● مامۆستا ئەمسـالکۆمەلی قوتابی لاوی ئـەم پەیمانگایە کۆتایی بەسالەکانی‌خوێندن دێنن ، بەتابەتـی بەشـی نواندن چـۆن‌بروانامەی دەرچـوون وەرئەگرن .

ـ ئەسـال کەسال کوتایی‌خوێندنی ئەو قوتابیانەیـە ، کە پێش هەموشـتێ‌جێگای شانازی ئێمـەنو رەچاوی سەرکـەوتنی‌زۆرچاکیان لێ‌ئەکرێـت ، کەبەڕاستی نموونەی هونەربوون ، بۆمەبەسـتی دەرچوون هەموو قوتابیـەك« اطروحە » پێش‌کەشـ ئەکا ، لەگەل قوتابیانـی‌هونەر بەشی دەرهێنـان بەشـداری کاروبـاری‌هونەری‌و بەرێوەبـردن ئەگرنە ئەستۆ ، ئـەو‌قوتابیانەی بەشداری ئەکـەن گفتوگۆ لەگەل قوتابـی‌خاوەن بەرهەم ئەکـەن ، لیژنەی تایبەت دروسـت‌کراوە بۆنرخدانو پلـەدانان بۆسەرکەوتنی کارەکـەی .بۆئەم تاقی کردنەوە ئێمـە پێش نیوەی سـال « ٨ »هەشت قوتابی بەرهـەم پێش‌کەش ئەکـەنو دوای‌نیوەی ساڵیش « ٨ » هەشت قوتابی‌تر بەرهەمی خۆیـان‌پێش‌کەش ئەکەن .

لەپلە داناندا ، هابەشـی‌کردنی ساڵانی پێشـوی قوتابیەکەو بەشداری کردنی‌لەگفتوگـۆدا ئەخرێتـە پێش‌چاو .

● مامۆستا بەرهەمـی‌ساڵانەی پەیمانگا لەبـواری شانوی‌دا چۆنە :

ـ بەرهەمی ساڵانـەی‌پەیمانگا کەئامادەمان کردبێت « دوژمنـی گـەل »ەکەاپسونرویجی نوسیویەتی مامۆستای هونەرمەند کمال‌رووف هەنجیرەی بەشداری دەرهێنانی ئەکا ، جگـەلەوەی مامۆستایان بەشداری کاروباری هونەری ئەکەن .

بەشداری میهرەجانـی‌قوتابخانەش ئەکەین ، کەلـە پەیمانگا ئەکرێت .

● قوتابیانی ـ کـێ ـلەبەشی شانۆدا چەنـد قوتابین ؟ ئایا لەبـارەی‌کادیری هونەری‌و مامۆستاوە کەم‌و کورتیان نیە !

ـ تـائێسـتاسـی‌ودوو قـوتابـی بەشی شانۆمان کچـن ،هەندێکیان ئێستا لەکـاری هونەریدا ئیش ئەکـەن ،هەرچەندە پێویسـتیە دوای دەرچوون کاربکەن .

ئەکادیمی لەسەر ئـەو ڕی‌و شوێنە بڕۆم کەخوێندومە ، بۆپڕکردنەوەی کەم‌وکـوڕی‌و بۆشایی لەشانۆی منـاڵدا ، بەهێزکردنی شـانۆ کەیان ، هەرچەندە چەند جموجولێکی هونەری ئەم شانۆیە لەنـاو شارەکەماندا هەیە ، بـەڵام

لەرووی کادیـری هونەریەوە ، کادیـرمان زۆرکەمە مامۆستاکانـی بەشەکەمان زۆر ماندووئەبن.

هەرلەم دیدەنیەدا چاومان بەچەند قوتابیەکی هونەرمەند کەوت کە بەشداریان کردبوو لەدەرهێنانی ئەو شانۆیانـەی بروانامەی لەسەر وەرئەگرن.

لەنوسینی لویگی پوتیللی‌و وەرگیرانی رزگار کریـم .. بابەتی شانۆی منال «شانویی میوە خۆشەکە » پێشـ کەشـ کـرا قوتابی هونەرمەند قادرۆك ، هێنابویە سەرشانۆ .

● ئەمشـانۆیی منالەتـان چۆن هەڵبژارد ..

ـ ئەمەوێت وەك هەمـوو قوتابیەکی پەروەردە کـراوی مەرجنیە تەنها کۆمەلـە دەرهێنەرێکی کەم لـەم رێبازەدا کاربکەن ، بەڵکـو پێویستە لەسەر قوتابیانـی دەرچووی پەیمانگا ، لایـەك بکەنەوە .. لەم‌جیهانە فراوانە بەهیچ‌جۆرێك بەچـاوی تاریـك‌و گرانەوە نەڕوانینـە جیهانە جوانەکەیان ، کەوەك ئەستێرەیەك‌وایە ئەگـەر خۆمانی لێ‌نزیك بکەینـەوەو لەناوەڕۆکی بکۆڵینەوە .

● قوتابـی هونەرمەنـد بەرزان محمود .

دەربارەی ئەزمونـی دەرهێنـانو تاقی‌کردنەوەی خۆی لەبەرهەمەکەیدا ووتی:

ـ ئەوەی ویستومە لـەم بەرهەمـەدا بەکاری‌بهێنـم ، بەتەنها رێگایەکەوە خـۆم نەبەستۆتەوە ، چەند جارێکی تر پێش ئەم تاقی‌کردنەوەیە بەشداری دەرهێنانم کردوە، لەگەل هەندێ قوتابـی هونەرمەندو مامۆسـتایانی هونـەر ، سەرکەوتنمان بەدەستهێناوە ، وەئەمەوێت لەبـواری دەرهێنانـدا سەرکەوتن بەدەستبهێنم ، ئەوەش هەنگاوی ئەوێـت منیش لەو روەوە لـە هەنگاونانەدام .

● لەدەرهێنانی شـانۆیی کۆرانی چایکاری چیخـۆف ، کە هونەرمەند .

عمر علي چوارتایی :

ئامادەی کردبـوو ، کە بەراستی دەستی ماندوو بوون بەشانویەکەوە دیاربوو، کاك عمر چوارتایـی لای لەرەمز کردبوەوە لەدەرهێنانـ نەکەیدا ، لەگەل شـانـۆی کوردیمانـدا لەتاقی‌کردنەوە کەیدا ووتی :ـ

ـ لەشانۆی کوردیـدا ـ بوار ـ نیە ، کەپێش‌کەوتنی شانۆی کوردیمان هیـوای پاشە رۆژی روناکـی پێوەدیارە ، ئەوەشە کـە قوتابیان بونەتە مۆمێـك بۆ پێش‌خستنی شـانۆی هەژاری کوردیمان . لەروی دەرهێنانەکەشەوە ، مـن ئەو دوریە کومەڵایەتیـەم رەچاوکردوە ، کەقـوڵ بونەوەیە لە کەسـێتی هونەرمەندانەوە .

● تۆ خەلکی چوارتای .. لەچوارتا تیپی شانۆی هەیە، ئێوە نیازتان چی‌یە ؟

ـ بەداخـەوە لەقـەزای چوارتادا تیپی هونەری نیە ، منیش بەرێکەوت هاتومەتـە بەیمانگا ، یەکەم‌کەسم لـەو قەزایەوە لێرە وەرگیرابم .. بەهەموو ئاواتێکەوە نیـازی هەرە مەزنم ، دروست کردنی تیپێکی هونەریە لەچوارتا ..

● سەرکەوتوو ئەبیت .

ـ سوپاستان ئەکەم .

ـ ئـازاد ـ

هونەرمەندێت موسیقی

« پیانوو بلیمەتی یا شوبان »

لـ ٢٢ـ٢ـ١٨١٠ ز ل هەرێمـا « بـلازواولا » هونەرمەندێ پولونی «فروریك شوبان » چاڤێت خوێـت ڤەکرین‌و بەرێ خو دابـە جهانا وهـن‌و فـرەهـ ل شینوارەکێ ئێزیك ژ وارشو.

د هەبامێت بشکوربنـا بزاڤا روشنبیـری ئـەوا پەبدابوی لگـەل دانانـا « دوقی یا مەزن »ل وارشوێ لسالا ١٨٠٧و ، بـەردەوام بوی هەتا دانانا شاهنشینـا پولونیا لژێر دەسـتێت حکمەتا روسی‌با قەبسـەری تا سالا ١٨١٤ . بابێ ناڤبری فـرەنسـی بـو ... پیشاوی دەرس گوتنێـت ئەزمانێ فرەنسی بون ئەوێت دهاتنە بکارهینـان بـو بکارهینان بو ڤەژاندنـا ئاهنگێت موسیقـی‌و ئاوازا ... لوێـرێ سەبدایـێ شوبانی فێربو تێبینی یـا لسەر بنڤیسیت د کتێبـا تێبینی یێت خودا بڤان نـاڤ نیشانا « شیانـەکـا بەرکەفتی » ، « خـودان گەشاتی‌یەکا موسیقێ » هتد.

دوان دەمادا ئامیـرا « پیانو » پەیدابو بوجـارا ئێکێ .. هەروەسا ژبلـی وێ ئامیرێ دوو ئامبرێـت دی ژی ببونە ئەگەرا بەلاڤ بوینا ناڤو دەنگێ وی ، ئەو هەردو ئامیر ب کلیلکـا د هاتنە بکارهینان وی دەمـی ... نێ مخابن نهو ڤەبرینە.

یا هاتی زانین لنـك شوبانی لێدانێت دەستێت وی یێت نەرم لسەر ئامیـرا پیانوێ ، هەروەسا هاتی‌یـە زانین چەلەنگی‌با وی یابلندو بەبسکبلندی‌با لسەر ڤـێ ئامیرێ . پارچێت وی یێت موسیقی ببونـە «موده» دوی سەر دەمی دا .. هەروەسا بەرهەمێت وی جـەماوەری پێشوازی‌یا وان دکـر ب دلەکێ گەرم‌و ب دەسـت قوتان ، ژبەر ڤێ چەنـدێ ئەم دشێین بێژین نافبـری سەرکێشەك‌بو ژ سەرکێشێت موسیقی‌و ئاواز وبرەنگەکـێ تایبەتی لسەر ئامیرا پیانوێ.

پەرتـوکا جانـم « روث جوردان » یا ناڤدێـر بـ « بلیمەتی موسیقـی » روناهی‌یەك بەلاڤ کری‌یـە لسەر ژینا شوبان هەتـا رادەیەکێ دویرو . وبنەکـێ زیندی ددەت مە لسـەر کارو بارێت بولونی د ژیـان ناڤبری‌دا ، هەروەسـا کارتێ‌کرنا ئاوازێت پولونـی یێن مبللی‌و فولوکلـوری دبەرهەمێت شوبان بێـت موسیقی‌دا .

لسالا ١٨٣١ شـوبان چو پاریسێ‌و لوێرێ چاڤـێ وی بـ توڕەڤانا رومانـا یا ناڤو دەنگ « جورج صاند» کەت لسالا ١٨٣٦ ، ئەڤـێ چاڤپێکەفتنێ کارەکـێ ئێکجار مەزن دڕێڤەچونـا ژبانا شوبان دا هـەبو ، هەروەسا گەریانێـت وی دوەلاتێـت ئوروپـی دا هەڤالینی‌یا وی لگەل گەلەك تورەڤان‌و هونەرمەندا مینـا « لیست » و « بولیـوز » و « میوبیر » و « بیللینـی» و « بلزاك » و « هاینـی »کار دژیانا نافبری‌دا هەبـوە . دەمێ خانم جوردان چیروکـا جورج صاند نڤیسـی ، ئەڤێ چیروکێ هاری کرنەکا باشـ کر د شروڤێـت پەیوەندی‌یا دنـاڤ بەینـا شوبان‌و صاندا ژدەسـت پێکرنا ئەڤیناوا یا گـەرم دەمێ هەردو پێکڤە چویـن زفستانـەکێ بو گزیرتـا « ماربوکا » .. « مەتەلوکا وی وەرزی ئەوا شـوبان هەلاڤێتی ئەو بودەمـێ هنارتی بو « پلایـل »ی ل پارێسی داخازا ئامیرەکـا پیانوێ دکەت‌و بو روانەکەت بزوی‌ترین کات بو گزیرتـا ئەڤیندارا » ،.. هەتـا دویماهیکا ئەڤیناوان ئـەو گەهشتی‌یە هندێ کو نفرینـا ل ئێك‌و دو بکەن‌و ئێـك‌و دو گوننەهبارکەن، هەروەسا پەرتوکا جوردان گەلەك کورتە چیروکێت بناڤو دەنـگ پێت شوبانی تێدا هاتـی باس‌کرن مینا « شـومان » ئەڤەژی شێوازەکا ئاخفتنێ‌یە سەبدایێ شوبانی پێ دپەیڤی دەمێ شوبان ئامادە دبـو د ئاهنگێت وی وەك بدئـەی سەبدایێت هێژا کولاڤیـت خو ژسەرێ خوبکەن .. .. سلاڤەك بو بلیمەتـی » ، هەروەسا ڤێ پەرتوکێ چـاڤ دێری‌یـەکا تایبەتـی ددا بەرهەم‌و نڤیسینێت نافبـری یێن بەرکەفتی .. ئـەو بەرهەمێت قەشەنگ ئەوێـت شوبان دەمێ دچو سـەر ئامیرا پیانوێ‌و لێ‌ددا ژ هەمی دەما باش‌ترو پێ دل خوش‌تر دبو وبرەنگەکێ تایبەتـی ل کومبینێت هەڤالینـی‌ێ‌و برایەتی‌ێ ئەوێت د هاتنـە گرێدان د هولێت پێشوازی‌ێ دا ئەوێن تایبەتی .

دیسا دوێ پەرتوکێ‌دا خانم جوردان بەرچاڤ کربـو سەرەدا شوبان بو بریطانیـا لسالا ١٨٤٨ لگەل خێزانـا خو با « ئیسـکوتلەندی » « جین سترلنغ » ئـەو سەرەدانا ژنکا وی بـزوری پێ کری ... دیاربو کو ژن هینانا وی « جین سترلنغ »با بێ رەهـ بو وبا کەتی‌و بـێ بناغە بو . یاهەژی گوتنـێ ئەوە کو شروڤەکرنا جوردان بو شوبان نە جهـێ رازی بوینێ بو .... بو نمونـە ڤیانا وی وپێویستی‌یا وی بو ژنکا دیار کربو برەنگەکـێ دویر ژ فورستی‌یا وی ...نێ جوردان ئەڤ ئەڤینـە بلاوازی‌یا نافبری زانی بو ، هەروەسا ڤیانا شوبان بـو رێك‌و پێکی‌ێ ناڤ لێ دانابـو « خەسلە پاشکەفتی‌و ماندی بوینا رازی‌کرنێ « .. بەلـێ بابەغ ب بـەژن‌و بالاوی ددا وجل‌و پەرگێت وی برەنگەکێ دویر ژ ئاسایی‌ێ ..

د پەرتوکێ‌دا گەلـەك ڤەڤێت نامە ئەوێت شـوبان دهنارتن بو « کونتیسـە دلڤینا بوتاکا » دانەری بەحس کربون کو بێنە شروڤەکـرن بێی کو ژلایـێ خوڤـخە تێکولینەکێ یان هەستانەکـێ بکەت نێ لدویڤ‌را نیشانەکا بلەزو بەزو کورت یابەحس کری، نەیا هەژی تێکولینێ‌و شووڤەکرنێ‌یە کو راستی‌یـا باسێت هاتی نەکرن سـەر نامێت شوبانی‌و ئاوازێت وی دیار بکەت .. یان نـەرازی بوینا خو دیار بکـەت بەرامبەری وان بەحسا .

خیری هەژار مزوری

بروانە ل ١١

پەنجەمژین خوویەکی سروشتی‌یە

پەنجەمژین خوویەکی باوەلای مندالان پاش شـیر پێ‌دانی یان بۆیە زۆر جـارئەبێتە هۆی دڵتەنگـی باوکان‌و دایکان لەبەر ئـەوەمندالەکانیان ئەبـەنـە لای پزیشك‌و هەندێکـی تریشیان‌پەنا ئەبەنە بەر هەندێ هـۆی تر بۆ ڕزگاربونیان لەم خووەبەلام ئایا ڕاسـتیەکەی چی‌یە ؟!

هەندێ لە دایکان‌و باوکان بـۆ وازهێنانی منداڵەکانیان لەم خووە شـێوەیەکی هاوچەرخ بەکار ئەهێنـن ئەویش بـە چەورکردنی سەری پەنجەی منداڵەکە بە ببەری تیژ یاخود شـتێکی ترش ئەم خووەش لە (٨٠٪)ی منداڵان یان نیوەیـان ئەگرێتەوە .

لێ‌کۆڵەرەوان‌و پسـپۆڕان سەلماندوبانە کە نیوەیان لـە خۆیانەوە واز لەم خـووە ئەهێنن دکتۆر «فیرمـای» پسپوڕە لە نەخۆشی منداڵاندا ئەڵێـت (مژینی پەنجـە لای منداڵان شتێکی سروشتی‌یە ئارەزووی غەریزی‌یەکـە خۆشیەك ئەگەیەنێت بـە منداڵ بەڵام لەگەل ئەوەشدا ماوەیەکی پێ ناچێت وازی لێ ئەهێنێت پاشـ ئـەوەی چاووگوێ‌و بۆن ئەو خۆشیەی پێ ئەگەیەنێت) هەروەهـا دکتۆر «دیڤید» ئەڵێت (ئـەو منداڵانەی شیر ئەخـۆن بەرێك‌و پێکی هەر چوار کات ژمێر جارێك کەمتر حەز لـە پەنجە مژین ئەکەن وەوای لێك ئەداتەوە کە پەنجە مژین لـە بری شیر خواردنە) .

لـە بارەی ئەو بیروڕایەی کە وا ئەڵێت پەنجە مژیـن دەم‌و دان ئەشێوێنێ دکتۆر «فیرمای» ئەڵێت (لەوانەبـە پەنجەمژین ببێتە هۆی هاتنە پێشەوەی دداناکانی پێشەوە «بڕەڕ» لە ڕیزی دداناکانـی‌سەرەوە هەروەها دداناکانی خواریشەوە بکەڕێتەوە دواوەئەگەر هاتوو لە دداناە شیریەکاندا ڕووی دا کارناکاتەسەر دداناە هەمیشیەکان واتە ئەگەر لەگەل کەوتنی دداناەشیریەکاندا وازی لێ بهێنێت هەروەها لەو باوەڕەشدا نیـم کە کار بکاتە سەرریك‌و پێکی دەم) . هەر چۆنێك بێـت‌منداڵ زۆربەی زۆریـان واز لەم خووە ئەهێنن کـەتەمەنیان ئەگاتە شـەش ساڵان‌و پەنجەشیان نامـژن‌مەگەر لە چەند حاڵەتێکـدا نەبێت وەك ئێواران پێشـ‌ئەوەی خەویان لێ بکەوێـت یاخود ڕوداوێکی کار تێ‌کـەربینن بێزاریان بکـات‌و دڵتەنگیان بکات بۆیە منداڵەکەبەنا ئەباتە بەر پەنجە مژیـن بۆ ئەوەی ڕا بکات لـەوجیهانەو بگاتە جیهانێکی هێمن و ئارام کە لە منداڵیدا تێیداژیاوە هەڵەیە ئـەگەر ئێمـە بمانەوێت منداڵەکە واز لـەپەنجەمژیـن بهێنـێ زۆری لەگەڵدا بەکار بهێنیـن‌پێویستە بگەڕێین بە شوێن هۆی پەنجە مژینەکە لەوانەبەهۆکەی هاتنی برایەك یاخود خوشکێك بێت لـە دوابەوەباخود نەڕۆشتن بـۆ قوتابخانەو ..هتد

دایك بە دڵنەرمی‌و قسەی‌خۆش‌و خۆشەویستی خـۆی ئەتوانێت لەو بارە بکۆڵێتەوەهەر بە قسەی خۆش ئـەو خووە ناشیرینەی پـێ وازبهێنێت .

هەڵاڵە محمد امین

هەستی منداڵانی ئەم سەردەمە

ئەوەی ڕوون بـوەتەوەوئاشکرا بووە منداڵانـی ئەم چەرخە لە منداڵانـی‌چەرخەکانی پیشوو ووریـاو ژیرترن .

ئەمەش زانابان دووپاتیان کردووەتەوە بە چەند تـاقـی کردنەوەیەکی بەرح بـە پێی کۆمپیوترو چەند ئامێرێکی بە نرخو ئەلکترۆنی کە جموجۆڵی منداڵ لە منداڵاندا پیشـان دەدات .

منداڵ پاش لە دایك بوونی بریتی‌یە لە کۆمەڵێ خوێـن‌و گۆشت‌و ئێسکی نەرم کـە پێوەستی بە چەند مانگێـك هەیە بۆ ئەوەی فێری پێنج هەستەکە ببێت .

ئـەوەی سـەنـج ڕادەکێشێ زانایـان دەڵـێن منداڵ کە لە سکی دایکیدابـە چەند هەستێکی سەرپـێی هەیە ، بەڵام پاش لە دایـك بوونی ئەو هەستانە لەبـەر دەکات ، لە ئەمریکـادا زانستگا نییە ، بەشێکـی تایبەتی نەبێت دەربـارەی منداڵی ساوا نەدوێـت ، هەموو ڕۆژێ داهێنانی نوێ بەیدا دەبێت کە هەمـوو ڕۆژێ کتێبی نوێ دەردەچێت دەربارەی منداڵان .

سەردەمێك وا باو بوو کە منداڵی ساوا لەبەر ئـەوەی توانای ئاخاوتنی نییە نە بیـر دەکاتەوە نە ئەبیستێ .

بەڵام زانایان گەبشتنـە ئەو ڕاستیە کە منداڵ پەیدا دەبێت توانای گوێ گرتنـی هەبەو هەمیشە لەو تەمەنەدا حەز لە دەنگی ئافرەت دەکات زیاتر لە دەنگی پیاو کە پاش چەند هەفتەیەك دەتوانێـت دەنگی دایکی لە دەنگەکانی تر جیا بکاتەوە .

هەروەهـا زانایـان دووپاتـی ئەوەشیـان کردووەتەوە کە منداڵ لـە سەرەتای پەیدابوونی ئـەو توانابەی هەیە کە لاسایی ئەو دەنگانە بکاتەوە کە لـە دەورو پشتیان نە وەك دەنگی بەستەڵەك یان ئوتۆمبێل .

ئەمەش وا دەگەیەنێت کـە منداڵ لە بەکەم هەنگـاوی ژیانیەوە حەز دەکات بـە زمانی ئەو کۆمەڵە بدوێت کە تیابدا دەژێت .

زینب حسین

Institut Kurde de Paris

ده‌زگای رۆشنبیری و بڵاوکردنه‌وه‌ی کوردی
سه‌ره‌کی ئه‌نجومه‌نی کارگێڕی و سه‌رنووسه‌ر
مصلح مصطفی جه‌لالی

هاوکاری
التضامن

ساڵی ١٩٧٠ دامه‌زراوه

ڕۆژنامه‌یه‌کی هه‌فتانه‌یه

پێنج شه‌ممه ١٩٨٥/١/١٧ ژماره ٧٧٢ — ١٢ لاپه‌ڕه — ٥٠٠ فلسه — الخميس ١٩٨٥/١/١٧ العدد ٧٧٢

له‌م ژماره‌یه‌دا

- به‌ڕێز سه‌ره‌کی ئه‌نجوومه‌نی نیشتمانی له‌ گفتوگۆیه‌کی گشتی‌دا بۆ هاوکاری ل ٢
- ئاسۆکانی رۆشنبیری و ئه‌ده‌بی لاوان ٦ و ٧

هێزه‌کانمان له هه‌موو به‌ره‌کانی جه‌نگ‌دا ده‌ستی مه‌ردانه ده‌وه‌شێنن

به‌ڕێز سه‌ره‌کی فه‌رمانده صدام حسین سه‌رله‌وه‌زاره‌تی رۆشنبیری و راگه‌یاندن ده‌دا

پێڕێ به‌ڕێز سه‌ره‌کی فه‌رمانده صدام حسین‌سه‌ری‌دا له وه‌زاره‌تی رۆشنبیری‌و راگه‌یاندن .

به‌ڕێز سه‌ره‌کی فه‌رمانده سه‌یری لایه‌نه‌کانی چالاکیه‌کانی وه‌زاره‌ته‌که‌ی کرد به‌تایبه‌تی ده‌وری له‌راگه‌یاندن‌و وریاکردنه‌وه‌ی جه‌ماوه‌ردا له رۆژگاری ئه‌و جه‌نگه عادیلانه‌یه‌دا که دژی‌ده‌ستدرێژی رژێمی ئێران‌ده‌یکه‌ین‌و له‌و ره‌وتی بیناکاریه‌ی ولاته‌که‌مان له‌هه‌موو روویه‌که‌وه به خۆیه‌وه‌ده‌بینێ .

له پێشوازی‌و به‌ڕێ‌کردنی به‌ڕێز سه‌ره‌کی فه‌رمانده‌دابه‌ڕێز لطیف نصیف جاسم وه‌زیری رۆشنبیری‌و راگه‌یاندن ئامادەبوو .

بنکه تۆپه‌کانمان ئاگر له تۆڵگاو سه‌نگه‌ره‌کانی دوژمن به‌رده‌ده‌ن

به‌توانای پته‌وو سه‌ختی‌هه‌رگیز نه‌له‌قاوی هه‌موو عیراقییه مه‌رده‌کان ، سوپای‌ئازای عیراق به‌رده‌وام له ده‌ستوه‌شاندنی دلێرانه‌ی‌له هێزه‌کانی رژێمی داغه‌دڵ‌و هه‌موو رۆژێ سه‌رکه‌وتنی‌تازه‌ترو گه‌وره‌تر به‌دی ده‌هێنێ .

له‌ماوه‌ی هه‌فته‌ی‌رابووردوودا به‌پێی به‌یاننامه‌کانی سه‌رکردایه‌تی‌گشتی هێزه چه‌کداره‌کانمان، هه‌موو هێزه‌کانمان له ئاسمان‌و زه‌وی ده‌رباوه مه‌ردانه له دوژمنیان داوه‌و زیانی سه‌روومالی زۆری پێ‌گه‌یاندوون .

له سه‌ره‌تای ئه‌م هه‌فته‌یه‌وه‌تا رۆژی دووشمه‌ی رابووردو ، هه‌ڵۆ به‌توانا‌کانمان‌توانیان شه‌ش نیشانه‌ی ده‌ریایی گه‌وره له خواروی‌دوورگه‌ی خه‌رج پێکن‌و به‌و جۆره گه‌مارۆدانی توندی به‌نده‌ره‌کانی دوژمن به‌رده‌وامه و له دوای هه‌موو هه‌ڵمه‌تێ هه‌ڵۆ به‌توانا‌کانمان به‌سه‌لامه‌تی به یشتیوانی خوا ده‌گه‌ڕانه‌وه بنکه‌کانی خۆیان :

هه‌ر له‌م هه‌فته‌یه‌دا تۆپه ته‌یاره شکێنه ئازا‌کانمان فڕۆکه‌یه‌کی دوژمنیان له که‌رتی میسان خسته خواره‌وه .

بنکه تۆپه‌کانمان به‌رده‌وام بوون له ئاگرباران کردنی بنکه‌و سه‌نگه‌ره‌کانی دوژمن‌و راسته‌وخۆ نیشانه‌کانیان‌ده‌پێکاو ترس‌و له‌رزیان خسته دڵی هێزه‌کانی دوژمنه‌وه‌و چه‌ندان سه‌نگه‌ریان به‌سه‌ردا روو‌خاندن .

هیلیوکۆپته‌ره به‌توانا‌کانمان‌ئه‌م هه‌فته‌یه چه‌ندان هه‌ڵمه‌تی ئازایانه‌یان بردۆته سه‌ر بنکه‌و‌مۆڵگاکانی دوژمن‌و توره‌یی عیراقییه‌کانیان به‌سه‌ریاندابارانده‌وه .

له که‌رته‌کانی تری به‌ره‌ی‌جه‌نگ جه‌نگاوه‌ره‌کانمان به چه‌کی هه‌مه جۆر له دوژمنی‌ناره‌سه‌نی ئێرانیان داوه‌و چه‌ندانیان له هێزه‌کانیان‌کوشتوه‌و بریندار کردوه .

له‌م هه‌فته‌یه‌دا شه‌پۆلی‌راکردن له دۆزه‌خی خومه‌ینی جادووگه‌رو له ریزی‌سه‌ربازه‌کانیان‌و مه‌ده‌نیه‌کان به‌رده‌وام بوه‌و چه‌ندان‌ده‌سته‌یان هاتوون‌و خۆیان داوه به‌ده‌ست هێزه‌کانمانه‌وه‌و به‌سه‌لامه‌تی گه‌یاندوبانته‌ته هێڵه‌کانی پشته‌وه .

پێکانی شه‌ش نیشانه‌ی دریایی گه‌وره له خواروی دوورگه‌ی خه‌رج‌دا

قسه‌که‌رێ به‌زمان دی‌کویلاره‌وه :

لیژنه‌ی ده‌وڵه‌تی بۆ سه‌یرکردنی باری دیله‌کانی جه‌نگ به دڵنیایی ته‌واوه‌وه له عیراقدا کار ده‌کات

قسه‌که‌رێ له جیاتی‌ئه‌میندارى گشتی نه‌ته‌وه‌ی به‌گرتوه‌کان جافییر بێریزدی‌کویلار ، دووپاتی کرده‌وه که لیژنه‌ی ده‌وڵه‌تی بۆ سه‌یرکردنی باری ژیانی دیله‌کانی شه‌ر له عیراق‌وئێران به‌دڵنیایی ته‌واوه‌وه به‌رده‌وامه له کاروباری له‌عیراقدا .

قسه‌که‌ره‌که له به‌یانێکا له باره‌گای نه‌ته‌وه‌ی به‌گرتوه‌کان له به‌رده‌م رۆژنامه‌نووسه‌کاندا خوێندیه‌وه رونی‌کرده‌وه که ئه‌و لیژنه‌یه‌ی له سێ کاربه‌ده‌ستی ده‌وڵه‌تی پێک هاتووه له‌گه‌ڵ به‌ڕێز طارق عزیز جێگری سه‌ره‌ک وه‌زیران وه‌زیری ده‌ره‌وه‌و ژماره‌یه‌ک له کاربه‌ده‌ستاندا گۆبونه‌ته‌وه‌و له کاروباریان دواون .

قسه‌که‌ره‌که دووپاتی‌کرده‌وه که حکومه‌تی عیراق سه‌رله‌نوێ به‌ڵێنی داوه به هاریکاری ته‌واو له‌گه‌ڵ ئه‌میندارى گشتی نه‌ته‌وه‌ی به‌گرتوه‌کان‌و لیژنه‌ی ده‌وڵه‌تی بۆ زامن کردنی هه‌موو ڕێ ئاسان‌کردنێکی ئه‌ر که‌کانیان .

راشی‌گه‌یان لیژنه‌که سه‌ری له پێنج ئوردوگای دیله ئێرانیه‌کان داوه‌و بریاره دوای سه‌ردانه‌که له به‌غدا به‌ره‌و تاران بکه‌وێته ڕێ بۆ زانینی باری ژیانی دیله‌کان له هه‌ردوولا .

سه‌رنه‌که‌وتنی رژێمی خومه‌ینی له دواهێنان به مانگرتنی کرێکاران

ده‌سته‌یه‌ک پاسداری‌خومه‌ینی به‌سه‌ربه‌رشتی ناوبراو به حسین ذوالفقارکه‌یکه له‌حه‌لاده‌کانی به‌دیعنانه‌ی نیفین‌و نرنگی‌جه‌لادی ناسراو لاجوردی‌یه په‌لاماری کرێکارانی کارگه‌ی‌چنین‌و رستنی کره‌جیان داوه که‌له‌ئه‌نجامدا ژماره‌یه‌ک له‌مه‌ردوو لایان بریندار‌بوون.

پەسداره ره‌گەز پەرستەکان نەیانتوانیوە کرێکارەکان ناچار بکەن بەدوایی‌هێنانی مانگرتنەکەیان هەرچەند هەرەشەی سزادانی توندیان لێ‌کردوون .

ئەو کرێکارانە مانیان گرتوە داوای چاکردنی باری ژیانیان‌و زیادکردنی کرێ دەکەن .

ئەوەی شایانی باسە لەم‌دوایەدا زنجیرەیەک مانگرتن لەزۆر شاری ئێراندا رووبان داوە کەبەیەکخستنی کاروو بەرهەم لەکارگەکاندا شکاوەتەوە .

ئەمەو کرێکارانی ئێران لەباربکی زۆر گراندا دەژین‌و زامنی ژیانی کۆمەڵایەتی‌و تەندروستیان نیەو موچەیان کەمە وە زۆربش لەشارەزایانی کارگەکان رایان کردوە هەڵەتیان بردۆتە سەر دوو بنکەی سوپای لوبنانی فداروی بەکری‌گیراوی زایونی دوژمن لەجۆیاو حبوشی خواروو زیانی سەرومالی زۆریان پێ گەیاندون .

کارمل هیرش دەباتە سەر رژێمی خومەینی

سەرەکی ئەفغانستان بابراك کارمل هێرشێکی توندی بردە سەر رژێمی ئێران بەهوی دەستوەردانیەوە لە کاروباری ناوخۆی ئەفغانستانەوە .

کارمل لەبەیاننامەیەکدا کەلەرادیوی کابڵەوە بڵاو، کردەوە سەرلەنوێ ئێرانی تاوانبارکرد بەوەی مەشق بەچەکداران دەکا لەخاکەکەیدا بۆئەوەی کاروباری دژ بە ئەفغانستان بکەن .

ئوردوگای دهیشه دەچێ بەگژ داگیرکاراندا

دەستەڵاتداریتی زایونی رێگای ئوردوگای دهیشەی لەسەر رێگای قدس بیت‌لحم لەبەرەی رۆژئاوا تەنیوە لەتەقەللایدا بۆ بەرەنگاری بزوتنەوەی بەرگری دانیشتوانی ئوردوگاکە بەرووی داگیرکاراندا .

زایونیەکان ئەم هەنگاوەیان دوای ئەوە ناوە کە هاووڵاتیە عەرەبەکان دەستیان کردوە بەبەردە باران کردنی هەر ئوتوموبێلیکی دوژمندا بەو ناوەدا رەت بوایە .

فراوان بوونی ئارەزایی دەربرین دژی تاوانەکەی رژێمی ئێران

کۆمەڵەی پارێزەرانی بەحرین ئارەزایی توندی دەربری‌وە بەرامبەر کاروباری درندانەو نامرۆڤایەتی رژێمی خومەینی‌رەگەز پەرست کە دژی دیلە عیراقیەکان دەیکا .

هەروەها قوتابیانی‌بزوتنەوەی سۆشیالستی سەنگال ئارەزایی بەرامبەرتاوانە بێ ئابروانەکەی رژێمی ئێران دەربری‌وە کەکوشتنی دیلە عیراقیەکانە لە ئوردوگای گۆرگان .

دیسان رۆژنامە نووسەکانی‌موریتانیا ئارەزاییان بەرامبەر بەم تاوانە دەربری‌وەوسڵاویشیان‌لە مەردایەتی‌و خۆراگرتنی گەل و سوپای‌عیراق کردوە لە بەرەنگار بوونەوەی ئازایانەیان دژی‌دەستدرێژی رژێمی ئێران .

داواکردن بەراپەراندنی پەیمانی تایبەتی جنیف لە مامەلە کردندا لەگەڵ دیل

ئەکسندەر های سەرەکی لیژنەی خاچی سووری دەوڵەتان دوای بەشدار بوونی لە کۆ بوونەوەی لیژنەی هەمیشەیی مانگ‌و و خاچی سووری دەوڵەتان لە عمان گەرایەوە بۆ جنیف .

کۆ بوونەوەکە بانگەوازێکی ئاراستە کر دوە بۆ راپەراندنی پەیمانی تایبەتی جنیف لە رووی مامەلە کردنەوە لەگەڵ بەدیل گیراواند لە کاتی شەردا .

دوو هەڵمەتی بزوتنەوەی بەرگری نیشتمانی لە خواروی لوبنان

جەنگاوەرانی بزوتنەوەی بەرگری نیشتمانی لوبنان بەساروخ‌و چەکی مەترەلدیز هەڵمەتیان بردۆتە سەر دوو بنکەی سوپای لوبنانی فداروی بەکری‌گیراوی زایونی دوژمن لەجۆیاو حبوشی خواروو زیانی سەرومالی زۆریان پێ گەیاندون .

ئێرانی تلیاك

راپۆرتێکی ساڵانەی دەزگای چاودێری تلیاك لە جیهاندا دووپاتی کردۆتەوە داواکاری ماددەی هیرۆیین لەئێران گەیشتۆتە ٨٠٠ تەن راپۆرتەکە دەڵێ لە ئێراندا ٥٠٠ هەزار تلیاك خۆر هەن و ١٠٠ هەزارلە لاوان بەردەوام ئەم ماددەیە وری کردوون .

یاخی‌بوون لە ریزی پاسدارانی خومەینی‌دا

٢٠٠ کەس لە پاسدارانی‌خومەینی لە سەرکردەکانیان یاخی بوون دوای ئەو شەڕەی‌لە شاری بابول لە پارێزگای مازندەرانی باکووری ئێران‌لە ناویاندا قەوماوە .

رادیۆی موجاهیدی‌ئورگانی رێکخراوی کە ئەو شەرە دوای ئەو گۆڕانانە بوەکە لەناو سەرکردەکانی پاسدارانی خومەینی‌دا کراوەوژمارەیەك لە پاسدارەکان پێی رازی نەبوون هەندێکیان‌رەفزیان کردوە بچن بۆ بەرەکانی جەنگ .

رادیۆکە وتی رژێمی ئێران‌ئەو یاخی‌بوانە دەدات بە محکەمە ، هەروەها شارەکانی‌گورگان‌و بوشەهرو ئەسفەهان‌و شیراز رووداوی‌یاخی‌بوونی‌بەو جۆرەیان تیا قەوماوە .

کۆیت ساروخی سۆڤیەتی وەردەگرێ

فەرماندەی هێزی ئاسمانی کۆیت رای‌گەیاند کە وڵاتەکەی لەم دواییەدا ساروخی زەوی ـ ئاسمانی سامی ژمارە ٧و سامی ژمارە ٨و ستریلا ٢و ستریلا ٣ی لەیەکیتی سۆڤیەت وەرگرتووە لەجیاتی ساروخی ستینگر لەئیدارەی ئەمەریکا رەفزی کرد بیدات بەکۆیت .

عمید عبدالعزیز غانم لە گفتوگۆیەکدا لەگەڵ گوفاری هێزی چەکداری کۆیت « حماة الوطن »دا وتی دەستەیەك لە عەسکەریەکان ئێردراون‌بۆ یەکیتی سۆڤیەت‌و میسر بۆ مەشق‌کردن لەسەر ئەم ساروخانە .

بەکورتی

تونس :

سەرەکی تونس حبیب بورقیبە نامەیەکی لە سەرەکی سەنگالەوە پێ‌گەشتوە کە دەربارەی هاوکاری نێوان هەردوو وڵاتیانە .

پاریس :

رۆلاند دۆماس وەزیری دەرەوەی فەرەنسا لە کۆتایی ئەم مانگەدا سەر لە واشنتۆن دەداو چاوەڕێش ئەکرێ مانگی داهاتوو بچێ بۆ یەکیتی سۆڤیەت .

عمان :

واسوکی مایاکی بەرپوەبەری گشتی لە کاروباری رۆژهەڵاتی ناوەراستدا بە سەردانێکی رەسمی گەیشتە عمان .

واشنتۆن :

وەزارەتی بەرگری ئەمەریکا رای‌گەیاند کە نیازی وایە ٧٧٩ ساروخی فرۆکە شکێنی جۆری باتریوت بفرۆشی بە ئەڵمانیای رۆژئاوا.

Institut Kurde de Paris

ئازادە ڕەش .. بیست ساڵە هاوڕێی تۆپە

نیازی حەمەعزیز

(وەرزش)یش .. وەك و هەموو چالاکی‌یەکانی ژیان دیاردەیەکی زیندووە و سەرچاوەیەکی تین و ووزەو ساغی لەشی مرۆڤە .. خۆ ئەگەر لە سەر بناغەیەکی زانستی‌یانە و درووستیش پەرەی پێ بدرێ ئەوا دەتوانین بڵێین لە ڕیزی هونەرە جوانەکان شوێنی خۆی دەکاتەوە .

ئەو کەسانەش کە دلسۆزی ئەم لایەنەن و ماندوو بوون دەچێژن بۆ بەرزکردنەوەی درووشمی [وەرزش نامەی ئاشتی و برایەتی‌یە] .. شایانی ئەوەن مێژووی مرۆڤایەتی باوەشی میهر و نوازشیان بۆ ئاوالا بکاتەوە .

یاریزانی لاو (ئازادمیرزا) کە بە ئازادە ڕەش ناسراوە یەکێکە لەو شۆرە سوارانەی لەو مەیدانەدا ئەسپی خۆی تاو داوە و گەورە و بچوك لە ئەویندارانی «تۆپ» بە توانا مەزنەکەی ئاشنان . لە گفت‌وگۆیەکی کورت دا گوتی :

[بۆ یەکەمین جار لە ساڵی ١٩٦٤ بۆ هەڵبژاردەی ڕانیە چوومە یاریگاوە ، ئێستاش ڕاهێنەر (مەدرب)م و بەردەوامیشم لە یاری کردن. لە چوار خولی پاڵەوانێتی قەزاکانی سلێمانی بەشداریم کردووە کە توانیومانە ـ٣ـ جار کاسەکە وەدەست بهێنین خێزانەکەمان هەموو وەرزشین و ئێمە (٩) برایەو گشتمان لە تیپی هەڵبژاردەی ڕانیە یاریمان کردووە ..] لەو شتانەی کە بە درێژی تەمەنم خۆشم ویستوون (تۆپ)ە . هیوای بەرزیشم ڕاهێنانی تازە پێگەیشتووانە بۆ بنیات نانی گیانی برایەتی‌و خۆشوویستن لە نێوان ڕۆڵەکانی ئێمەو مبللەتان دا].

وەرزش لەهەندەران وێنەی یەکەم

باری‌زانی ئەڵمانیای دیموکرات ئوفی‌هون نازناوی «وەرزشەوانی ١٩٨٤»ی وەرگرت ئەم یاری‌زانە لەڕم هەڵداندا ژمارەی ئولومپیای تێپەڕان کە ١٠٠ مەترەو ئەم گەباندیە ١٠٤٫٨٠ مەتر .

وێنەی دووەم :

دبسان لەئەڵمانیای دیموکرات مەلەوان دبرك ڕانیهتر لەشاری درسدن ٥٦٫٠٥ چرکە لەپێشبڕکێی ١٠٠ مەتربدا لەسەر پشت بەمەلە تۆمار بکات .

لەسلێمانی :

کرێکاران لەپۆلیسیان بردەوە

تیپی وەرزشی کرێکارانی سلێمانی بەسەر تیپی هەڵبژاردەی پۆلیسی سلیمانیدا بەیەك گۆڵ بەرامبەر بەهیچ سەرکەوت. ئەویش لەو یاریەدا بەبۆنەی جەژنی پۆلیسەوە کراوباریەکە لەیاریگەی ئیدارەی محلی سلیمانی کراو تیپی کرێکاران لەگێمی دووەمدا گوڵەکەی کرد .

مۆمێکی گەشتر بۆ « هاوکاری »

● مۆمێکی‌تر کوژایەودو یەکێکی نوێ داگیرسا لە تەمەنی گەنجانەی «هاوکاری» ... ئەو ڕۆژنامە هەناسەدرێژەی کە هەمیشە قوتابخانە دەبێ بۆ نەوەی نوێو نوێتر .. خۆشەویستی «هاوکاری» وەنەبێ عەشقێکی سەر ڕێگایانە بێو بەسەربچێ ... نەخێر ئەمە عەشقی شەوەنخونی‌و یادگارو تاڵو شیرینیە ...

لە هەموو قۆناغەکاندا «هاوکاری»بۆتە ئەو تیشکە زێرینەو چۆتە ناوچاوی تاریکی‌یەوەو ووشەی پیرۆزی کوردی گەیاندۆتە مەلبەندی دوورو نزیك ..

● بۆ چەند ساڵێکیش دەچێ منیش بوومەتە یەکێك لەوانەی شەونخونی بە « هاوکاری »یەوە دەچێژێو هەواڵو ڕیپورتاژو شیعرو وتار لە شارێکی کوردستانەوە دەنێرم بۆ لاپەڕە ڕازاوەکان..

ئەوەی هەندێك جار لە ژیانی ڕۆژنامەنوسیدا سەرەنج ڕادەکێشێ بەتایبەت لەلای پەیامنێرەکانەوە ڕووبەڕووبوونی هەندێك کەس دەبینەوە کە لوتفو کەرەمی ئەوەندە خۆش‌و بەلەزەتە مرۆڤ حەز دەکات هەمیشە لەگەلیاندا بەپێچەوانەی هەندێك لەوانەی کە هەموو کاتێك خۆیان لە ڕۆژنامەس دوور دەخەنەوە وەك مرۆڤی ڕۆژنامەنووس بەلای ئەودود گیان لەبەرێکی ترسناك بێت، نەخێر کەس لەگەڵ ئەم ڕایە نیە . بەڵکو ئەو ئینسانەی کە خۆی لە ڕۆژنامەنوس دەشارێتەوە ترسنۆکە ... بۆیە ئەوە دەڵێم لە ژیانی ڕۆژنامەنووسیمدا ئەوە هەڵوێستانەم هاتۆتەرێ ..

● گرنگ «هاوکاری» وەك ڕۆژنامەیەکی زیندوو دەچێتە هەموو شوێنێك‌و هەرکەسێش بە ڕۆشنبیریەت‌و ئەخلاقیەی ڕۆشنبیرانە موعامەلەی لەگەڵ دەکات .. ئەوەی بەم شێوەیە مامەڵەی لەگەڵ ناکات ... دیارە ساڵی‌جارێك ڕۆژنامەیەك ناخوێنێتەوە ، چونکە مرۆڤی ڕۆشنبیر هەموو شتێك دەخوێنێتەوە ...

دیسان «هاوکاری» ساڵێکی نوێت پیرۆزبێ‌و قەلەمەکانت دوانەکەون لە پێناو بەرژەوەندی هەموو لایەن ..

ناظم دئبەند
هەولێر

بانگەواز ـ پاشماوە

ئاژانسی دەنگوباسی عیراق زانیویەتی کە بەیاننامەکەی بەریوەبەریتی تعبیئەو احصاء لەوەزارەتی بەرگری هەموو موکەلەفەکانی خزمەتی ئیلزامی ئەگرێتەوە لە لەدایکبوانی ١٩٤٧وە تا ١٩٥٧ کەتەسریح بوون‌و خزمەتی ئیحتیاتیان نەکردوە کاتێ موالیدەکانیان بانگ کراوە بەهۆی بەردەوامیان لەخزمەتی ئیلزامی‌و بریاری وەستاندنی تەسریحیان بەسەردا نەچەسپاوە .

دیسان بەیاننامە کەموالیدی ١٩٤٩ ناگرێتەوە کە تەسریحبوون دوای بەجێهێنانی خزمەتی ئیحتیات ئەوانەیان نەبێ کەخزمەتی ئیحتیاتیان نەکردوە .

دیسان ئاژانسی دەنگوباسی عیراق زانیویەتی کەراسپاردە تایبەتیەکان بەئیستیسناءو دواخستن‌و ئینتیداب کەلەبریارەکانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆرش‌و بریارە تایبەتیەکاندا هەیەو هەموو ئەخشەکانی سوق بۆ هەموو مەوالیدەکان هێشتا کاریان پێدەکرێ‌و بەیاننامەکەی بەرێوەبەریتی تعبیئەو ئیحصاء نایانگرێتەوە .

پرۆتینی ـ پاشماوە

ـ سووتانی لەش (چونکە ڕێژەیەکی زۆر بەهۆی وون‌کردنی پلازمای خوێن لە دەست دەچێت) .

ـ هەندێك جار پرۆتینەکان لە منداڵی‌یەوە بە ڕێژەیەکی کەم لە لەشی مرۆڤەکەدا هەن‌و ،بەتایبەتی جۆری گاما گلۆبیولین‌و فایبرینۆجین (کەئەوە کەمی‌یەش کاریگەری‌یەکی زۆری بەسەر خاوەنەکەی چونکە هیچ جۆرە بەرگری‌یەکی نابێت دژی بەکتریاکان‌و ،هەروەها کاتێك خوێن پژانێکی لێ ڕوویدات بە ئاسانی ناگیرسێتەوە) .

٢ـ زیاد بوونی پلازما پرۆتین hyper protenemia

پروتین لە لەشی مرۆڤ دێژەی زۆر دەبێت بەهۆی .

١ ـ کەم بوونی ئاوی لەش (Dehydration)

(ئەوکەم‌بوونە لەوانەیە بەهۆی ڕشانەوە (vomiting) ڕەوانی (Diarrhia) ، زۆرمیزکردن micturition ئارەقەکردن‌و Sweating ،تالی‌هاتن Fiver ..هتد. .

٢ ـ چەند نەخۆشی‌یەکی درێژ خایەن بە تایبەتی (نەخۆشی‌یە درێژخایەنەکانی جگەر chronic hepatic diseor

سەرچاوەکان

1- W.F. Ganong, Review of medical physiology 9th Edition, 1979.
2- Guyton, Text book of medical physiology, Fifth Edition, 1971.

هونەرمەندیت ـ پاشماوە

مەسەلا نامێت هاتی‌نە بەحس کرن مەسەلەکا درێژەو هەژی ڕاوەستانەکا کوبرە نێ ئەگەر ئەو نامە دراست‌و دروست بن. فێجا ئەو ڕەخنێ گهوری ژکەساتی‌یا شوبان نیشامە ددەن‌و پێتقی‌یە کو بێنە شروڤەکرن. بێ گومان بەلاڤ کرنا چەند قەفتکەکا ژوان کاغەزا بوی ڕەنگێ هاتی‌یە دانان‌و نفیسین دبەرتوکا خانمێدا ... خینده‌فانی ددانێت بێ ڕاست کو گومانا ڕاستی‌یا بەحسێت هاتی‌نەکرن ببەت‌و ببیتە ئێخسیرێ هرزەکا ژار ئەوا ڕێزکێت هرزێت وی سێل‌و بێل دکەن کو بێژیت ئەڤ بەرتوکە خەرج بونیەکا باش نابینیت ئەگەر نەبەنی‌یێت کرنگ ژهەستابێت «جنسی» تێدا نەبن، ئەو هەستانێت ژبانا شوبانێ بلیمەت وەرێچاین .

* * *

ژێدەر: گوفارا «الاقلام» هەژمارا (٤) لسالا ١٩٧٩

* * *

ڕوونکردنەوەیەك ـ پاشماوە

مصطفی صالح کریم ـ بناسین دەست بەجێ وەك ئینسانیکی ویژدان تیاماو بێ لە هەڵەی ئەدەبی خۆی ئەنێ‌و زۆری پێ‌خۆش ئەبێ کە ڕەخنەی ئەناوا برایانەی لێ‌بگیرێ لەرێی ئەدەبێکی پوختەی سبەی ڕۆژی کوردیدا](٢) دوایی دێتە ناوەڕۆکی باسەکەو باسی ئەوە دەکات چۆن کاك مستەفا دەقاو دەق چیرۆکی « چەندم لێ‌ئەسێنی » وەرگرتوەو دەڵێ سەیر ئەوەیە ئەم چیرۆکە لە گۆڤاری شەفەق ژمارە ٧ی تەمووزی ١٩٥٨دا پاداشتی دووەمی ـ بێگومان وەك چیرۆکی کوردی ـ ع ـ وەرگرتووە جا بەسەر سوورمانەوە دەپرسێت چۆن ئەمە بەسەر خوالێ‌خۆشبوو محرم محمد امین‌و مامۆستا مارف خەزنەدارو .. هتددا کە لیژنەی هەڵسەنگاندن بوون ڕەت بووە ؟ دوایی خۆی بەرگری لەوان‌و تا ڕادەیەك لە کاك مستەفاش دەکاو دەڵێت : **[یان بە عەرەبی نەیان دیوە ـ واتە چیرۆکە ئەصلەکە ـ ع ـ یان بیریان بۆ ئەوەنە چووە کاك مصطفی شتی وابکا](٣)** . دوایی دەنووسێت‌و دەڵێت **[چیرۆکەکە هی مامۆستا ـ محمد حمدی ـ یە لە ژێر ناوی « کم تدفع ؟ » بە زوبانی عەرەبی لە گۆڤاری ـ قصص للجمیع » کە ساڵی ١٩٥٠ دەرچووە لە لایەن « شرکة التوزیع المصریە » لە قاهیرە لە ل ٩١ بڵاو کراوەتەوە](٤)** لەدوایدا نووسەر بەم چەند وشەیە دوایی بە وتارەکەی دێنێت **[جا توخوا کاك مصطفی ڕاست ناکەین ئەگەر ئەڵێی نەء با بە زنگفراف بۆت چاپ بکەین کورد وەتەنی خوا ڕاستەو ڕاستی خۆش ئەوێ](٥)** .

دووەم : دوای ئەو ژمارەیە بە دوو ژمارە واتە ـ بڕوا ژمارە ٢٤ لە ١٩٦١/١٢/١١دا ـ هەر هەمان برای نووسەر وتاریکی تری نووسیووە بەناونیشانی **[کاك مصطفی صالح کریم هەر مامۆستا محمد حمدی نیە بەڵکو ـ ئالفوونس دودیە]**بەشە . دوای ئەوەی باسی وتاری یەکەم بیر دەهێنیتەوە دەڵێت : **[کاك مصطفی تا ئێستا نە دەنگی هەبوو نە پێشی لە هەڵەکەی خۆی‌نا دبارە بێ‌دەنگیەکەی لەلا باشتر بوو لە ڕێگایەکی تر](٦)** دوایی بە بەڵگەوە باسی ئەوە دەکات چۆن کاك مستەفا چیرۆکی « نیشتمانی جوان »ی کردوە بەهی خۆی‌و دەڵێت **[نیشتمانی جوان بەپێ‌نووسی مصطفی صالح کریم کورتە چیرۆکێکە لە ژێر ناوی ـ ئەدەبی ڕەمزی ـ لە ل ١٤ی گۆڤاری شەفەق ژمارە (٢) ساڵی (١) بڵاوکراوەتەوە](٧)** تا ساغی دەکاتەوە ئەم چیرۆکە لە « قصص مختارە من الادب الفرنسی »(٨) وەرگیرێ سهیل ایوبەوە وەرگێراوە ئینجا دەڵێت : **[ئەوەی نیەتی ـ واتە ئەو کتێبەی نیە ـ ع ـ لە کتێبخانەی گشتی لە لیستەی ٤٨٠ ژمارەی کتێبەکە (٤٥)ە لە ل ٦٩دا بەناوی ـ الدرس الاخیر ـ ەوە نووسینی ئالفونس دودیەدا بڵاوکراوەتەوەو]** مانی کاك مستەفای پێوە نیە .

سەرنجێك : مامۆستایەکی دیارو بەرێز لە دنیای ئەدەبی ئەم سەردەمەماندا بەبەڵگەوە بۆی ڕوونکردمەوە کە برایەکی چیرۆك نووس لەم دوایەدا دەقی عەرەبی ـ واتە ئەصڵی ـ چیرۆکی ـ دەستم دامێت کلیلە بۆر ـ کە کاك مصطفی بەناوی خۆیەوە بڵاوی کردۆتەوە دەستی کەوتووە هیوادارین تاقەتی ئەوەی هەبێت ئەو ڕاستی‌یە بۆ خوێنەران ئاشکرا بکات(٩) .

● لە کۆتاییدا :

کاك مستەفا خۆی یان هەر کەسێکی تر لە جیاتی ئەو بیەوێت وەڵامی من بداتەوە دەبێت وەڵامی دوو پرسیاری دیار بداتەوە کە لەم نووسینەو نووسینەکەی پێشووەدا وروژان :

١ ـ ئایا من ڕاست ناکەمو کاك مستەفا ئەو چیرۆکانەی وەرنەگرتووەو زادەی بیری خۆیەن ؟ ساغی بکاتەوە .

٢ ـ وەك ئەنجامی وەڵامی پرسیاری یەکەم ئایا ڕاستە کاك مستەفا لە ١٩٦١ ـ ١٩٧٠ لەبەر بارو دۆخی ڕۆژگار لە چیرۆك نووسین وەستا ؟ باشە چۆن ؟

هەر نووسێنك وەڵامی ئەم دوو پرسیارەی تیا نەبێت من بەش بەحاڵی خۆم گوێی لە ئاستدا کەر دەکەمو ڕێزم بۆ بیروڕای هەموو برایەك هەیەو لە خۆشەویستی بەولاوە هیچم لەدڵدا بۆ کەس هەڵنەگرتوەو چی چاکە خوا ئەوەمان بۆ بکات .

● پەراوێزەکان :

(١) ڕۆژنامەی ـ بڕوا ـ ژ ٨ لە ١٩٦٠/١٠/٢٦دا .

(٢ ، ٣ ، ٤ ، ٥) ڕۆژنامەی ـ بڕوا ـ ژمارە ٢٢ لە ١٩٦١/١٠/٢٨دا .

(٦ ، ٧ ، ٨) ڕۆژنامەی ـ بڕوا ـ ژمارە ٢٤ لە ١٩٦١/١٢/١١دا .

(٩) ئەصلی چیرۆکی « دەستم دامێنت کلیلە بۆر » عەرەبیەکەی [مفتاح الحظ]ەو نووسەرەکەی اسماعیل حبروکەو دیسان میسریە .

● سەرنج :

ئەوەی شایانی باسە کاك مستەفا ساڵح کەریم ئەم کاری چیرۆك وەرگرتنانەی لە قۆناغی هەرزەکاری ـ مراهقە ـ ی ئەدەبیانەکردوە تا بڵێین هەرزەکاربوەو حەزی ئەو هەرزەکاری‌یە هانی داوە لەبەر ناوو ناونیشان وابکات بەڵکۆ لە قۆناغی هوشیاری‌و پێ‌گەیشتووی تەواودا وای کردوە بۆ نموونە ئێمەو مانان لە بیرمە کە منداڵ بووین لە قۆناخی خوێندنی سەرەتایدا هەر لەبەر ئەوەی ناوی خۆمان وەك دەڵێن لە « جریدە »دا ببینن شتمان لە گۆڤارە کۆنەکان دەردەهێناو دەمان نارد بۆ گوشەی « لەم لاو لەو لا »ی ڕۆژنامەی ژین لە ناوەڕاستو کۆتایی پەنجاکاندا .

گەشتێك ـ پاشماوە

بۆ ناسینی تەواوەتی بە خوێندەواری بەرێز ، نووسینیکی دورو درێژی پیویستە).

دیهاتەکانی (ناحیەی تانجەرۆ) زوربان بە کشتو کاڵی زستانەوە خەریکن بەتایبەتی گەنم‌و جۆ کە لەم ناوچەیەدا بەرهەمێکی زۆری هەیە ، دوای ئەوەش ترتن لە دیهاتەکانی ئەو بەربەوە کە بەقەدو دامینی شاخی قەرەداخەوەن ، چونکە نەختێك فێنك‌و ئاوەکەیان کانیاوە وچەم نی‌یە ، تونەکەی خراپ نی‌یە .

عەربەتی سەرەوەو خوارەوە کە ئێستا بوون بە شار ، ئەوسا وا نەبوون ، بەتایبەتی عەربەتی سەرو سێ مالی زیاتر لێ نەبوو ، لە دوایدا کە (مەجید یەعقوبی) بوو بە (متصرفی سلێمانی) فەرمانی‌دا (سەرا)و (مالی مدیر ناحیە) و دوای ئەوانەش (طاوولەی سواری‌ی) بان دروست کرد. شتی تر تەنها چایخانەیەکی قوررینە نەبێت هیچی تری لێ نەبوو ، ئێستا هەر بەریز دوکان‌و چیشتخانەو قوتابخانەوە بەنزینخانەو کەراج‌و ... شتی تری تیدایە . عەربەتی خواریشەوە ئەوسا هەر چۆنێك بێت دوو سەد مال نە ئەبوو ، دە ئێستا بووە بە شاری تەواو. ئەم جارە بێتەوە باسی فولکلورو دوبشکی عەربەتتان بۆ ئەکەم لەگەڵ جیماوی کۆن لە ناوچەکەدا .

پەرسیف ـ پاشماوە

دەنگ‌بۆزێ و ئاف ژ کەپێ‌هاتنێ و گەروی هشکی و تەحلیێ ، پاشی پەرسیف گەرویێ کولدکەت و دو ڕۆژان قەدکێشێت ، لێ ئاف‌هاتنەخار دبت دورسێ هەفتیان قەکێشت ، د دویڤدا بەکتریا دێ هێن گوهێ‌نافێ و بۆڕیێد بای و قوبخالکێد گەپێ کول‌کەن .

پلێد پەرسیفێ :ـ

پەرسیف چوار پلەنە :ـ

١ ـ ژێرپەرسیف (پەرسیڤا نهین) : لێرە قایرەس یێ‌هاتیە خودانی لێ هێژ نیشان نەخوایە .

٢ ـ سفکەپەرسیف : دو ڕۆژان قەدکێشت و لێرە ئاف ژ کەپێ‌ی دهێت‌خارێ و گەروی و کەپی‌کول‌دبن .

٣ ـ پەرسیڤا نافێ : هەر وەکی یا بەرێ دگەڵ ژانەسەرێ ، تەمبەلیێ ئانکو سستی و خافیێ ، لەش‌گەرمیێ ، خوهدانێ و پاشی لەش لەرزینێ .

٤ ـ پەرسیڤادژوار : لفێرە ژی وەکی پێشان دگەڵ گەلەك بلندبونا پلێد کەرمیێ.

چارە ژپەرسیفێ : ـ

چارەك ئێك‌وئێك نینە بۆ پەرسیڤێ لێ دوبرکەتن ژ دەرمانا باشە ، چنکی دەمێ چاك‌بونێ هەر ئێکەچ دەرمانا بخۆی بان نەء ب تایبەتی ئەنتی‌بایۆتیکان (antibiotics) لێ گەر نەخۆشی ،نەخۆشیا دلی هەبت بلا بخوت دا توشی بەکتریا و نەخۆشیێد مەزنتر نەبت هندەك کەس دەرمانێد دلوپدلوپ ب کاردهێنن و ئەفە ژی خرایە چنکی دبت ئەگەرا ئێکگرتنا پەردا نافدای کەپێ ، لێ دەرمان بلا ب‌کاربهێن گەر کەپی خەتمی (مسمت) بت یان جۆکا ئوستاکی هاتبت گرتن. ئافا تێن‌شیر باشە بدەینە زاڕۆکی گەر پەرسیف هەبت هەروەسا ڕاپێچان ژی باشە و شیرەبا (عصیر) فێ ی ب‌تایبەتی پرتەقالان (ژبەر ڤیتامین ـC ـ تێدایە) بدەینێ گەلەك باشە ، هەروەسا ئەسپرین و پاراسیتامۆل ژی باشن گەر سەرئێش ڤیرابت دەربارەی (فاکسینان) هەتا نهۆ نینن ل هندەك درا نەبت، ئەو ژی دژی زێدەبوونا قایرەسان کاردکەت .

خۆپاراستن ژپەرسیفێ :ـ

هەر وەکی دبێژن خۆپاراستن چێترە ژ چارەکرنێ؛ خوەپاراستن ژی ئەوە تێکەلی مرۆڤێد پەرسیفی نەبن ب‌تایبەتی ل ڕۆژێد ئێکێ چنکی هبنگێ خوەش فەدگرت ؛هەروەسا مرۆڤێد هەردەم پەرسیفی دڤێت بچنە نك دختوری بۆ لێنێرینا کەپێ و کەرویێ دا بزانت : کول‌بونە بان زێدەگوشتەك هەیە. ژبۆ چارەکرنێ و قورتال بونێ. لێ ڕێکا ژ هەمیان باشتر ئەوە دویرکەتن ژ سەرمایێ . ب‌تایبەتی دەمێد ودرگەریانێد سەرما و گەرمیێ .

Institut kurde de Paris